حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی ڕاگەیاندن

# ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەهەرێمی کوردستان

## (لەسەردەمی بڵاوبونەوەی کۆڤید ١٩)

نامەیەکە خوێندکار

شاکار عبدالقادر محمدأمین

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن - تەلەفزیۆن

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د.سلام نصرالدين محمد

٢٧٢١ ك ٢٠٢١ ز

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ قَالُواْ سُبْحَانَكَ لاَ عِلْمَ لَنَا إِلاَّ مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ ﴾

صدق الله العظيم

( سورة البقرة)

(الاية-٣٢)

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم ماستەرنامەیەی خوێندکار (شاکار عبدالقادر محمدأمین) ، بەناونیشانی (ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەهەرێمی کوردستان). بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی (ڕاگەیاندن)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی زانستی بکرێت.

واژۆ :

سەرپەرشتیار : د.سلام نصرالدین محمد

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ :

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن : د.سلام نصرالدین محمد

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (شاکار عبدالقادر محمدأمین)، بەناونیشانی (ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەهەرێمی کوردستان)، خوێندەوە وگفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك ولایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارماندا بەپلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لەزانستی (ڕاگەیاندن)دا پێبدرێت.

واژۆ :

ناو : د. حکیم عثمان حمید

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت:       /      / ٢٠٢١

واژۆ :

ناو : د. إبراهيم سعيد فتح الله

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامی لیژنە

ڕێکەوت:       /      / ٢٠٢١

واژۆ :

ناو : د. رضوان خضر علی

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامی لیژنە

ڕێکەوت:       /      / ٢٠٢١

واژۆ :

ناو : د. سلام نصرالدين محمد

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندامی لیژنە وسەرپەرشتیار

ڕێکەوت:       /      / ٢٠٢١

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان / زانکۆی سلێمانی – پەسەندکرا

واژۆ :

ناو : پ. ی. د. إبتسام إسماعيل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان بەوەکالەت

ڕێکەوت:       /      / ٢٠٢١

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

ئەم نامەی خوێندکار (شاکار عبدالقادر محمدأمین)، بەناونیشانی (ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەهەرێمی کوردستان)، پێداچونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەشی کە تیایدابووە ڕاستکراونەتەوە بەوەش نامەکە لە ڕووی زمانەوانی وشێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ :

ناو :

ڕێکەوت: / / ٢٠٢١

**پێشکەشە بە**

- ❖ (دایك)ی ئازیزم، ئەو ژنەی کەبەمیهرەبانی وئامۆژگارییەکانی بەردەوام پاڵپشت وهاندەرم بووە لەهەموو هەنگاوەکانی ژیانمدا.
- ❖ (باوك)ی خۆشەویستم کۆڵنەدەر وماندووم کەپاڵپشت وهاوکارم بوو.
- ❖ (خوشك و برا ) ئازیزەکانم.

شاکار

# سوپاس وپێزانین

❖ سوپاسی خوای گەورە ومیهرەبان دەكەم كەتەمەن ولەشی ساغی پێبەخشیم بۆ تەواوكردنی ئەم ماستەر نامەیە.

❖ بۆ كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەكان/ بەشی ڕاگەیاندن لەزانكۆی سلێمانی كەدەرفەتی تەواوكردنی ئەم ماستەر نامەیەیان پێدام.

❖بۆ زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی / كۆلێجی تەكنیكی كارگێڕی / بەشی تەكنیكی میدیا كەدەرفەتی خوێننیان بۆ ڕەخساندم.

❖سوپاسی بێپایانم بۆ سەرپەرشتیاری توێژینەوەكەم بەڕێز (پ. ی. د. سلام نصرالدين محمد) كە بەردەوام هاوكار ورێنیشاندەرم بووە.

❖سوپاسی تایبەتم بۆ بەڕێز (پ. ی. د. حكيم عثمان حميد)، بۆ هاوكاری تەواوی لەڕەخساندنی هەلی خوێندنم .

❖بەڕێزان خاوەن وبەڕێوەبەری كۆمپانیای (لۆكس ئەیجنسی) شوێنی كارەكەم، كەهاوكارییان كردم لە تەرخانكردنی كات بۆ خوێندنم لەماستەر.

❖بەڕێز(د. ئومێد علی) بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شار كەهاوكاری تەواوی كردم بۆ بەئەنجام گەیاندنی لایەنی مەیدانی توێژینەوەكەم.

❖بۆ خوشكەزای ئازیزم (لیزان دارا) كەبەردەوام هاوكارم بووە بۆ تەرخانكردنی زۆرینەی كاتەكانم بۆ نوسینی توێژینەوەكە.

❖بەڕێز(م. نەبەز أحمد) هاوڕێ ئازیزم كەبەردەوام هاوكارم بووە لەدەست كەوتنی سەرچاوەی پێویست.

❖بەڕێزان(د. فؤاد أحمد ) و(د. ڕێبەر گۆران)، هاوكاریان كردم لە پێدانی سەرچاوەی پێویست.

❖بۆ سەرجەم ئەو دكتۆرە بەڕێزانەی كە كاری هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسیان بۆ كردم.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە بواری تەندروستی داوە کە بابەتێکی هەستیاری پەیوەندیدار بەژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەوە، ئێستا لەزۆرینەی کەناڵە تەلەفزیۆنیە ئاسمانی وناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستاندا، چەندین بەرنامەی تەندروستی پێشکەش دەکرێت وزانیاری تەندروستی دەگوێزنەوە بۆ بینەران، بەئامانجی هۆشیارکردنەوە ورێنماییکردنی بینەران بەمەبەستی هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ خۆپاریزی وبەرەنگاربوونەوەی مەترسییە تەندروستیەکان، لەم ڕوانگەیەوە توێژەر دەیەوێت ڕۆڵی ئەو بەرنامە تەندروستیانە بخاتەڕوو لەکاتی بڵاوکردنەوەی زانیاریە تەندروستیەکان بەئامانجی هۆشیاری تەندروستی کەئەوەش بەیەکێك لەئەرکە دیارەکانی هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن دادەنرێت لە پێدانی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەو ڕوداوو بارو دۆخە تەندروستیانەی کە ڕۆژانە ڕوودەدەن، توێژەر وەك كێشەیەكی زانستی دەڕوانێتە ئەم بابەتە ودەیەوێت بزانێت ئەو بەرنامە تەندروستیانەی لەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە پەخشدەکرێن چ ڕۆڵێکیان هەیە لەو بارەیەوە وتاچەند توانیویانە هۆشیاری تەندروستی بگەیەنن ولەڕووی تەندروستیەوە تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیار بکەنەوە ؟

بۆ ئەم مەبەستە، توێژەر پشتی بە جۆری وەسفی بەستووە کە بەیەکێك لە میتۆدە زانستی و پشت پێبەستووەکان دادەنرێت بۆئەم جۆرە توێژینەوانە، فۆڕمی (ڕاپرسی) بەکارهێناوە، ئەو ئامانجانەی کە توێژەر هەوڵی بۆ داوە لە دیارترینیان:

١- زانینی ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەلایەن بینەرانەوە.

٢- زانینی ئاستی بایەخدان بەبابەتەکانی بەرنامە تەندروستیەکان لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە.

٣- زانینی ڕادەی کاریگەری بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا.

٤- خستنەڕووی ڕادەی گرنگیدانی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی سەبارەت بەپەتای کۆرۆنا لەهەرێمی کوردستان .

٥- زانینی متمانەی بینەران بەو زانیاریانەی لە بەرنامە تەندروستیەکانەوە پەخش دەکرێن.

٦- زانینی بۆچونی بینەران دەربارەی ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەڕووی هۆشیاری تەندروستیەوە.

لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کەتوێژەر هەوڵی بەدیهێنانی داوە لەتوێژینەوەکەیدا، ڕێگەی پێوانەکردنی ڕای تاکەکانی ناو کۆمەڵگە، توێژەر پشتی بە شێوازی سامپڵی نائەگەرایی (عينة غير احتمالية) جۆری (عينة الصدفة) سامپڵی بەرێکەوت بەستووە کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەنتەری شاری سلێمانیە وسامپڵی توێژینەوە (پزیشک وکارمەندان وسەردانیکەرانی) نەخۆشخانەی شارە، بەشێوەیەک کەبوار بۆ هەرتاکێک برەخسێت لەناو کۆمەڵگە وەک یەک بەشداری پێبکرێت لەتوێژینەوەکەدا، لەکۆتای توێژینەوەکە توێژەر بەچەند دەرئەنجامێك گەشتووە، لە دیارترین ئەو دەرئەنجامانەش توێژەر پێی گەیشتووە، بریتین لە:

١- ئاستی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەئاستێکی مامناوەندە وبەپێی دیمۆگرافیای وەرگران جیاوازی لە ئاستی تەماشاکردن دەبێت.

٢- ئەوزانیاریانەی کەپەخشدەکرێن زانیاری تەندروستی بەسودن بەمەبەستی ئاگاداربوونی وەرگران لەتەندروستی خۆیان وکەسانی چواردەوریان، ئەنجامەکان ئەوە دەخەنە ڕووکە ئەرکی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان  بە پلەی یەکەم بڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاری تەندروستیە وبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیە، هەروەها بەرنامە تەندروستیەکان کاردەکەن لەسەر ئاستی خێزان وهەوڵ دەدەن زانیاری وهەڵمەتەکانیان کاریگەری هەبێت لەسەر هۆشیاری تاک وخێزانەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی خێزان بناغەی دروستبوونی هەر تاکێکە لەم کۆمەڵگەیەدا.

٣- وەرگران گرنگی بەبابەتەکانی ناو بەرنامە تەندروستیەکان دەدەن بەتایبەت بایەخ بە بەرنامە تەندروستیەکان لەکاتێکدا دەدرێت کەمەترسی لەسەر ژیانی خودی تاکەکان وکەسانی چواردەوریان هەبێت هەوڵ دەدەن  لەڕێگای بەرنامە تەندروستیەکانەوە زانیاری نوێ وەربگرن  لەبارەی نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان.

٤- لەڕووی تەکنیکیەوە بەرنامە تەندروستیەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی ڕاگەیاندنی کاردەکەن وپێشکەشکارانی بەرنامەکان کەسانێکی تایبەتمەند وشارەزان بەبوارە تایبەتمەندەکە، ئەو میوانانەی کە بانگهێشتی بەرنامەکان دەکرێن پزیشک و شارەزای بەتوانان و ئامانجیان گەیاندنی زانیارییە تەندروستیەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ڕەخنەیەک ئاراستەی بەرنامە تەندروستیەکان دەکرێن بەتایبەت لەبارەی ئەو زمانەی کە گفتوگۆی پێدەکرێت کە وەرگران بە قورس و ناڕوون وەسفی دەکەن.

٥- وەرگرانی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان کەسانێکن کەئامانجیان وەرگرتنی زانیاری ڕاست ودروستە لەسەرچاوەیەکی بڕوا پێکراوەوە، هەر بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدەن لەڕێگەی بەرنامە تەندروستیەکانەوە تازەترین زانیاری وەربگرن،  بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی بڕوابوون بە زانیارییەکانی ناوبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان  لەئاستێکی باشدایە.

# لیستی ناوەڕۆك



| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| قورئانی پیرۆز | أ |
| ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | ب |
| ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ | ت |
| بڕیاری شارەزای زمانەوانی | ث |
| پێشکەش | ج |
| سوپاس وپێزانین | ح |
| پوختەی توێژینەوە | خ |
| پێرستی ناوەڕۆك | ذ |
| پێرستی خشتەکان | س |
| پێرستی پاشکۆکان | ص |
| پێشەکی | ١-٢ |
| بەشی یەکەم : میتۆدنامە | ٣-١١ |
| یەکەم : کێشەی توێژینەوە | ٣ |
| دووەم: گرنگی توێژینەوە | ٣ |
| سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە | ٤ |
| چوارەم: میتۆدی توێژینەوە | ٤ |
| پێنجەم: ئامڕازەکانی توێژینەوە | ٤ |
| شەشەم: کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە | ٥ |
| حەوتەم: بوار وسنوری توێژینەوە | ٥ |
| هەشتەم : دیاریکردنی چەمکەکان | ٥ |
| نۆیەم: توێژینەوەکانی پێشوو | ٦ |
| دەیەم: گرنگترین خاڵە لەیەکچووەکانی نێوان لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو | ١١ |
| یازدەیەم : ئاستەنگەکانی بەردەم توێژە | ١٢ |

| | |
|---|---|
| بەشی دووەم : ڕاگەیاندنی تایبەتمەند وتەلەفزیۆنی تایبەتمەند | ١٣-٤١ |
| تەوەری یەکەم : ڕاگەیاندنی تایبەتمەند | ١٣-٢٤ |
| ٢.١.١/ سەرەتایەك لەبارەی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند | ١٣ |
| ٢.١.٢/ پێناسەی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند | ١٤ |
| ٢.١.٣/ مێژووی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند | ١٥ |
| ٢.١.٤/ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند | ١٧ |
| ٢.١.٥/ ئاستەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند | ١٩ |
| ٢.١.٦/ پێکهێنەرەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند | ١٩ |
| تەوەری دووەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند | ٢٥-٣٠ |
| ٢.٢.١ سەرەتایەك دەربارەی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند | ٢٥ |
| ٢.٢.٢/ ئامانجەکانی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند | ٢٥ |
| ٢.٢.٣/ ئەرکەکانی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند | ٢٦ |
| ٢.٢.٤/جۆرەکانی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند | ٢٧ |
| تەوەری سێیەم: تیۆرەکانی ڕاگەیاندن | ٣١-٤١ |
| ٢.٣.١/ تیۆری بەکارهێنان وتێرکردن | ٣١ |
| ٢.٣.٢/ تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری (ڕۆشنبیرکردن) | ٣٧ |
| بەشی سێیەم: بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان وهۆشیاری تەندروستی | ٤٢-٧٢ |
| تەوەری یەکەم: هۆشیاری وهۆشیاری تەندروستی | ٤٢-٥١ |
| ٣.١.١/ چەمک وپێناسەی هۆشیاری | ٤٢ |
| ٣.١.٢/ جۆرەکانی هۆشیاری | ٤٣ |
| ٣.١.٣/ چەمک پێناسەی هۆشیاری تەندروستی | ٤٣ |
| ٣.١.٤/ بوار وپێکهێنەرەکانی هۆشیاری تەندروستی | ٤٤ |
| ٣.١.٥/ ئامانج وگرنگی هۆشیاری تەندروستی | ٤٥ |
| ٣.١.٦/ لایەنەکانی هۆشیاری وهۆشیاری تەندروستی | ٤٨ |
| ٣.١.٧/ ئاستەکانی هۆشیاری تەندروستی | ٤٩ |
| ٣.١.٨/ هۆکار وئامرازەکانی هۆشیاری تەندروستی | ٥٠ |
| ٣.١.٩/ پێوانەکردنی هۆشیاری تەندروستی | ٥١ |

| | |
|---|---|
| تەوەری دووەم: بەرنامە وبەرنامەی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند | ٦٤-٥٢ |
| ٣.٢.١/ چەمك و پێناسەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی | ٥٢ |
| ٣.٢.٢/ جۆرەكانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی | ٥٣ |
| ٣.٢.٣/ بەرنامەی تەندروستیە تەلەفزیۆنیەكان وئەركەكانی | ٥٦ |
| ٣.٢.٤/ گرنگی وتایبەتمەندییەكانی بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی | ٥٨ |
| ٣.٢.٥/ جۆر وپێكهێنەرەكانی بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی | ٥٩ |
| ٣.٢.٦/ ڕەگەزەكانی بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی | ٦٠ |
| ٣.٢.٧/ هۆكارەكانی سەركەوتنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی | ٦٣ |
| ٣.٢.٨/ مەرجەكانی پێشكەشكاری لەبەرنامەی تەندروستی | ٦٤ |
| تەوەری سێیەم : ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەكان لەبڵاوكردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەسەردەمی بڵاوبونەوەی كۆڤید ١٩ | ٧٦-٦٥ |
| ٣.٣.١/ ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەكان لەبڵاوكردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا | ٦٥ |
| ٣.٣.٢/ گرنگی بەرنامە تەندروستیەكان لەبڵاوكردنەوەی هۆشیاری تەندروستی | ٦٧ |
| ٣.٣.٣/ تایبەتمەندییەكانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەندروستی بەئامانجی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری تەندروستی | ٦٨ |
| ٣.٣.٤/ مەرج وهۆكارەكانی سەركەوتنی بەرنامەیەكی تەندروستی تەلەفزیۆنی وبۆمەبەستی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری تەندروستی | ٧٠ |
| ٣.٣.٥/ دەربارەی ڤایرۆسی كۆڤید ١٩ | ٧٢ |
| بەشی چوارەم<br>چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوە | ١٢٦-٧٧ |
| تەوەری یەكەم: ڕادەی بەركەوتنی بینەران بە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەكان | ٩٢ -٧٧ |
| تەوەری دووەم: ئاستی تەماشاكردن وبۆچون وڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەكان بەپێی دابەشبوونی دیمۆگرافی بەرتوێژان. | ١٠٤-٩٣ |
| تەوەری سێیەم : پێوانەكردنی ڕای بەرتوێژان لە بارەی<br>١- بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەرنامە تەندروستیەكان<br>٢- ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەكان لەبڵاوكردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی كۆرۆنا | ١٢٦-١٠٥ |
| دەرئەنجامەكان | ١٢٧ |

| | |
|---|---|
| پێشنیارەکان | ١٢٨ |
| ڕاسپاردەکان | ١٢٩ |
| سەرچاوەکان | ١٣٠-١٣٩ |
| پاشکۆکان | ١٤٠-١٥١ |
| پوختە بەزمانی عەرەبی | ١-٣ |
| پوختە بەزمانی ئینگلیزی | ١- ٣ |

## لیستی خشتەکان

| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ڕەگەز | ٧٧ |
| ٢ | دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی پیشە | ٧٨ |
| ٣ | دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندن | ٧٨ |
| ٤ | دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن | ٧٩ |
| ٥ | دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون | ٧٩ |
| ٦ | دابەش بوونی بەرتوێژان بەپێی باری کۆمەڵایەتی | ٧٩ |
| ٧ | جێگیری بڕگەکان | ٨١ |
| ٨ | ژمارەی شارەزاییان وڕێژەی ڕەزامەند بوون وڕەزامەند نەبوونیان لەسەر سەرجەم پرسیارەکان ودیاریکردنی ڕێژەی سەدیان. | ٨١ |
| ٩ | ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان | ٨٢ |
| ١٠ | پشت بە شتنی بەرتوێژان بەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان | ٨٢ |
| ١١ | بایەخی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان | ٨٣ |
| ١٢ | کاتی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان | ٨٤ |
| ١٣ | شێوازی پەسەند بۆتەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان | ٨٤ |
| ١٤ | ڕادەی گفتوگۆ کردن لەبارەی تەوەرە تەندروستیە پێشکەشکراوەکان | ٨٥ |
| ١٥ | باشترین بەرنامەی تەندروستی لای بینەران | ٨٥ |
| ١٦ | هۆکارەکانی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان | ٨٦ |
| ١٧ | ئاستی سودبینین لەزانیارییەکانی بەرنامە تەندروستیەکان | ٨٦ |
| ١٨ | سوودی بەرنامە تەندروستیەکان بۆبینەران | ٨٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | هۆكارەكانى لاوازى سوودى بەرنامە تەندروستيە تەلەفزيۆنيەكان | ٨٧ |
| ٢٠ | ئاستى بڕوابوون بەزانيارييەكانى ناو بەرنامە تەندروستيەكان | ٨٨ |
| ٢١ | كاريگەرى بەرنامە تەندروستيەكان لەزيادكردنى هۆشيارى تەندروستى | ٨٨ |
| ٢٢ | جۆرى كارگەرييە تەندروستيە بەجێماوەكان لەسەر بينەران | ٨٩ |
| ٢٣ | ئەركى بەرنامە تەندروستيە تەلەفزيۆنيەكان | ٩٠ |
| ٢٤ | بايەخى بەرنامە تەندروستيەكان بۆبابەتە تەندروستيەكان | ٩٠ |
| ٢٥ | ئاستەكانى بڵاوكردنەوەى ڕۆشنبيرى تەندروستى | ٩١ |
| ٢٦ | بەرنامە تەندروستيەكان ڕۆڵيان هەيە لەبڵاوكردنەوە هۆشيارى تەندروستى | ٩١ |
| ٢٧ | ئاستى پشت بەستنى بينەران بەئامرازەكانى تر | ٩٢ |
| ٢٨ | ڕادەى تەماشاكردن بەپێى ڕەگەز | ٩٣ |
| ٢٩ | ڕادەى تەماشاكردن بەپێى پيشە | ٩٣ |
| ٣٠ | ناوەندى جياوازى وئاماژەدارى بەپێى پيشە | ٩٤ |
| ٣١ | ڕادەى تەماشاكردن بەپێى ئاستى خوێندن | ٩٥ |
| ٣٢ | ناوەندى جياوازى وئاماژەدارى بەپێى ئاستى خوێندن | ٩٥ |
| ٣٣ | ڕادەى تەماشاكردن بەپێى تەمەنى بەرتوێژان | ٩٦ |
| ٣٤ | ناوەندى جياوازى وئاماژەدارى بە پێى تەمەن | ٩٦ |
| ٣٥ | ڕادەى تەماشاكردن بەپێى ئاستى خوێندن | ٩٧ |
| ٣٦ | ڕادەى تەماشاكردن بەپێى بارى كۆمەڵايەتى | ٩٧ |
| ٣٧ | بۆچونى بەرتوێژان بەپێى بەپێى ڕەگەز | ٩٨ |
| ٣٨ | بۆچونى بەرتوێژان بەپێى بەپێى پيشە | ٩٨ |
| ٣٩ | بۆچونى بەرتوێژان ئاستى خوێندن | ٩٩ |
| ٤٠ | بۆچونى بەرتوێژان بەپێى تەمەن | ٩٩ |
| ٤١ | بۆچونى بەرتوێژان بەپێى شوێنى نيشتەجێبوون | ١٠٠ |
| ٤٢ | بۆچونى بەرتوێژان بەپێى بارى كۆمەڵاتى | ١٠٠ |
| ٤٣ | ڕۆڵى بەرنامە تەندروستيەكان بەپێى ڕەگەز | ١٠١ |
| ٤٤ | ڕۆڵى بەرنامە تەندروستيەكان بەپێى پيشە | ١٠١ |
| ٤٥ | ڕۆڵى بەرنامە تەندروستيەكان بەپێى ئاستى خوێندن | ١٠٢ |
| ٤٦ | ڕۆڵى بەرنامە تەندروستيەكان بەپێى تەمەن | ١٠٣ |
| ٤٧ | ڕۆڵى بەرنامە تەندروستيەكان بەپێى شوێنى نيشتەجێبوون | ١٠٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٨ | ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی باری کۆمەڵایەتی | ١٠٤ |
| ٤٩ | ڕێکخستنی پێوانەکان | ١٠٥ |
| ٥٠ | هێزی پێوەری تەوەرەکان وناوەندە ژمێرە ولادانی پێوەری بۆکۆمەڵەی بەرز وکۆمەڵەی نزم وبەهای تائی وئاماژەی تەوەرەکان | ١٠٦ |
| ٥١ | ئاستی پەیوەندی نێوان بەهای بڕگەیەک لەگەڵ بەهای گشتی سەرجەم بڕگەکان لە بۆچوونی بەرتوێژان بەرامبەر بە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان | ١٠٦ |
| ٥٢ | ئاستی پەیوەندی نێوان بەهای بڕگەیەک لەگەڵ بەهای گشتی سەرجەم بڕگەکانی ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا | ١٠٧ |
| ٥٣ | بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەرنامە تەندروستیەکان | ١١٢٧ |
| ٥٤ | ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا | ١٢٥ |


## خشتەی پاشکۆکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فۆرمی ڕاپرسی دابەشکراو بۆبەرتوێژان | ١٤٠ |
| ٢ | فۆرم هەڵسەنگاندنی ڕاپرسی بۆپسپۆڕان | ١٤٦ |
| ٣ | خشتەی ناوی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەر | ١٥١ |


## خشتەی شێوەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | نمونەی (ئەبراهام ماسلۆ) لەتیۆری سایکۆلۆجی پێداویستییەکاندا | ٣٤ |

**پێشەکی :**

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەی ئێستادا لەئارادایە لەڕووی گواستنەوەی زانیاریەکان وئاراستەکردنی وەرگران وبەکارهێنەرانی ڕاگەیاندنی نوێ، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی وکەناڵەکانی تەلەفزیۆن بەتایبەتی تائێستاش دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لەگەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا لەسەرجەم بوارەکاندا، لەو ڕوانگەیەوە رۆڵی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان لەدروستکردنی هۆشیاری لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە بەیەکێک لەو ئەرکانە دادەنرێت کە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن دەیبینێت، بەتایبەت گواستنەوەی زانیاری ڕاست ودروست لەبوارە جیاوازەکاندا یان دروستکردنی ئاراستە وڕای جیاواز، کەواتە ڕاگەیاندن بەگشتی وکەناڵەکانی تەلەفزیۆن بەتایبەتی ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەبنیادنانی زانین لای وەرگر، ئەمەیش لەڕێگای بانگەشەی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوەی مەبەستدار کەدەبێتە هۆی زیادکردنی هۆشیاری تاك.

بەرنامە تەندروستیەکان هەواڵە تەندروستیە ناوخۆیی وجیهانیەکانیەکان دەگوازێتەوە بۆ وەرگران لەبەر ڕۆشنای پێشینە وشارەزای تەندروستی سەرکەوتوو وەهەروەها سودمەندبوون لەو زانیارییانە وهەوڵدان بۆ بەدەستهێنان وزیادکردن هۆشیاری تەندروستی لای وەرگران، هەروەك ئەوەی ڕاگەیاندنی تەندروستی بەشێوەیەکی ڕوون باس لەڕاستیە تەندروستیەکان دەکات وخستنەڕووی هەڵە پزیشکیەکان بەدەستهێنانی دەستکەوتی گرنگی تەندروستی لەئاستی نیشتمانی وهەرێمی ونێودەوڵەتی.

هۆشیاری تەندروستی لەو کارە گرنگانەیە کە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان پێیهەڵدەستێت، لەگەڵ ئەوەی کە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان ئامانجیانە هۆشیاری تەندروستی بڵاوبکەنەوە وببنە هۆکارێك بۆ باشبوونی ئاستی تەندروستی تاکەکانی کۆمەڵگە، مەبەستیانە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە ئاراستە بکەن بۆ پەیوەستبوون بەڕەفتاری تەندروستی گونجاو، وگۆڕینی تێگەشتنە هەڵەکانی تەندروستی بەدەستهێنانی وڕۆشنبیریەکی تەندروستی باش، هۆشیاری تەندروستی دەبێتە هۆی ئەوەی کەتاکەکانی ناوکۆمەڵگە ڕێڕەوی ژیانێکی تەندروستیان هەبێت ولەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی کۆمەڵگە، بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاریە تەندروستیەکان، زانیاری بەخشین لەبارەی هەڵە تەندروستیەکان وڕوونکردنەوەی لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوە دەرخستنی توانای بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان وڕۆڵیان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا، ئەم توێژینەوەیە لە(چوار) بەش پیکهاتووە :

بەشی یەکەم: کەمیتۆدنامەی توێژینەوەکەیە وکێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، میتۆدی توێژینەوە، ئامرازی توێژینەوە، کۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوە، بوار وسنوری توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو دواتر بەچەند خاڵێك خاڵە لەیەك چووەکانی توێژینەوەکانی پێشوو خراوەتەڕوو، پاشان تەنگەژەکانی بەردەم توێژەر خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم: پێکدێت لەڕاگەیاندنی تایبەتمەند وکەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند، تیۆری پشت پێبەستوو دابەشبووە بۆ سێ تەوەر ئەوانیش:

تەوەری یەکەم: ڕاگەیاندنی تایبەتمەند کەپێکدێت لەچەند باسێک ئەوانیش: سەرەتایەك ومێژووی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، پێناسە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند هەروەها ئاست وپێکهێنەرەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند.

تەوەری دووەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند کەپێکدێت لە: سەرەتایەك دەربارەی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند، ئامانج وئەرکەکانی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند، پاشان گرنگی وجۆرەکانی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند.

هەروەها تەوەری سێیەم: تیۆریەکانی تایبەت توێژینەوەکە، کەپێکهاتووە لەهەردوو تیۆری بەکارهێنان وتێرکردن وتیۆری چاندنی ڕۆشنبیری (ڕۆشنبیرکردن).

بەشی سێیەم: پێکدێت لە بەرنامە تەندروستیەکان و هۆشیاری تەندروستی:-

تەوەری یەکەم: هۆشیاری و هۆشیاری تەندروستی، پێکدێت لەچەند باسێك ئەوانیش چەمک وپێناسەی هۆشیاری، جۆر وبوارەکانی هۆشیاری، هۆشیاری تەندروستی وپێکهێنەرەکانی مەبەست وئامانج وگرنگی هۆشیاری تەندروستی، لایەنەکانی هۆشیاری و هۆشیاری تەندروستی ئاستەکانی هۆشیاری تەندروستی هۆکار وئامرازەکانی هۆشیاری وپێوانەکردنی هۆشیاری تەندروستی .

تەوەری دووەم:بەرنامە وبەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی پێکدێت لەچەند باسێك ئەوانیش: چەمك وپێناسەی بەرنامە وجۆرەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی، بەرنامەی تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان وئەرکەکانی، گرنگی وتایبەتمەندییەکانی بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی، پێکهێنەرەکان و هۆکارەکانی سەرکەوتنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی ومەرجەکانی پێشکەشکاری لەبەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی دا شێوازەکانی بەرنامەی تەندروستی لەدامەزراوە ڕاگەیاندنیەکان.

تەوەری سێیەم: ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا پێکدێت لە: ڕۆڵ وگرنگی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا وتایبەتمەندییەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەندروستی بەئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی ومەرج و هۆکارەکانی سەرکەوتنی بەرنامەیەکی تەندروستی وبۆمەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی.

بەشی چوارەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە کە پێکدێت لەسێ تەوەر ئەوانیش

یەکەم: ڕادەی بەرکەوتنی بینەران بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان

دووەم: ئاستی تەماشاکردن وبۆچوون وڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی دابەشبوونی دیمۆگرافی بەرتوێژان.

سێیەم: پێوانەکردنی ڕای بەرتوێژان لەبارەی:

١- بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەرنامە تەندروستیەکان

٢- ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

دواتریش دەرەنجام وپێشنیار خراونەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم
# میتۆدنامە

یەکەم:  کێشەی توێژینەوە

دووەم:  گرنگی توێژینەوە

سێیەم:  ئامانجەکانی توێژینەوە

چوارەم:  میتۆدی توێژینەوە

پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوە

شەشەم: کۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوە

حەوتەم: بوار وسنوری توێژینەوە

هەشتەم : دیاریکردنی چەمکەکان

نۆیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

دەیەم: گرنگترین خاڵە لەیەکچوەکانی نێوان ئەم توێژینەوە وتوێژینەوەکانی پێشوو

یازدەیەم : ئاستەنگەکانی بەردەم توێژەر

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

کێشەی توێژینەوە دەستپێکی سەرەتایەکی لۆژیکیە بۆ ئەوەی ببێتە بابەتێک ولەڕێگەی توێژینەوەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت، بابەتی توێژینەوە جۆرێک لەشاراوەیی تێدایە وپێویستی بەڕاڤە ووردەکاریی زیاترە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای خستنەڕووی ئەو ڕۆڵەی کەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان هەیانە لەبڵاوبوونەوەی هۆشیاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر دەیەوێت لەڕێگەی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بگاتە وەڵامی بنەڕەتی:

١- ئایا تاکەکانی کۆمەڵگە تەماشای بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن؟
٢- تاچەند بینەران بایەخ بەبابەتەکانی ناو بەرنامە تەندروستیەکان دەدەن؟
٣- تاچەند بەرنامە تەندروستیەکان کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی کردووە ؟
٤- ئایا بەرنامە تەندروستیەکان ڕۆڵیان هەبووە لەپێدانی هۆشیاری لەبارەی کۆڤید ١٩؟
٥- ئایا وەرگرانی بەرنامە تەندروستیەکان متمانەیان هەبووە بەزانیارییەکانی ناو بەرنامەکان؟
٦- زانینی بۆ چوونی وەرگران لەبارەی ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەو بابەتەوە سەرچاوە دەگرێت کەهەڵبژێراوە، توێژەر هەوڵیداوە زانستیانە بیخاتەڕوو، ئاشکرایە کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەگرنگترین ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری هەژمار دەکرێن، وهۆشیاری تەندروستیش بەیەکێك لەبوارە گرنگەکان دادەنرێت، توێژەر لەو ڕوانگەیەوە ئەم بابەتەی وەك بابەتی توێژینەوەکەی دیاریکردووە.

١- گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی زانستیەوە: لەبەر ئەوەی توێژینەوەی کەم ئەنجامدراوە لەم بوارەدا بەتایبەت بەزمانی کوردی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی لەبواری ڕاگەیاندندا، کە توێژەران وخوێندکاران دەتوانن سودی لێببینن وەك سەرچاوەیەکی زانستی، هەروەها پیشاندانی بەهاو گرنگی بواری تەندروستی لەژیانی ڕۆژانەی وەرگرانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکاندا.
٢- گرنگی بۆ بواری ڕاگەیاندن ئەوەیە کەئەم توێژینەوەیە هاوکاردەبێت بۆ ئەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی باشتر کار بکەن لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیارییە تەندروستیەکان بەشێوەیەك کەوەرگر ڕاستەوخۆ کارلێکی لەگەڵ بکات.
٣- گرنگی بۆ وەرگر ئەم بەرنامانە هۆشیاری تەندروستی دەدەنە وەرگران لەبەر ڕۆشنای ئەوزانیاریانەی کەبڵاودەکرێنەوە،کار دەکەن بۆ چاندنی ڕەفتاری تەندروستی لای وەرگران، بۆیە پێویستە تاکەکان تەماشای بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەپێناو وەرگرتنی زانیاری تەندروستی وئەنجامدانی گۆڕانکاری لەڕەفتاری ناتەندروست ونەگونجاویاندا.
٤- لەڕووی مەیدانیەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەبەرنامە تەندروستیەکان تا چ ڕادەیەك ڕۆڵ وکاریگەری هەبووە لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا،

چونکە لای هەموان ئاشکرایە کەتەندروستی لایەنێکی گرنگی ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بەهەموو چین وتوێژەکان گرنگی پێدەدەن.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوە**

لێرەدا باس لەوئامانجانە دەکرێت کەتوێژەر هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، کەبریتیە لەبەدەست هێنانی وەڵام بۆ پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکە.

١- زانینی ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەلایەن بینەرانەوە.
٢- پشاندانی ئاستی بایەخدان بەبابەتەکانی بەرنامە تەندروستیەکان لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە.
٣- زانینی ڕادەی کاریگەری بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا.
٤- خستنەڕووی ڕادەی گرنگیدانی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی سەبارەت کۆڤید ١٩ لەهەرێمی کوردستان .
٥- زانینی ڕێژەی متمانەی بینەران بەو زانیاریانەی لە بەرنامە تەندروستیەکانەوە پەخش دەکرێن.
٦- خستنەڕووی بۆچونی بینەران دەربارەی ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەڕووی هۆشیاری تەندروستیەوە.

**چوارەم: میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی لە جۆری (وەسفی) وبۆ تاوتوێکردنی لایەنی پراکتیکی پشت بەڕێبازی (ڕووپێوی) بەستراوە، لەبەرئەوەی بەپێی زۆرێك لە(سەرچاوە وتوێژینەوەکانی پێشوو) لەبواری ڕاگەیاندندا بەپەسەندترین ڕێگا دادەنرێت، بووە بەجێگەی متمانەی زۆرێك لەتوێژەرانی ئەم بوارەیە، هاوکات ڕێبازی ڕووپێووی بەڕێبازێکی کارا وگونجاودادەنرێت لەلای توێژەران.

**پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوە:** توێژەر بۆ ئەم توێژینەوەیە پەنای بردۆتە بەر ئەم ئامرازە:

١- **تێبینی سادە (الاستكشافية):** بریتییە لەچاودێری کردنێکی ورد بۆ ئاشکراکردنی کێشە زانستییەکان دەستنیشانکردنی ئەودیاردانەی گوزارشتی لێدەکەن، گرنگی ئەم ئامرازە لەوەدایە کەتوێژەر هەوڵیداوە لەرێگای تێبینیکردنی ڕەفتار وکرداری بەرتوێژان وبارودۆخی کۆمەڵگای توێژینەوە بکات.
٢- **فۆرمی ڕاپرسی – پێوانە:** ئەو فۆڕمەیە کەتوێژەر وەك ئامرازێك بەکاری دەهێنێت، بۆ بەدەستهێنان وکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە وزانینی بۆچوونی بینەران لەبارەی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان ورۆڵیان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا لە هەرێمی کوردستان لە سەردەمی بڵاوبونەوەی (کۆڤید ١٩)دا، بۆ ئەومەبەستە پاش ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی وپێوانەکردنەکە، خراوەتە بەردەست ژمارەیەك لە شارەزایان وپسپۆران بۆ هەڵسەنگاندنی زانستی پێش دابەشکردنی بەسەرسامپڵی توێژینەوەکەدا.

**شەشەم: کۆمەڵگەوسامپڵی توێژینەوە**

١- کۆمەڵگەی مرۆیی توێژینەوە، بریتیە لەدانیشتوانی شاری سلێمانی، کەنمونەی توێژینەوە بریتیە لەکارمەندانی نەخۆشخانەی شار وسەردانیکەرانی نەخۆشخانەکە، کەبەشێوەی (عینە غیر الاحتمالیە) نمونەی نائەگەرایی، جۆری (عینة الصدفة) نمونەی بەڕێکەوت وەرگیراوە.

٢- کۆمەڵگەی بابەتی، بریتیە لەکەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکان، بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان کە لەکەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا پەخش دەکرێت، وەك نمونەی توێژینەوە کاری لەسەر کراوە.

**حەوتەم: بواروسنوری توێژینەوە:**

١- بواری کات: ٢٠٢٠/١٢/١٠ – ٢٠٢١/٤/١

٢- بواری شوێن: پارێزگای سلێمانی / سەنتەری شاری سلێمانی

٣- بواری مرۆیی: ناوشار ودەرەوەی شار/ کارمەندان و پزیشکان و سەردانیکەرانی نەخۆشخانەی شار.

**هەشتەم: دیاریکردنی چەمکەکان :**

- ڕۆڵ: بریتیە لەئەرکێک یان ڕەفتارێک کەکەسێک یان لایەنێک دەیگێڕێت لەکاتێکی دیاریکراودا وبۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، وەک ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەهۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەڕووی تەندروستیەوە.(١)
- بەرنامەی تەندروستی: ئەو بەرنامانەن کە تیشکی خستۆتە سەر کێشەکانی تەندروستیەکان وهەوڵدان بۆ زیادکردنی زانیاری کۆمەڵگە وهۆشیارکردنەوەیان.(٢)
- بەرنامەی تەلەفزیۆنی: میتۆدێکە بۆ باسکردنی بابەتێك یان ئاشکراکردن و پیشاندانی لە چوارچێوەیەکی دەرەکی گونجاودا، ناوەڕۆکێکی بەبایەخ لە خۆدەگرێت لای وەرگر، بەرنامە هەوڵ دەدات بۆ ڕاکێشانی زۆرترین بینەر ودروستکردنی کاریگەری لای جەماوەر.(٣)
- تەلەفزیۆن: ئامرازێکی ڕاگەیاندنیە، کەپەیامەکانی ئاراستەی جەماوەرێکی بەرفراوان دەکات، کۆکەرەوەی دەنگ وڕەنگە وکاریگەری هەیە لەسەرهەستی بینین وبیستن.(٤)
- هۆشیاری: دیاردەیەکی خودی تایبەتە، بەشێک لەچالاکی خودی تایبەتی دەدوێنێت، کەبەعەقڵ ناودەبریت، زیاتر لەسەر بنەمای ئەرکە مەعریفیەکانی تر ڕووندەکرێتەوە، وەک زمان، یادەوەری، بەڵگەهێنانەوە، ئاگاداربوون، لەکاتێکدا ئەم جۆرە ئەرکانە پێوستن بۆ ئاستە بەرزەکانی هۆشیاری.(١)

---

(١) حنان حسين صالح الكسوانى، دور الصحافة الاردنية اليومية في التوعية الصحية دراسة في التحليل المضمون، رسالة لنيل شهادة الماجستر، جامعة الشرق الاوسط للدراسات، الاردن، ٢٠٠٩، ص ١٣

(٢) السيد احمد مصطفى، الاعلام المتخصص، دار الكتب الوطنية – بنغازى،١٩٩٧، ص٦٩

(٣) فاروق ناجى محمود، البرامج التلفزيونى كتابته ومقومات نجاحة، دار النفائس للنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠٠٧، ص٢٢

(٤) فصيلة أكلي، إستهلاك المراهق للصورة التلفزيون- دراسة الميدانية، رسالة لنيل شهادة الماجستر، جامعة الجزائر، كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم علم الاجتماع، ٢٠٠٧، ص١٨

(٥) أنطونيو داماسيو، شعور بما يحدث دور الجسد والعاطفة في صنع الوعي، ت. رفيف كامل غدار، دار العربية للعلوم ناشرون، لبنان، ص٢٠

- هۆشیاری تەندروستی: مەبەست لێی ناساندن وفێرکردنی نەریتی تەندروستی باش، ڕەفتاری تەندروستی نوێ، هاوکاریکردن بۆ گۆڕینی ئاراستەو بۆ چونە تەندروستیە هەڵەکان گۆڕینیان بەڕەفتاری باش، دروستکردنی هۆشیاری لەلای تاکەکان وئاگادارکردنەوەیان لەمەترسیەکان کەهەڕەشەن بۆ سەر ژیان.(١)
- هەرێمی کوردستان: هەرێمێکی فیدراڵیی، نەتەوەیی و ئابووری ئۆتۆنۆمییە لە ناو کۆماری عێراقدا، لە ڕۆژ هەڵاتەوە کوردستانی ئێران، لە باکوورەوە تورکیا، لە ڕۆژئاواوە سوریا و لە باشوورەوە لەگەڵ عێراق سنوورەکانی پێک دێنن، هەولێر پایتەختە و سلێمانی گەورەترین شاری هەرێمی کوردستانە(٢).

**نۆیەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

١- توێژینەوەی (عزام علی عنانزە) و(مریم عدنان علی) (٣)

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (٢٠١٨) دا لەلایەن هەردوو توێژەر (عزام علی عنانزە ومریم عدنان علی)، بەناونیشانی (دور تلفزیون أبوظبي في التثقیف الصحي للمرأة الاماراتیة) گۆڤاری زانستی (حولیات الاداب والعلوم الاجتماعیة)، ژمارە (٣٩) بڵاوکراوەتەوە.

میتۆدی توێژینەوە: توێژینەوەیەکی وەسفییە وڕێبازی (ڕووپێوی) بەکارهێنراوە.

کۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوە: سامپڵی توێژینەوە (٤٠٠) ژن لەژنانی ئیمارات بەشێوەیەکی هەرەمەکی ڕێکخراو وەرگیراوە، چەند ئامانجێک خراوەتەڕوو کەبریتین لەخستنەڕووی ڕادەی تەماشاکردنی سامپڵی توێژینەوە کەپێکهاتوون لەژنانی ئیمارات بۆ بەرنامە تەندروستیەکان لەکەناڵی أبوظبی، زانینی ئەو بابەتە تەندروستیەکانی کەژنانی ئیمارات تەماشای دەکەن لەکەناڵی أبوظبي.

١- خستنەڕووی ڕادەی سودوەرگرتنی ژنانی ئیمارات بۆ بەرنامە تەندروستیەکان کەلەکەناڵی أبوظبي پێشکەش دەکرێن .

٢- پشاندانی کاریگەریەکانی پشت بەستنی ژنانی ئیمارات بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی أبوظبی وەک سەرچاوەیەکی زانیاری.

٣- زانینی ئەو ڕۆڵ وئەرکانەی کەتەلەفزیۆنی أبوظبي دەیبینێت لەبواری ڕۆشنبیری ژنان ئیمارات لەڕووی تەندروستیەوە وخستەڕووی ڕاوبۆچونی سامپڵی توێژینەوە.

٤- پشاندانی پەیوەندی نێوان ڕێژەی سودبینینی ژنانی ئیماراتی سامپڵی توێژینەوە بۆ بەرنامە تەندروستیەکانی کەناڵی أبوظبي لەنێوان زانیاریە دیمۆگرافیەکاندا.

---

(١) عبدالرزاق الدلیمی، مصعب المعایطة، دور التلفزیون في التوعیة الصحیة، دراسة تحلیلیة في مؤتمر الاول للاعلام، ٢٠١٤، ص٤

(٢) وکیپیدیای ئازاد، چەمکی هەرێمی کوردستان،ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢١/٧/١٢) کات (١٠:٤٠am)، https://ckb.wikipedia.org/wiki/%DA%BE%DBD٩

(٣) عزام علی عنازة، ملایم عدنان علی، دور تلفزیون أبوظبي في التثقیف الصحي للمرأة الاماراتیة، كلیة الاعلام، جامعة الیرموك، حولیات الاداب والعلوم الاجتماعیة، ع(٣٩)، الرسالة (٥٠٩)، ٢٠١٨

لەگرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پێگەشتووە بریتیە لە:

١- وەک لەئەنجامی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت، پێشوازیکردنێکی بەرچاو هەیە لەلایەن ژنانی ئیماراتەوە لەبەرامبەر تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکانی کەناڵی أبوظبي .

٢- زۆرینەی بەرتوێژان بەرێژەی (٩١%) تەماشای بابەتەکانی تەندروستی مناڵان وتەندروستی ژنان وبابەتەکانی جوانکاری دەکەن.

٣- بەپێی ئەو ئەنجامانەی کەخراونەتەڕوو ئەوە دەردەخات کەکەناڵی أبوظبي ڕۆڵێکی ئەرێنی بەڕادەیەک بەهۆکارێکی گرنگی ڕۆشنبیرکردنی ژنانی ئیماراتی لەلایەنی تەندروستیەوە دادەنرێت.

٤- بەرنامەی (في بيتنا طبيب) بەباشترین بەرنامەی تەندروستی هەڵبژێردراوە کەزیاتر لەنیوەی بەرتوێژان ڕایان وابووە ئەو بەرنامەیە زۆرترین زانیاری تەندروستی بڵاودەکاتەوە.

٥- ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کەبەرنامە تەندروستیەکان ئامانجی خۆیان پێکاوە لەدروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرتوێژانی توێژینەوەکە لەڕووی کارتێکەری ڕەفتاری ودەروونیەوە.

٢- **توێژینەوەی (حافظ عثمان حاج البشير منصور)** [1]

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (٢٠١٨) دا لەلایەن توێژەر (حافظ عثمان حاج البشير منصور)، بەناونیشانی (الاذاعات المتخصصة ودورها في نشر الوعي بالسودان)، ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بەکۆلێجی علوم الاتصال کراوە لەزانکۆی الجزيرة بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لەڕاگەیاندنی تایبەتمەند بە(ڕادیۆ وتەلەفزیۆن).

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی جێبەجێکراوە لەسەر ڕادیۆی الطبية لەسەر شەپۆلی ( FM ٩٩.٣) لەنێوان ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧).

میتۆدی توێژینەوە: هەردوومیتۆدی وەسفی ومێژووی تیادا بەکارهێنراوە .

کۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوە: گوێگرانی ڕادیۆی الطبية لەچەند گەڕەکێکی ولایەتی خرطوم، بەشێوەیەی سامپڵی هەرەمەکی ڕێکنەخراو .

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە:

١- زانینی ڕادەی کاریگەری بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا وئاستی هۆشیاری تەندروستی لای کۆمەڵگە.

٢- خستنەڕووو هەڵوەستەکردن لەسەر گرنگترین کێشە ڕاگەیاندنیەکان کەلەڕێگای بەرنامە تەندروستیە ڕادیۆییەکانەوە پەخشدەکرێت بەتایبەت بابەتەکانی تایبەت بەتەندروستی جیهانی وناوخۆی.

٣- پێوانەکردنی ڕێژە وئاستی ڕاستی بابەتە وزانیارییە تەندروستیەکان کەلەڕێگەی ڕادیۆی پزیشکیەوە لەلایەن گوێگرانەوە.

---

[1] حافظ عثمان حاج البشير منصور ، الاذاعات المتخصصة ودورها في نشر الوعي بالسودان، دراسة مقدمة لنيل درجة دكتوراه في الاعلام المتخصص، دراسة دكتوراه غير منشورة، جامعة الجزيرة، كلية علوم الاتصال، قسم الاعلام،٢٠١٨

٤- خستنەڕووی ئاستی تواناکانی ڕادیۆی پزشکی لەسودان لەپاڵ ئەو ڕێگرییانەی دێتە بەردەمی لەڕووی مادی وجوگرافیەوە.

ئەنجامەکانی کەئەم توێژینەوەیە پێیگەشتووە:

١- توێژینەوەکە ئەوەی سەلماند کەئەوبابەتانەی ڕادیۆی پزیشکی بڵاویان دەکاتەوە سەرنجڕاکێشن وتایبەتن بەبابەتی تەندروستی.

٢- بەپێی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کەزۆرترین بەرنامەی تەندروستی کەبەرتوێژان سودیان لێوەرگرتووە لەڕووی گرنگپێدان وگەشەپێدانی تەندروستی وزانیاری لەسەر نەخۆشیە تەندروستیەکان لەڕێگەی ڕادیۆی پزشکی سودانەوە بووە.

٣- بەهۆی ئەوەی کەڕادیۆ ئاسانە بۆ گوێگرتن ولەهەر شوێنێک بێت دەتوانرێت گوێگربێت، لەبەر ئەم هۆکارە پەیامەکانی ڕادیۆ ئاسانتر دەگاتە وەرگر.

٤- گوێگری بەرنامە تەندروستیەکان جۆراوجۆرن وهەمووتەمەنەکان گوێگری بابەتە تەندروستیەکان دەبن بەتایبەت بەتەمەنەکان، ئەمەش لەبەر دەرکەوتنی نەخۆشی جۆراوجۆر لەتەمەنی سەروو(٤٠)ساڵیەوە.

٥- سەرکەوتنی ڕادیۆی پزیشک لەسودان بەدروشمە سەرنجڕاکێش وبابەتە جۆراوجۆرەکانی ناو بەرنامەکانەوە گوێگرێکی زۆری بۆ خۆی ڕاکێشاوە.

**٣- توێژینەوەی (أفنان محمد شعبان) ٢٠١٦** [1]

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (٢٠١٦) دا لەلایەن توێژەر (أفنان محمد شعبان)، بەناونیشانی (البرامج الصحية التلفزيونية وتوعية المستهلک)، ئەم توێژینەوەیە لە(المجلة العراقية لبحوث السوق وحماية المستهلک) بڵاوکراوەتەوە.

میتۆدی توێژینەوە: توێژینەوەیەکی وەسفیە بەڕێبازی شیکاری ناوەڕۆک .

کۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوە: (٣٠) زنجیرە لەبەرنامەی (تفاح الاخضر) کەناڵی ئاسمانی (MBC)، کەپێکهاتووە لە(٣٠) بواری پێشکەشکراو، ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە:

١- دیاریکردنی ڕەفتاری تەندروستی ئەرینی ورەفتار ونەریتی ناتەندروست ونەرێنی کەمرۆڤ ئەنجامی دەدەن لەژیانی ڕۆژانەدا.

٢- شیکردنەوەی توانای تەلەفزیۆن لە:بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لای بەکاربەر لەڕێگەی شیکاری ناوەڕۆکە بابەتە تەندروستیەکانەوە لەناو بەرنامەی تفاح الاخضرەوە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێکدێن لە:

١- بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان کە لەڕێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە پێشکەش دەکرێن بەگرنگترین بەرنامەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری وڕۆشنبیری دادەنرێن.

---

[1] أفنان محمد شعبان، البرامج الصحية التلفزيونية وتوعية المستهلک، المجلة العراقية لبحوث السوق وحماية المستهلک، المجلد(٨)، ع(١)، ٢٠١٦

٢- بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ گۆڕینی ڕەفتاری تەندروستی ئەرێنی لای وەرگران وگۆڕینی ڕەفتاری تاکەکانی ناوکۆمەڵگە خێزان وتاکەکان.

٣- چەندین ڕەفتاری نەرێنی ونەگونجاوی تەندروستی لەناو کۆمەڵگەدا جێبەجێدەکریت کە زۆرینەیان لەڕێگەی بەرنامەی تفاح الاخضرەوە تیشکی خراوەتە سەر وباسکراوە.

٤- بەرنامەی تفاح الاخضر زۆرترین ئامۆژگاری تەندروستی وپزیشکی وئامۆژگاری وەرزشی وڕێنمایی تەندروستی بڵاودەکاتەوە.

٥- بەرنامەی تفاح الاخضر لەگرنگترین بەڕگەکانی ئەنجامدانی وەرزش بووە کە ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر وەرگران.

**٤- توێژینەوەی (نسيبة العلمي) ٢٠١٩** [١]

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (٢٠١٩) دا لەلایەن توێژەر (نسيبة العلمي)، بەناونیشانی (دور التلفزيون في نشر الوعي الصحي )، ئەم توێژینەوەیە وەک بەشێک لەپێویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشکەش بەبەشی (العلوم الانسانية) ی زانکۆی (العربي بن نهيدي –أم البواقي) کراوە .

میتۆدی توێینەوە: توێژینەوەیەکی وەسفیە وڕێبازی (ڕووپێوی) بەکارهێنراوە.

کۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوە: سامپڵێکی مەبەستدار لەوەرگرانی بەرنامەی (Dr.OZ) لەکەناڵی (mbc٤) لەناوشاری (أم البواقي) لەهەردووڕەگەزی (نێر ومێ).

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:

١- زانینی ڕێژەی پێشوازیکردنی بینەران لەتەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان.

٢- خستنەڕووی ئەو پاڵنەرانەی کەوا لەبینەر دەکات تەماشای بەرنامەی تەندروستی(Dr.OZ) بکەن.

٣- زانینی توانای بەشداریکردنی بەرنامەی (Dr.OZ) لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی.

ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە :

١- بەشێکی زۆر لەبینەران تەماشای بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن بەتایبەت بەرنامەکانی (Dr.OZ، The Doctor، تفاح الاخضر) دەکەن وگوێ لەڕێنماییە تەندروستیەکان دەگرن.

٢- هۆکاری تەماشاکردنی بەرنامەی تەندروستی (Dr.OZ) بەمەبەستی زیادکردنی هۆشیاری وزۆربوونی ڕۆشنبیری تەندروستیە لەلای بینەران، هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕەفتارە ناتەندروست بۆ ڕەفتاری تەندروست وسود وەرگرتن لەم بەرنامەیە بۆ چۆنێتی ئاگاداربوون وچارەسەرکردنی کێشە تەندروستیەکانیان.

[١] نسبة العلمي، دور التلفزيون في نشر الوعي الصحي برامج (Dr. OZ)أنموذجا، دراسة ميدانية مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في علوم الاعلام والاتصال، جامعة العربي بن مهيدي- أم البواقي-، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الانسانية، ٢٠١٩.

٣- بەرنامەی (Dr.OZ) بەشداریيەكی گەورەی هەیە لەگەشەپێدانی هۆشیاری تەندروستی وبلاوكردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی ئەمەش لەئەنجامی هەبوونی ئەوكاریگەرییە ئەرێنیەی كەلەسەر وەرگران هەیبووە لەئەنجامی وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی تایبەت بەو بەرنامەیە.

٤- بەرنامەی (Dr.OZ) ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لەڕۆشنبیركردنی تاك وكار لەسەر تاك ئەكات، لەڕێگەی بەرتوێژانی توێژینەوەكەوە ئەوە دەركەوتووە كەئەم بەرنامەیە كار لەسەر بابەتە هەستیار وگرنگەكان دەكات وتیشك دەخاتە سەر ئەو بابەتانەی كەباسنەكراون.

## ٥- توێژینەوەی (نوزاد عبدالعزیز صالح) ٢٠١٣ [١]

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی (٢٠١٣) دا لەلایەن توێژەر(نوزاد عبدالعزیز صالح)، بەناونیشانی (وظیفة التثقیف الصحي في الصحافة الكوردیة)، ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لەپێویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر پێشكەش بەبەشی (سكوڵی زانستە مرۆڤایەتیەكان / ڕاگەیاندن)ی زانكۆی (زانكۆی سلێمانی) كراوە .

میتۆدی توێینەوە: توێژینەوەیەكی وەسفیە ورێبازی (شیكاری ناوەڕۆك ) بەكارهێنراوە.

كۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوە: سامپڵێكی گشتگیرە لەڕۆژنامەی ( خەبات ورێوان ) وگۆڤارەكانی (پزیشك وهەتوان) لەماوەی نێوان (١/تەموز/٢٠١١ بۆ ٣١/ كانونی یەكەمی ٢٠١١).

ئامانجەكانی ئەم توێژینەوەیە:

١- زانینی ڕادەی گرنگیدانی ڕۆژنامە بەشێوەیەكی گشتی لەهەرێمی كوردستان بەئەركی ڕۆشنبیری تەندروستی.

٢- زانینی جۆرەكانی هونەری ڕۆژنامەوانی بەكارهاتوو لەڕوومالكردنی بابەتەكانی ڕۆشنبیری تەندروستی.

٣- زانینی ئەوسەرچاوەیەی كە بەكاردێت لەڕووماڵكردنی بابەتەكانی ڕۆشنبیری تەندروستی.

٤- زانینی ناوەڕۆكی بابەتەكانی ڕۆشنبیری تەندروستی.

٥- زانینی قەبارەی ئەوبابەتانەی كە بڵاوكراونەتەوە لەبواری ڕۆشنبیری تەندروستی لەهەرێمی كوردستان.

٦- ڕادەی بەرەوپێشچوون وگۆڕانكاری لەڕووماڵی ڕۆژنامەوانی كوردی لەهەرێمی كوردستان، وەئاستی پەیوەندییان بەكێشەكانی ڕۆشنبیری تەندروستیەوە.

دەرەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە:

١- بەشێوەیەكی گشتی ڕۆژنامە تەندروستیەكان لەهەرێمی كوردستان بەشێوەیكی دیاریكراو گرنگیان داوە بەبابەتەكاتی ڕۆشنبیری تەندروستی لەنێوان لاپەڕەكانیاندا، لەنێوەندی خستنەڕووی هەندێك كێشەی

[١] نوزاد عبد العزیز صالح، وظیفة التثقیف الصحي في الصحافة الكوردیة، رسالة الماجسترغیر منشورة، جامعة السلیمانیة، كلیة العلوم الانسانیة، قسم الاعلام، ٢٠١٣.

تەندروستیەوە لەیەك پەرەی تایبەتدا، ئەوەی دەبینرێت هێندەی گرنگی بەوەزارەت وبەڕێوەبەرایەتیە تایبەتەکانی تەندروستی دراوە هەواڵ وچالاکیەکانیان بڵاوکراوەتەوە هێندە گرنگی بەئەرکی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی نەدراوە.

٢- لەڕۆژنامەی (خەبات وڕێوان ) وهەروەها (هەتوان پزیشك) بەتەواوەتی نەتوانراوە هونەری دیاریکراوی ڕۆژنامەوانی دەستیشان بکرێت، زیاتر گرنگی بەهەواڵی تەندروستی دراوە کە ئەمەش لەسەر ئاستێکی بەرزوپێویستدا نیە.

٣- لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە کە تێکەڵەیەك لەسەرچاوە هەیە وەك ئاژانسە هەواڵیە عەرەبی وجیهانیەکان وبابەتی وەرگێڕاو وەرگیراوهەروەها هەبوونی سەرچاوەی دیکەی دەرەکی، هەروەها هەبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وئینتەرنێت لەلایەکی دیکە بووە بەسەرچاوەی هەواڵ وزانیارییەکان.

٤- ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆشنبیری تەندروستی لەسەر ئاستێکی ناوخۆییە ولەکاتی هەبوونی کێشەیەکی تەندروستی لەکۆمەڵگەدا.

٥- دیاریکراوی وکەمی قەبارەی تەرخانکراو بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی لەڕۆژنامە وگۆڤارەکاندا بەدیدەکرێت وهێندەی گرنگی بەبابەتی ئابووری وسیاسی دەدرێت هێندە گرنگی بەڕۆشنبیری تەندروستی نادریت .

٦- ڕۆژنامەوانی کوردی گرنگی نەداوە بەبنەما وڕووماڵکردنی بابەتە تەندروستیەکان بەشێوەی مەبەست، بەجۆرێك لەکاتێکدا بەپێی قەبارە وگرنگی کێشە تەندروستیەکان کاری لەسەر ڕۆشنبیری تەندروستی نەکردووە

**دەیەم: گرنگترین خاڵە لەیەکچوەکانی نێوان ئەم توێژینەوە وتوێژینەوەکانی پێشوو:**

١- سەرجەم توێژینەوەکان جۆری (وەسفی) یان بەکارهێناوە، (٣) توێژینەوەیان ڕێبازی (ڕووپێویان) بەکارهێناوە کەهاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە هەمان میتۆد وڕێبازی تێدا بەکارهاتووە.

٢- لەکۆی توێژینەوەکانی پێشووسەرجەمیان ئامانجیان زانینی ڕادەی تەماشاکردنی سامپڵی توێژینەوە بۆ بەرنامە تەندروستیەکان کەئەم خاڵەش یەکێکە لەئامانجەکان لەم توێژینەوەیەدا.

٣- یەکێک لەئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵ وکاریگەری بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکانە بەهەمان شێوە لەتوێژینەوەکانی پێشوودا ئاماژە بەهەمان ئامانج کراوە.

٤- ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو خاڵی لەیەکچووی تێدایە، لەبەر ئەوەی بابەتی باسکراو لە بەرنامە وتەلەفزیۆنەکانەوە جێگەی گرنگپێدانی وەرگرانە وپێویستە ڕادەی گرنگی وسودبینینی وەرگران بخرێتەڕوو لەبارەی بابەتی باسکراو.

٥- ڕێژەی گرنگیدانی بەرنامە وکەناڵ وڕۆژنامەکان بەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی، کەئەمە خاڵی سەرەکی گرنگپێدراوە لەتوێژینەوەکانی پێشوودا وبەهەمان شێوە لەم توێژینەوەشدا.

٦-زانینی ڕێژەی ڕاستی ودروستی بابەتی باسکراو لەبەرنامە وڕۆژنامەکاندا لەسەرجەم توێژینەوەکاندا گرنگی پێدراوە، بەهەمان شێوە لەم توێژینەوەشدا گرنگی بەو بابەتە دراوە، هەروەها ئەو سەرچاوانەی کەزانیارییەکانی لێوە وەردەگیرێت.

٧- لەسەرجەم توێژینەوەکاندا ولەم توێژینەوەشدا باسکراوە کەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ گۆڕینی ڕەفتاری تەندروستی ئەرێنی لای وەگران وگۆڕینی ڕەفتاری تاکەکانی ناوکۆمەڵگە خێزان وتاکەکان.

**یازدەیەم: ئاستەنگەکانی بەردەم توێژەر**

لەکاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر چەند ئاستەنگێکی هاتە بەردەم لەدیارترینیان :

١- لەبەر ئەوەی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە لەناو نەخۆشخانەی (شار) ئەنجامدراوە کارمەندان وپزیشك ونەخۆشەکانی ئەونەخۆشخانەیە بەنمونە وەرگیراوە، کاتی ئەنجامدانی کارەکە هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی شەپۆلی دووەمی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەمە مەترسی بۆ سەر ژیانی توێژەر دروستکردبوو چونکە بەرکەوتنی ڕاستەخۆی هەبوو لەگەڵ بەرتوێژاندا.

٢- کەمی سەرچاوەی پێویست، لەبەر ئەوەی بابەتێکی نوێیە لەکوردستان سەرچاوە بەزمانی کوردی کەمە وە بەزمانی عەرەبی توێژینەوەی تایبەت بەبوارەکە هەیە بەڵام کتێبی تایبەت بەوبوارە کەمە.

٣- بەهۆی ئەنجامدانی کەرەنتین وقەدەغەی هاتوچۆ توێژەر نەیتوانیوە وەك وپێویست سەردانی کتێبخانە بکات بۆ دەست کەوتنی سەرچاوەی پێویست.

# بەشی دووەم

# ڕاگەیاندنی تایبەتمەند وتەلەفزیۆنی تایبەتمەند

**تەوەری یەکەم : ڕاگەیاندنی تایبەتمەند**

**تەوەری دووەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند**

**تەوەری سێیەم: تیۆریەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکە**

## بەشی دووەم: ڕاگەیاندنی تایبەتمەند وتەلەفزیۆنی تایبەتمەند

## تەوەری یەکەم: ڕاگەیاندنی تایبەتمەند

### ١/١/٢/ سەرەتایەك لەبارەی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندەوە:

ئاشکرایە ڕاگەیاندن وەك هەر بوارێکی دیکەی ژیان ڕووبەڕووی تایبەتمەندبوون بۆتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن وەك ئاوێنەیەك وایە بۆپیشاندانی سەرجەم ڕووداوەکانی چواردەورمان، دەکرێت بڵێین لەسەردەمێکدا دەژین کەپێی دەوترێت سەردەمی تایبەتمەندبوون، ئەوەش دەیسەلمێنێت کەئەو گەشەکردن وفراوانبوونە خێراییەی کەلەسەرجەم بوارەکانی زانست وزانیاریدا ڕوودەدەن هۆکارێکن بۆسەرهەڵدان ودروستبوونی تایبەتمەندی لەسەرجەم بوارەکاندا.[١]

هەمەجۆری بوارەکانی ژیان، وای لەبواری تایبەتمەند کرد بەهایەکی گەورەی هەبێت لەتیشك خستنەسەر ڕووداوێکی دیاریکراو بەئامانجی گەشەپێدان ووردبوونەوە وگرینگیدان بەوردەکاری وسەرجەم لایەنەکان بەبێ بەکارهێنانی هەمەجۆری لەپسپۆریدا، کەواتە ڕاگەیاندنی تایبەتمەند پەیامێکی دیاریکراوە لە ڕێگەی ئامرازی (بینراو، بیستراو، خوێنراو)ی جۆراو جۆرەوە ئاراستەی جەماوەردەکرێت بۆمەبەست وئامانجێکی دیاریکراو.

بڵاوبونەوەی خوێندەواری وگەشەکردنی زانستی وپێشکەوتنی تەکنەلۆژی وزۆربونی گەشەی کۆمەڵایەتی وئابوری، هەروەها دەرکەوتنی ئاژانسەکانی هەواڵ وسەرچاوەکانی زانیاری وچالاکیە ڕۆژنامەوانیەکان بوونە هۆکارێك بۆپێویستی هەبوونی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، سەرکەوتنیش لەم بوارەدا دەرەنجامی کەڵەکەبوونی ئاراستە تازەکان بەرەو تایبەتمەندبوون وهەمەجۆری لێهاتووی پێوانە دەکرێت، بەم شێوەیە تایبەتمەندبوون بوو بەیەکێك لە سیماکانی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ.[٢]

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن جۆراوجۆرن وئاستێکی جیاوازیان هەیە لەگەیاندنی پەیامەکاندا، هەندێك لەپەیامەکان گشتگیرن وبۆ زۆرینەی جەماوەرن، هەندێکی دیکەیان پەیامی تایبەتن وبۆ توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەن،[٣] ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بەبەراورد بەڕاگەیاندنی گشتی ڕاگەیاندنێکی نوێیە وسەرهەڵدانی پەیوەستە بەوەرگرانەوە، لەگەڵ دروستبوونی ئەرکی ڕاگەیاندن گۆڕانکاری بەسەرداهات وتەنها لەگواستنەوەی پەیامەکان وپەخشکردنیاندا نامێنێتەوە بەڵکوبەشێوەیەکی ڕەخنە ئامێز وبەشیکاریەوە پێشکەشی وەرگران بکرێت کەبۆگەشەکردنی توانای هزری وزانستی گرنگە[٤].

---

[١] سید أحمد مصطفى عمر، الاعلام المتخصص الدراسة وتطبيق، دار منشورات جامعة قاريونس، بنغازي، ١٩٩٧، ص١٥

[٢] سلام نصرالدين محمد، البث التلفزيونى المتخصص في إقليم كوردستان، اطروحة دكتوراه غير المنشوره، جامعة السليمانية قسم الاعلام، ٢٠١٢، ص٢٢

[٣] سميرمحمود، الاعلام العلمي، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة ،٢٠٠٨، ص٨٧

[٤] سميرة محي الدين شيخانى، محمد خليل الرفاعي، الصحافة المتخصصة، منشورات جامعة دمشق، ٢٠١٨، ص١٥

**١/٢ /٢/ پێناسەی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند**

ڕاگەیاندنی تایبەتمەند دەکەوێتە ناو بوارێکی دیاریکراو لەبوارەکانی ژیانی سیاسی یان ڕۆشنبیری یان ڕاگەیاندنی یان ئابووری یان زانستی یان ئاسایش یان وەرزشی، بایەخە بنچینەیەکەی چڕدەبێتەوە لەچارەسەرکردنی ڕووداوەکان ودیاردەکان وپەرەسەندنەکان لەم بوارەدا دیاریکراوە.[١]

ڕاگەیاندنی تایبەتمەند ڕاگەیاندنێکی ئامانجدارە بۆبەدیهاتنی ئامانجێکی دیاریکراو کەڕەنگە خۆی لەئامانجێکی سیاسی یان ڕاڤەکردنی بابەتێکی دیاریکراودا ببینێتەوە کەبایەخێکی لەڕادەبەدەر هەبێت بۆکۆمەڵگەیەکی دیاریکراویان چەند کۆمەڵگەیەك لەهەمان کاتدا.[٢]

شێوازێکی ڕاگەیاندنی زانیارییە کەلەڕێگای ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە دەبێت وبایەخ بەبواری دیاریکراو دەدات لەبوارەکانی مەعریفە وئاراستە دەکرێت بۆجەماوەرێکی گشتی یاخود تایبەت، هەموو هونەرەکان بەکاردەهێنێت وپشت بەڕاستیەکان وبیرۆکە تایبەتمەندەکان دەبەیست[٣].

ڕاگەیاندنی تایبەتمەند ئەو ڕاگەیاندنەیە کەهەموو تواناکانی دەخاتەگەڕ لەپێناو ڕۆچوون وقوڵبوونەوە لەیەك بواری دیاریکراودا، وهەروەها لەیەك جۆر لەئامرازەکانی ڕاگەیاندندا کار دەکات، بۆجەماوەرێکی تایبەتمەند یان جەماوەرێکی گشتی، هەمووکارەکانی هەوڵدانە بۆکۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری وهەواڵ وشیکاری لەبارەی بابەتێکی تایبەتمەندەوە، هەروەها کار دەکات بۆڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر بەمەبەستی دروستکردنی ڕایەکی گشتی لەبەرامبەر ئەوبابەتانەی بڵاویان دەکاتەوە.[٤]

کەواتە ڕاگەیاندنی تایبەتمەند دوو کۆڵەکەی بنچینەیی هەیە ئەوانیش:

١- بابەتی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند (ناوەڕۆك)
٢- جەماوەری تایبەتمەند (وەرگر)

لەبەر ڕۆشنایی تێگەشتنمان بۆئەم چەمکانە دەتوانرێت دووجۆر لەڕاگەیاندنی تایبەتمەند دیاریبکرێت:

جۆری یەکەم: ئەوڕاگەیاندنەیە کە بابەتێکی تایبەتمەند بۆجەماوەرێکی تایبەتمەند پێشکەش دەکات وەك بابەتی (ژنان، پزیشکی، ئەندازیاری، کارگێری، ئابووری)،هتد.

جۆری دووەم: ئەوڕاگەیاندنەیە کەبابەتێکی تایبەتمەند بۆجەماوەرێکی گشتی پێشکەش دەکات وەك بابەتەکانی (وەرزش، تەندروستی، هونەری، هتد...)کە ئەمە زیاتر لەڕۆژنامە وگۆڤارە گشتەیە هەفتانەییەکاندا ولەکەناڵەکانی تەلەفزیۆن جێبەجێدەکرێت.[٥]

---

[١] محمد منیر حجاب، الموسوعة الاعلامیة، المجلد الاول، دار الفجر للتوزیع والنشر، ط ٢، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٢١٣٣

[٢] بڕوانە: عادل شاسواری، بەکۆمەڵایەتی بوون لەنێوئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٦٧

عادل شاسواری، ڕاگەیاندنی تایبەتمەند وڕۆژنامەگەری مناڵان بەتایبەتی، ناوەندی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٧

[٣] سید أحمد مصطفی عمر، الاعلام المتخصص دراسة وتطبیق، مجلة البحوث الاعلامیة، ع١٩، بنغازي،٢٠٠٠، ص١١٢

[٤] بسام عبدالرحمن المشاقبة، الاعلام التعاوني، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥

[٥] بڕوانە: فاروق أبوزید، الصحافة المتخصصة، عالم الکتب، القاهرة، ١٩٨٦، ص ٢٥

إسماعیل إبراهیم، الصحفي المتخصص، دار فجر للنشر، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ١٣

إبراهیم فؤاد الخصاونة، الصحافة المتخصصة، دار المسیرة للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠١٢، ص٣٦

### ٣/١/٢/ مێژووی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند

لەوڵاتانی پێشکەوتوو وسەرمایەدار وفیدراڵیەکان گرنگیەکی زۆر دەدەرێت بەڕاگەیاندنی تایبەتمەند بەجۆرێك زۆرینەی بڵاوکراوە وکەناڵەکانیان تایبەتمەندن بەبوارێکی دیاریکراو، ئەگەر بڵاوکراوەیەکی گشتیشیان هەبێت ئەوا چەند لاپەڕەیەك یان چەند گۆشەیەکی بڵاوکردنەوە یاخود چەند کاتژمێرێکی پەخش تایبەت ئەکەن بەبابەتێکی دیاریکراو وگرنگ کە بینەر یان خوێنەر وگوێگری تایبەتمەندی هەیە.[١]

ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانی یونسکۆ باس لەگەشەکردن وسەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند دەکات وئاماژە بەوئاستەنگانە دەکات کە لەئێستادا ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنوسان دەبێتەوە، هەبوونی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بەپێویست وگرنگ دادەنێت لەئێستادا، پشت بەست بەوڕاپۆرتە، دەردەکەوێت کەیەکەم گۆڤاری تایبەتمەند لەفەرەنسا بووە لەساڵی (١٦٦٥) کە ناوی گۆڤاری (زانایان) بووە، تایبەت بووە بەبابەتی زانستی، دواتر چەندین گۆڤاری تایبەت بەژنان ومناڵان ئیزگەی تایبەت بەگۆرانی ومیوزیک وئاین) دامەزراون،[٢] لەولایەتە یەکگرتووەکان ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە وگۆڤاری تایبەتمەندیان هەبووە، هەروەها لەبەریتانیا رۆژنامەگەری تایبەتمەند لەساڵی (١٧٨٥) سەری هەڵدا، ئەویش ڕۆژنامەی (Times) بوو، کە خاوەنی ڕۆژنامەکە (جۆن والتر) بووبازرگانێکی بەناوبانگی ئەوکاتە بووە ڕیکلامە بازرگانیەکان وهەواڵەکانی تایبەت بەکەشتیوانی دەریایی وبازاڕە بازرگانیەکانی بڵاوکردۆتەوە. [٣]

یەکەمین ڕۆژنامەی تایبەتمەند لەوڵاتی ئێران بەزمانی فارسی ڕۆژنامەی (وقایع عدلیە) بوو، لەساڵی(١٩٠٩) زاینی کەتایبەت بوو بەبواری یاسایی ودادوەری وهەواڵەکانی ئەوبوارەی بڵاودەکرایەوە تیایدا، وە لەساڵی(١٩١٥) زاینی سێ بڵاوکراوەی تایبەتمەندی تر لەشاری تاران بەناوەکانی (لاپاتری، ڕۆژنامەی نظامی علمیە وادبیە، ڕۆژنامەی علمی ) بڵاوکرانەوە.[٤]

لەوڵاتانی عەرەبی یەکەم ڕۆژنامەی تایبەتمەند کە بەیەکەم گەشەکردنی سروشتی ولۆژیکی دادەنرێت لەساڵی (١٨٢٨) ڕۆژنامەی (جۆرنال الخدیوی) بوو لەمصر، وە لەساڵی (١٨٥٤) ڕۆژنامەی (المرآت) چاپکرا لەژێر دەسەڵاتی والی عوسمانی، وە هەروەها ڕۆژنامەی (الصحیفة العشریة) هەروەك لەناوەکەیەوە دیارە کەهەموو(١٠) ڕۆژ جارێك دەردەچوو، لەدوای رۆژنامەی العشریة ڕۆژنامەی (الوقائع المصریة) کە (محمد علی) بەهەردووزمانی عەرەبی وتورکی چاپی.[٥]

لەوڵاتی عێراق بەو واتایەی ئێستای ڕاگەیاندنی تایبەتمەند دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ئینقلابی دەستوری عوسمانیەکان ساڵی (١٩٠٨)، لەدوای دەرچوونی دەستوری نوێی عثمانی یەکەم ڕۆژنامەی گاڵتەو گەپ

---

عادل شاسواری، بەکۆمەڵایەتی بوون لەنێوئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٧

[١] شکریة کوکز السراج، الصحافة المتخصصة في العراق بعد أحداث٢٠٠٣/٤/٩، المجلة الباحث الاعلامي، ع٤، العراق-بغداد، ٢٠٠٨، ص١٣٠

[٢] أمیرة عبدالله الجاف، دراسة النظریة في مفهوم الاعلام المتخصص، ڕۆژنامەوانی موقع کوردي یختص بفنون وعلوم الصحافة، أربیل ٢٠١٥، کاتی سەردانی(٢٠١٩/٤/١ کات ٥:٠٠pm)http://www.rozhnamawany.com

[٣] بسام عبدالرحمن المشاقبة، الاعلام التعاوني، دار أسامة للنشر والتوزیع، الاردن-عمان، ٢٠١٦، ص٣٧

[٤] حسێن قەندی، ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند، و. کارزان محمد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، ٢٠٠٨، ل ٣٣

[٥] أمیرة عبدالله الجاف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢

بەنـاوی (الهنـدی) لەشـاری بەسـرە دەرچـوو، لەدوای ئەو ڕۆژنـامەی (خـان جغـان) کە بەهەمـان شـێوە ڕژنـامەیەکی گـاڵتە ئـامێز بـوو لە شـاری بەغـداد دواتـریش ڕۆژنـامەی (أفنـدی) و (التعـاون) تـایبەت بە کرێکاران دەرچوو.[1]

لەهەرێمـی کوردسـتان ڕاگەیانـدنی تایبەتمەنـد لەسـاڵانی پـێش ڕاپەڕیـن (١٩٩١) بەدوو شێوەی جیـاواز هەبـوون، ئەوانـیش کە لەلایەن حزبێکـی دیـاریکراو یـان ڕێکخراوێـك یـان بـزوتنەوە و کـۆمەڵەیەکی کە بەشێوەی ڕۆژنامە وگۆڤار وهەندێك کات ڕادیۆ وشانۆگەری چالاکیە نیشتمانیەکانیان دەخستەڕوو، شێوەی دووەم تایبەت بوو بەحکومەتی بەغدا کەبەشێوەیەکی فەرمی بوو کەڕۆژنـامە وگۆڤار وڕادیۆ وتەلەفزیۆنی لەخۆگرتبوو، دوای هاتنە سەردەسەڵاتی (صدام حسین) تەنها دوو کەنـاڵی تەلەفزیۆنی تـایبەت بەدەسەڵات وچەند لاپەڕەیەکی تـایبەت بەبواری تایبەتمەندمانەوە کەسەرجەمیان لەخزمەتی حزبی دەسەڵاتداردابوو، تـاڕاپەڕینی گەلـی کـورد سـاڵی (١٩٩١) بەم جۆرە بـوو، بەڵام دواتـر چەنـدین کەنـاڵ وڕادیـۆ وڕۆژنـامە وگۆڤـاری تایبەتمەنـد بڵاوکـرانەوە، ئەگەر پێـداچوونەوەیەکی مێـژووی بۆبـوارە تایبەتمەنـدەکان بکەیـن لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ئەوا دەگەڕێینەوە بۆساڵی (١٩١٤) یەکەم گۆڤاری تایبەتمەندی زمانحاڵی کـوردی بەنـاوی (بـانگی کـورد) لەبەغـدا دەرچـوو، کە گۆڤـارێکی ئەدەبـی وڕوونـاکبیری بـوو هەروەهـا گۆڤاری (پەیژە) ساڵی ١٩٢٧، (هیوا) ساڵی ١٩٥٧ کەگۆڤاری ئەدەبی وڕونـاکبیری بوون، وە لەبواری تایبەتمەند بەژنان رۆژنامەی (ئافرەت) ساڵی ١٩٥٩ بەزمانی کوردی دواتر ڕۆژنامەی (خەباتی ئـافرەت و تەوار) بڵاوکرانەوە، بڵاوکراوەکانی منـاڵان وەك (ئەستێرە -١٩٧٢) چەند بڵاوکراوەیەکی دیکە (گزنگی بچوکـان وسروشـت)بڵاودەکرانەوە، هەروەهـا تـایبەت بەگەنجـان ولاوان سـاڵی ١٩٣٣ یەکەم ڕۆژنـامەی تـــایبەت بەلاوان بەنـــاوی (یادگـــاری لاوان) کە لەبەغـــدا ولەلایەن کۆمەڵێـــك گەنجـــی کـــورد لەزانکـــۆ وپەیمانگاکـانی بەغدا بڵاویانـدەکردەوە، دواتـریش چەنـدین بڵاوکـراوەی تریـان هەبـوو وەك (کوردسـتان، هیوای کوردستان، دەنگی قوتابی، پێشرەو، خەباتی قوتـابی ...هتد)، لەبواری سەربازیدا گۆڤاری (دەنگی پێشـمەرگە - ١٩٦٧) هەروەهـا (سـنگەر وڕێبـازی پێشـمەرگە) بڵاودەکـرانەوە، هـونەری گۆڤارەکـانی (ڕەنگاڵە و هۆرە) هەبوو بەڵام لەبواری تەندروستیدا بەهۆی نەبوونی هۆشیاری تەندروستی وسەرقاڵبوون بەبابەتی ئەدەبی و نیشتمانپەروەری تەنها لەساڵانی هەشتاکاندا گۆڤاری (تەندروستی و کۆمەڵ )هەبووە.[2]

---

[1] فاطمـة حسین سلومي، التطـور فـي الصـحافة العراقيـة المتخصصـة، المجلـة العراقيـة الاكاديميـة العلميـة، ٢٠١٢، كـاتی سەردانی (٢٠٢٠/٢/٩) کات (am٩:٣٦)https://www.iasj.net/iasj?func=article&aId=٢٧٠٥

[2] بڕوانە: کەمال مەزهەر، تێگەشتنی ڕاستی ..شوێنی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨، ل٢٤٢-٢٤٤

کاروان علی، ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك ٢٠٠٧، ل ٩١ -١٣٥

**٤/١/٢/ هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند**

ڕاگەیاندنی تایبەتمەند دەرەنجامی دیاردەیەكی مێژووی كۆمەڵایەتیە وسەرهەڵدان وگەشەكردنی كردارێكی ئاڵۆز ودرێژخایەنە كەلە مێژووی كۆمەڵدا دەركەوتووە وسەریهەڵداوە، دیاردە وسەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆكارێكی سەرەكی كە هەریەكەیان بەپێی كات وشوێنی خۆی ڕۆڵی هەبووە لەدەركەوتنی ئەودیاردەیە كەوەك بنەمایەكی سەرەكی كۆڵەكەكانی لەسەر بنیاد نراوە،[١]

**١- دابەشبوونی كۆمەڵایەتی كار**

ڕاگەیاندنی تایبەتمەند گوزارشتێكە سەبارەت بەڕەنگدانەوە ودابەشبوونی كۆمەڵایەتی كار، ئەودابەشكردنەش پەیوەستە بەئاستی گەشەكردنی شارستانێتی گشتی كۆمەڵگە وگەشەكردنی هێز وپەیوەندییەكانی بەرهەمهێنان، ڕەنگدانەوەی هەموو ئەوانەش لەژیانی مادی وڕوحی كۆمەڵگەكاندا، بەوپێیەی كەجیاوازی هەیە لەپێشكەوتنی شارستانی كۆمەڵگە جیاوازەكاندا، دابەشبوونی كاریش لەنێوان كۆمەڵگەكاندا جیاوازی هەیە، هەروەك چۆن لەناو خودی كۆمەڵگەكانیشدا جیاوازی هەیە لەبوارێكەوە بۆبوارێكی دیكە هۆی جیاوازی پێشكەوتنەكانی بوارێك بۆبوارێكی دیكە، بۆنمونە لەشوێنێك كشتوكاڵ گەشەدەكات یان پیشەسازی یان داهێنان زیاد دەكات یان وەرزش، هتد....

**٢-بڵاوبونەوەی خوێندەواری**

بڵاوبونەوەی خوێندەواری فراوانبونی بوارەكان وكاریگەرییە ڕۆشنبیریە كەڵەكەبووەكان لەسەر بڵاوبوونەوەی خوێندەواری، لەبەرئەوەی خوێندەواری ئەو بناغەیە كەڕۆشنبیری لەسەر بنیاد دەنرێت، سەرەڕای زیاد بوونی پێداویستیەكانی جەماوەر لەڕێگای ڕاگەیاندنەكانەوە بۆتوێژە خوێندەوار وڕۆشنبیرەكان، ڕاگەیاندنی گشتی لەتوانایدا نەماوە كە بتوانێت ئەو بابەتانە پێشكەش بكات كەپێداویستی سەرجەم چین وتوێژەكان پڕ بكاتەوە.[٢]

**٣- فراوانبوونی بوارەكانی مەعریفە**

فراوانبوونی بوارەكانی مەعریفە كەڕاگەیاندن پێشكەشی دەكات بۆئەوەی سەرجەم بوارەكانی ژیان بگرێتەوە وەك (وەرزشی وزانستی وژینگە وتەكنەلۆژیا وتەندروستی وڕۆشنبیری) كەڕاگەیاندنی گشتی سەرەڕای توانای خۆگونجاندن وهەوڵدان بۆهەمەجۆر كردنی بابەتەكانی لەتوانایدا ڕووبەڕووی ببێتەوە.[٣]

**٤- نەمانی سادەیی وساكاری ڕووداوەكان**

لەدەستدانی سادەیی وساكاری لەڕووداوەكاندا دیاردە وگەشەكردنەكانی بەهۆكارە جیاواز وهەمەجۆرەكان، لەتوانای ڕاگەیاندنی گشتیدا نەماوە كەچارەسەرێك بەپێی پێویست پێشكەش بكات، ئەمە بووە پاڵنەرێك بۆدەركەوتنی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند.[٤]

---

[١] أديب خضور، الاعلام الامني، مكتبة الاعلامية، دمشق، ٢٠٠٢، ص١٢

[٣] كاروان علي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩

[٣]إبراهيم فؤاد الخصاونة، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥

[٤] بڕوانە: عادل شاسواری، بەكۆمەڵایەتی بوون لەنێوئەركەكانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٢
عادل شاسواری، ڕاگەیاندنی تایبەتمەند ڕۆژنامەگەری منداڵان بەتایبەتی سەرچاوەی پێشوو، ل٩

**٥- فراوانبوونی چوارچێوەی جوگرافی**

پەیوەندیدارە بەئاستی گەشەکردنی تەکنەلۆژیا وبەکارهێنانی لەبواری ڕاگەیاندندا، لەکاتێکدا ڕووماڵی ڕاگەیاندن لەچوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بوو، پاشان گەشەیکردووە بۆئاستی هەرێمایەتی پاشان ئاستی کیشوەری وگەشتن بەئاستی جیهانی، فراوانبوونی چوارچێوەی جوگرافی بۆڕووماڵی ڕاگەیاندنانە دەگەڕێتەوە بۆزیادبوونی بایەخ وپێداویستیەکان.

**٦- زیادبوونی چالاکی ئەو ڕۆڵەی ڕاگەیاندن دەیگێڕێت لەژیانی تاکەکان وکۆمەڵگەدا**

ئەو هێزانەی کە لەپشت ڕاگەیاندنەکانەوە وەستاون وهەوڵی بەدیهێنانی کاریگەری دەدەن بەشێوەیەکی فراوان لەواقعی کۆمەڵایەتیدا ئەوەش بەگەشتن بەتوێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لەرێگەی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندەوە، کە بەسەرکەوتووترین ئامراز دادەنرێ لەئاراستەکردنی کۆمەڵە بچوکەکان کە لەڕووی تەمەن وکارەوە لەیەك نزیکن.[١]

**٧- زیادبوونی پێداویستی ڕاگەیاندن بۆتوێژی خوێندەوار وڕۆشنبیرەکان**

لەڕووی زانستیەوە سەلمێنراوە کەخوێنەر بەئامانج دەخوێنێتەوە وەك چۆن نوسەر بەئامانج دەنوسێت، زۆرینەی کات ئەوئامانجە بۆتێرکردنی پێداویستیەکانە لەبەر ئەوەی بەرزی ئاستی خوێندەواری وڕۆشنبیری بووەتە هۆی دەرکەوتنی جیاوازی پیداویستیەکان بەشێوازێکی ئاڵۆز.

٨- **ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لەقۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردنی وەرگر(بینەر وبیسەر وخوێنەر) دا دەرکەوت لەڕووی چەندێتی وچۆنێتیەوە.**کاتێك گەشەکردن گەشتە ئاستی کۆمەڵگەی جەماوەری، ڕاگەیاندنی جەماوەری دەرکەوت کە هەمووشتێك لەخۆدەگرێت وئاراستەی هەمووکەسێك دەکرا، هەر وەك ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بەمەبەستی ووردبوونەوە لەبوارێکی تایبەتمەند بۆجەماوەرێکی دیاریکراو.[٢]

٩- **ململانێی نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندە**، کە هەریەکەولەلای خۆیەوە هەوڵ دەدات بەشێوازێکی دیکە کاری ڕاگەیاندن بکات بەمەبەستی سەرکەوتن وململانێ لەگەڵ کەناڵەکانی دیکەدا دروستکردنی کاریگەری لەسەر تاك وکۆمەڵگە.

١٠- **پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەبواری میدیادا:** بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دووهۆکار هەن کەوا دەکەن بەردەوام میدیا بەرەوتایبەتمەند بوون بچێت ئەوانیش:

یەکەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی: ئیشوکار وپسپۆری وشارەزایی مرۆڤ، بەشێوەیەکی بەردەوام بەرە وتایبەتمەندبوون دەچێت لەبوارێکی دیاریکراودا، کەئەمەش وادەکات تاکەکان لەبوارە دیاریکراوەکاندا خۆیانی بۆتەرخان بکەن.

دووەم: هۆکاری تەکنەلۆژی: ئەو شۆڕشە مەزنەی لەبواری تەکنەلۆژیادا ڕوویدا لەپەخش وپەیوەندی ومیدیادا، وای لەمرۆڤ کرد کاتی زیاتر تەرخان بکات بۆنوسین وخوێندنەوە وبیستن وبینین بەتایبەت لەوبوارانەی کە لەگەڵ مەیل وئارەزووی کەسەکاندا دەگونجێت.[٣]

---

[١] أديب خضور، الاعلام المتخصص، المكتبة الاعلامية، دمشق، ٢٠٠٥، ص٨

[٢] إبراهيم فؤاد الخصاونة، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦

[٣]کاروان علي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١

**٥/١/٢/ ئاستەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند**

ڕاگەیاندنی تایبەتمەند لە چەند ئاستێک پێکدێت ئەوانیش:[(١)]

ئاستی یەکەم: خۆی لەلاپەڕە تایبەتمەندەکاندا دەبینێتەوە کە لەڕۆژنامە ڕۆژانە وهەفتانە گشتیەکان وهەروەها گۆڤارە هەفتانەیەکاندا هەیە، ئەم لاپەڕانە بەتایبەت ئاراستەی خوێنەری ئاسایی وناتایبەتمەند کراوە کەزیاتر لەڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆژنامە ڕۆژانە گشتیەکانەوە خۆیان بەزانیاری دەوڵەمەند دەکەن لەسەرجەم بوارەکانی مرۆڤایەتیدا وەك سیاسەت وئابووری وکۆمەڵایەتی وزانست وئایین و...هتد. لێرەدا زانیارییەکانی ئەولاپەڕە تایبەتمەندانە وەك بنەمای جەوهەری کەلتوری گشتین کەخوێنەری ئاسایی بەدەستی دەهێنێت.

ئاستی دووەم: لەڕۆژنامە وگۆڤارە تایبەتەکاندا کەهەفتانە یان مانگانە دەردەچن، تێبینیدەکرێت کە ئەوانیش بابەتەکانیان بۆخوێنەرێکی دیاریکراوە کەخاوەنی ئاستێکی ڕۆشنبیری مامناوەندن بەزانیاریەکانی ناو ڕۆژنامە وگۆڤارە گشتیەکان تێر نابن.

ئاستی سێیەم: لەڕۆژنامە وگۆڤارە زانستیە تایبەتمەندەکاندا خۆی دەبینێتەوە کەڕەنگە مانگانە یان نیو مانگ یان ساڵانە دەربچێت، ئەم بڵاوکراوانەش بەزۆرینە توێژینەوە ولێکۆلینەوەی نوێ بڵاودەکەنەوە کەزانستەکان پێیگەشتوون، بابەتەکانی ئاراستەی خوێنەرێك دەکرێت کە ئاستی ڕووناکبیری بەرز بێت، جیاوازی ئەم ڕۆژنامەنوسیە لەگەڵ کتێبدا ئەوەیە کەنرخی هەرزانترە وهەروەها بابەتەکانی نوێ وگەرم وگوڕترە، دەتوانین بڵێین دووجۆر لەکاری ڕۆژنامەوانی هەیە ئەوانیش:

١- پەیوەستە بەبەشەکانی دەرەوە کەزیاتر لەبڵاوکراوە ڕۆژانەی وهەفتانەیەکاندا دەیان بینین.

٢-ئەو بڵاوکراوە تایبەتمەندانەیە کە پەیوەستە بەکاروبارە دەرەکیەکانەوە ئەم جۆرە لەناوجەرگەی ڕۆژنامەوانی گشتیەوە هەڵقوڵاوە بەرەوگەشەکردن چووە بووەتە جۆرێکی تایبەت وجیاواز.

**٦/١/٢/ پێکهێنەرەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند**

**یەکەم: بواری تایبەتمەند:** ژیانی کۆمەڵگە وەك کەشتیەکی فرە ڕەنگ وفرە بواری جۆراوجۆرە، ژیانی هەر کۆمەڵێك هاو واتا وڕەنگدانەوەی خەسڵەتەکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانە، هەمە جۆریەکەیان وابەستەیە بەهەمەجۆری چالاکیە مرۆییەکانەوە، وە چالاکیە مرۆییە ئابووریەکان بنەمای بوونی بواری ئابووری دەرەخسێنێت، هەروەها چالاکیە سیاسیەکان بنەمای بوونی سیاسەت دەرەخسێنێت، بۆسەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیان ئەم ڕێسایە گونجاوە، [(٢)]وە هەریەك لەم بوارانە لەسەر بنەمای هەندێك پێودان تایبەتمەندێتی خۆی وەردەگرێت لەگرنگترینیان:[(٣)]

١- سروشت وجۆری ئەویاسایەی کاریان پێدەکرێت و ژیانیان لەو بوارەدا ڕێکخستووە.

٢- سروشت وجۆری ئەوهێزانەی کاردەکەن وبزوێنەری ژیانن لەوبوارەدا.

---

[(١)] بروانە:إسماعيل إبراهيم، فن التحرير الصحفي بين النظرية والتطبيق، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة، ص١١
ليلى عبدالمجيد وفاروق أبوزيد، الصحافة المتخصصة، دار العربية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩، ص٢٠
فاطمة حسين سلومي، التطور في الصحافة العراقية المتخصصة، سەرچاوەی پێشوو.

[(٢)]أديب خضور، الاعلام الصحي- دراسة في تأصيل المفهوم، جامعة الشرق الاوسط- كلية الاعلام، ٢٠١٥، ص٧

[(٣)] أديب خضور، الاعلام المتخصص، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥، ل١٤

٣- پلەی پێشکەوتنی بەدەستهاتوو لەو بوارەدا.
٤- سەنگ وپێگەی ئەو بوارانە لەژیانی تاك وکۆمەڵدا.
٥- جۆری ئەو کەسایەتیانەی کە لەوبوارەدا چالاکن
٦- گرتنەبەری میکانیزمی بڕیار ودروستکردنی بڕیارێك لەوبوارەدا.
٧- تێڕوانین وهەڵسەنگاندی کۆمەڵگە بۆئەوبوارانە.
٨- قەبارەی ئەوتوێژینەوە کۆمەڵایەتیانەی لەوبوارەدا دەکرێن.
٩- جۆروسروشتی ئەوپێویستیانەی کە لەوبوارەدا هەوڵی بۆدەدرێت.

**دووەم: بابەتی تایبەتمەند:** مەبەست لەبابەتی تایبەتمەند چیرۆکێکە یان باسێك یان پرسێك یان دیاردە ورووداوێکەکە ناوەڕۆکی پەیامەکەی هەڵگرتووە، خەسڵەتەکانی بواری سیاسی جیاوازە لەخەسڵەتەکانی بواری زانستی، بۆنمونە لەبواری سیاسیدا هەریەك لەتایبەتمەندییەکانی (هەستیاری، خێرای، گۆڕانی بەردەوام، بەرپرسیارێتی، مەترسی، پێچ وپەنا، نەرمی جۆری بابەتەکە، سروشتی سەرچاوەکان، توانای خوێندنەوە وشرۆڤەکردنی ڕووداوەکان، سروشتی کەسایەتیە کاراکان) وجیاوازی هەریەکە لەبواری زانستیدا خەسڵەتی (چەسپاوی ووردی، جۆرێتی، سەرچاوە، جەماوەر، سروشتی پێوانەکانی هەڵسەنگاندن ....هتد) جیاوازی هەیە.[1]

گرنگترین پێکهێنەرەکانی بابەتی تایبەتمەند ئەمانەن:

١- سروشتی بابەتەکە: ئایا بابەتەکە ماددییە، مەعنەویە، دەروونیە، خودییە، گشتیە یان تایبەتە، جەماوەری فراوانی هەیە یان دیاریکراو، جەماوەرەکەی تایبەتمەندە یان ئاساییە؟
٢- سەرچاوەکانی بابەت: لایەنی ڕەسمیە، ئەهلیە، تاکە، دەزگایەکە، سەرچاوەی ناوخۆیی یان دەرەکیە؟
٣- مادەی بابەتەکە: ئایا بابەتەکە ڕاستەقینەیە یاخود هەوڵدانە بۆجولاندنی هەست وسۆز.
٤- ئەوپێوەرانەی کەبەکاردەهێنرێت بۆدیاریکردنی بابەتەکە: ئایا بابەتەکە خودیە یان بابەتیە پلەی گرنگیەکەی وقەبارەی گرنگیەکەی چەندە؟
٥- چۆنێتی چارەسەرکردنی بابەتی بەئامانجگیراوە هەروەها ئامانج چیە لەهەڵبژاردنی ئەوبابەتە، هەڵوێست وکاردانەوەی جەماوەر بۆبابەتەکە.
٦- ڕێگەی چارەسەری گونجاو، ئەوئامرازەی کەبەدواداچوون بۆبابەتەکان دەکەن چین ومەبەست لەبەکارهێنانیان چیە؟
٧- شێوازی خستنەڕوو پێشکەشکردنی گونجاو بۆبابەتەکە.
٨- جۆری ئەو پەیوەندیانەی کەبەکاردەهێنرێت بۆچارەسەرکردنی بابەتی بەئامانجگیراو.
٩- جۆری هونەری ڕۆژنامەوانی گونجاو بۆچارەسەرکردنی بابەتەکە واتا ئایا بەشێوازی هەواڵ یان ڕاپۆرت یان بەدواداچوون یان وتار وگفتوگۆ دەبێت[2] .

---

(١) کاروان علی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩
(٢) أدیب خضور، الاعلام المتخصص، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

**سێیەم: ڕووداوی تایبەتمەند**

ڕووداو خەسڵەت وتایبەتمەندێتی لەو چوارچێوەگشتیە وەردەگرێت کە لێیەوە هاتووە، یان ئەوبوارانەی کەپەیوەستە پێیەوە سەرەڕای جیاوازی لەبوارەکانی دروستبوون وسەرهەڵدانی ڕووداودا، دەکرێت ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەین وەك خەسڵەتی ڕووداوی تایبەتمەند ئەوانیش:

١- ڕووداو ڕەنگدانەوە وکاردانەوەی گۆڕانێکە کە لەچوارچێوەی گشتی بەردەوام ونەگۆڕدا ڕوودەدات ووەك خاڵێك یان ساتێك وایە لەوچوارچێوەیەدا.

٢- بابەتی ڕووداو، بەشێکی وقوڵ وسنورداره، لەڕووداودا جێگەیەك بۆگشتی وڕەها نیە.

٣- سروشتی ڕووداوکاتیە وڕووداومێژووی وچرکەساتە.

٤- ژیانی ڕووداوکورتە، هەرچەندە گەورەبێت، بەڵام ساتێکە ودواتر ڕووداوێکی دیکە لەدایك ئەبێ.[١]

**چوارەم: جەماوەری تایبەتمەند**

جەماوەر دەبێتە لایەنی دووەم لەهاوکێشەی کاری پەیوەندیکردن دادەنرێت لەڕاگەیاندندا، جەماوەریش بەو پێیەی کە توێژێکی کۆمەڵایەتیە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن  لەهەوڵی ئەوەدان بەتوێژە کۆمەڵایەتیەکە بگەن وکاریگەری لەسەر دروست بکەن، چەمکی جەماوەر چەسپێنراوە بەومانایەی کە زۆر ئاستەمە سنورێکی دیاریکراو وروون وئاشکرا بۆجەماوەری هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن یان بابەتێکی ڕاگەیاندن دیاریبکرێت کەجیای بکاتەوە لەجەماوەر وئامرازێکی دیکە .

گرنگی جەماوەر وئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆچەند بایەخێك دەگەڕێتەوە:[٢]

١- گرنگی ڕاگەیاندن: ئاماژەی سەرکەوتنی هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن بۆئەو پەیوەندیە دەگرێتەوە کە لەنێوان جەماوەر وئامرازەکانی ڕاگەیاندندا هەیە، وەهەروەها ئەو توانایەی کە هەیەتی لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی وجێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، هەموو ئامرازێکی ڕاگەیاندن بەلەبەرچاوگرتنی جۆر وکەسێتی وخاوەندارێتی وئەوسیستمەی کاری تێدا دەکات لەبنەڕەتدا پرۆژەیەکی فکری ئایدۆلۆژی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسی وڕۆشنبیری وئاینیانەیە کەبەڕێوەی دەبەن .

٢- بایەخی مادی: لەگەڵ ئەوەی کەبوونی هەرئامرازێکی ڕاگەیاندن وابەستەیە بەپرۆژەیەکی فیکری وئایدۆلۆژی، مانای ئەوەنیە کەبەدەرە لەڕاستیەکی تر کەهاوتەری بەلەگەڵ بایەخی یەکەم کەهەر ئامرازێکی ڕاگەیاندنی جەماوەری پرۆژەیەکی ئابووریە بەئامانجی بەدەستهێنانی قازانجی ماددی.

٣- بایەخی پەیوەندیکردن: پەیوەندی نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەجەماوەرەکەیەوە بەپەیوەندیەکی بزوێنەر وجوڵەدار دادەنرێت وبەردەوام لەگۆڕانکاریدایە پەیوەندیەکی جێگیرنیە لەنێوان ئامراز وجەماوەرەکەیدا، جگە لەڕاستی ئەوپەیوەندیە بەردەوام گۆڕاوی لەسروشتی ئەوپەیوەندیە وشێوە وناوەڕۆکی پەیوەندیەکەدا هەیە.

---

[١] نوردين دحمار، قضايا البئية فی الصحافة المكتوبة، دراسة تحليلية لجريدتي وقت الجرائر والشعب، الرسالة في حصول الشهادة الماجستير، الجامعة الجزائر الجامعة الجزائر، كلية  العلوم السياسة والاعلام، السنة جامعية(٢٠١١-٢٠١٢)، ص٩٧.

[٢] أديب خضور، الاعلام الصحي، سەرچاوەی پێشوو، ل٧

٤- تایبەتمەندیەکانی جەماوەری ڕاگەیاندنی تایبەتمەند [١]

١- جەماوەرێکی دیاریکراون: یەکێك لەسیما گرنگەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند ئەوەیە کە توانای ناسینەوەی جەماوەرێکی دیاریکراوی هەیە دەتوانێت بیانگاتی وبیاندوێنێ.

٢- جەماوەرێکی بەرتەسکن: جەماوەری ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بەوە دەناسرێنەوە کە لەبازنەیەکی بەرتەسکدان کەئەویش بابەتی دیاریکراوی تایبەتمەندە بۆنمونە گۆڤارێکی پزیشکی تایبەت بەدەرمانسازی کە تەنها بۆکەسانی ئەوبوارەیە.

٣- جەماورێکی پێشتر ناسراون: زۆرجار ڕاگەیاندنی تایبەتمەند جەماوەرەکەی خۆیان دەناسن بۆئەوش هەوڵدەدات کە بگاتە ئەوجەماوەرەی کە مەبەستێتی.

٤- جەماوەرێکی نەوعیە: جەماوەری ڕاگەیاندنی تایبەتمەند گشتی نیە ودیاریکراوە.

٥- جەماوەرێکی جددی وپەیوەندیدارە:ئەم جەماوەرە بۆکات بەسەربردن وبەشێوەیەکی هەڕەمەکی ڕووبەڕووی کەناڵەکان نابنەوە وەك ئەوەی کە لەجەماوەری کەناڵە گشتیەکاندا هەیە.

٦- جەماوەرێکی ڕەخنەگرە: شارەزای وتایبەتمەندی لەجۆرایەتی وچەندێتی وادەکات لەجەماوەری ڕاگەیاندنی تایبەتمەند کەبەردەوام ڕەخنەگربن لەوبابەتانەی کەوەك پێویست نین وکەم وکورتن.

**پێنجەم: کادری تایبەتمەند**

کادری ڕاگەیاندن هەر نێرەرێکی رەهاو دامالراونیە بەتەنها، بەڵکو ئەو پەیوەستە بەتێگەیشتنی بۆئەو پرۆژە ئایدۆلۆجی وئابورییەی کەئامرازەکە هەیەتی وئەو کادرە کاری تیادەکات وگونجاندنی هەیە لەگەڵ ئەوئامرازەدا، هەروەها وابەستەیە پێشکەشکردنی توانای داهێنانی ڕاگەیاندنانە، لەژێر رۆشنایی ئەوپرۆژەیەداو هەوڵدان بۆبەدیهێنانی لەوپێناوەدا.[٢]

دوومەرجی بنەڕەتی بۆبوونی کادری ڕاگەیاندنی تایبەتمەند پێویستە هەبێت، ئەوانیش:

١- ئامادە کردنی (ڕاهێنان) ڕاگەیاندنانە: دوای ئەوەی ڕاگەیاندن بوو بەزانستێکی سەربەخۆ، بۆتەواوکردنی بنەما تیۆریەکەی کەحوکمی پیادەکردنەکەی دەکات، شتێکی نەخوازراوە ئەگەر ڕۆژنامەوانێکی ئامادەکراوی نەبێت لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە. [٣] بە هۆی ئەو گۆڕانەی کەبەسەر کاری ڕاگەیاندندا هاتووە وەك (ئامراز، جۆر وبوار) پێویست بوو سێ ئاستی سەرەکی لەڕاهێنان بۆرۆژنامەوانان ئەنجام بدرێت:

- ڕاهێنانی ڕاگەیاندنی گشتی: مەبەست لەم جۆرە ڕاهێنانە ئەوەیە کەزانیاری بنەما گشتییەکانی زانستی ڕاگەیاندنی گشتی بدرێت بەرۆژنامەوان، وەك ئەدەبیاتی ڕاگەیاندن، تیۆری ڕاگەیاندن، جۆرەکانی ڕاگەیاندن، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تەکنیك ڕاگەیاندن....هتد.

---

[١] لیلی عبدالمجید وفاروق أبوزید، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠

[٢]عبدالله بدران، کادر الاعلام المتخصص، جریدة الالکترونیة الاعلامی تصدر عن هیئة الملتقی الاعلام العربي، کاتی سەردان ٢٠٢٠/٥/٩، کاتژمێر ٨:٤٠ pm https://petroleum-media.blogspot.com -post.html

[٣]هەرێز جمال، ڕۆژنامەوانی وەرزشی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ٢٠١٩، ل١٤

- ڕاهێنانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندیانە: ئامادەکردنی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندانە بەقۆناغێکی پێشکەوتووتر دادەنرێت، زیاتر قوڵتر وتایبەتمەندترە، مەبەست لێی واتا قوڵبوونەوە لەئامادەکردنی کادرەکە لە یەکێك لەبوارەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندا، یان لەسەر بنەمای بابەتەکە دەبێت.
- ڕاهێنانی ڕاگەیاندنانەی بەرتەسك: بەپێی ئەو گەشەکردنەی کەڕاگەیاندنی هاوچەرخ بەخۆیەوە بینیوە لەرووی تیۆری وپراکتیکیەوە، وسەرهەڵدانی دامەزراوە زەبەلاحەکانی ڕاگەیاندن، لە هەمان کاتدا بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن ورۆشنبیری وشارەزایی پەیوەندیکردن وزۆربوونی گرنگی ئەو رۆڵەی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ دەیگێرێت لە ژیانی تاك وکۆمەڵگەدا.

٢- ڕاهێنانی زانستی لەبواری پسپۆریدا: دووجۆر ڕاهێنان هەیە بۆپێگەیاندی کادرێکی تایبەتمەند:

• رۆژنامەوان - پسپۆری: ئەم شێوازە ئەو کادرانە وەردەگرێت کەبەشێوەیەکی ئەکادیمی ڕاگەیاندنیان خوێندوە، دوای ئەوەی ئەوکادرە لە کۆلێژ یان پەیمانگای ڕاگەیاندن دەردەچێت بە شێوەیەکی زانستی لەبوارێکی دیاریکراودا ڕادەهێنرێت، بۆماوەی دوو ساڵ، دەتوانرێت بەشێوەیەکی زانستی وئەکادیمی لەبوارێکی دیاریکراودا بخوێنێت، دوای ئەوە دەبێتە کادرێکی پسپۆری تایبەتمەند

• پسپۆری- رۆژنامەوان: ئەم شێوازە ئەوکادرانە وەردەگرن کە پسپۆرن بەشێوەیەکی زانستی ئەکادیمی لە بوارە زانستیە جیاوازەکاندا (ئابوری، سیاسەت، ئەندازیاری، وەرزشی، یاسا، ئاین، کۆمەڵایەتی ..هتد) وخولیای کاری رۆژنامەوانیان هەیە وئارەزوویەکی زۆریان هەیە بۆئەو کارە، ئەو کادرانە بەشێوەیەکی زانستی ئەکادیمیانە ڕادەهێنرێن بۆماوەی دووساڵ لەکۆلێژی ڕاگەیاندن[١]

**شەشەم: شێوازی چارەسەری تایبەتمەند**

سروشتی تایبەتی هەر بابەتێك یان ڕووداوێك یان جەماوەرێك یان کادرێك، شێوازێکی چارەسەرکردن وپێشکەشکردنی تایبەتمەندانە دەسەپێنێت، تایبەتمەندی بابەت یان روداویان جەماوەر یان کادر جۆر وئاستی چارەسەرکردنێکی ڕاگەیاندنانە دیاری دەکات، بۆنمونە روداوێکی وەرزشی جیاوازی هەیە لەڕوداوێکی زانستی یان رۆشنبیری، بۆیە دارشتنی ئەو ڕوداوە پێویستی بە شێوازێکی جیاواز هەیە وپشت بەرستەی کرداری دەبەستێت ئەو کردارانەی جوڵەیان تێدایە. [٢] هەرلەبەر کەجەماوەری ئەم جۆرە روداوانە خاوەن تایبەتمەندین وزۆرجار لایەنگروهەڵچوو وسۆزدارن، هەروەها دیانەوێت رووداوەکان ببینن ووردەکاریەکانی بزانن ورەگەزە هەواڵیەکانی رێکبخەن بە شێوەیەك کەپێچەوانەی بۆچون وئاراستەکانیان نەبێت.[٣]ئەوچارەسەرانەی پێویستە بکرێت لەڕاگەیاندنی تایبەتمەنددا: [٤]

١- چارەسەرێکی قوڵ وگشتگیرانە: ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بەوە جیادەکرێتەوە کەبەشێوەیەکی گشتی دیاریکراوە، بەکارهێنانی شێوازی چارەسەرکردنی جیاواز بۆڕووداو ودیاردە وئەوگەشەکردنانەی

---

[١]أديب خضور، الاعلام المتخصص، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥

[٢]عبدالله بدران،الاعلام المتخصص ودور الحضاري، منتديات ستار تايمز، ٢٠١١ https://www.startimes.com/?t=٢ کاتی سەردانی ٢٠٢٠/٤/٢ کات ٤:٣٠ pm

[٣] امال توهامی، الاعلام الصحى والتنمية شاملة قراءة فى مفهوم تحديات العلاقة، مجلة العلوم الانسانية، ع٤٧، جامعة الاخوة منتورى قسنطنية، ٢٠١٧، ص٢٩٩-٣١٠

[٤] أديب خضور، الاعلام المتخصص، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦

کەهەمەلایەنتر وقوڵترن لەڕاگەیاندنی گشتی دا، ئەم شێوازە چارەسەرکردنە گشتی وقوڵە لەپێشکەشکردنی روداوەکاندا دەردەکەوێت لەچوارچێوە گشتیەکەیدا وبەکارهێنانی روماڵکردنێکی شیکاری لەپێشکەشکردنیدا، هەروەك رەنگدانەوەی لەنزیك کردنەوەی دیاردەکان بە جیاوازی سەرجەم رەگەزەکان وپێکهاتەکانیەوە هەیە لەگەڵ پەیوەندیەکانی بەسەرجەم دیاردەکانی ترەوە.

٢- پێویست بوونی مۆرکی شیکاری: ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی دیاریکراو پشت بەمیتۆدی شیکاری زانستی دەبەستێت بۆڕووداوودیاردە وپێشکەوتنەکان، تەنها بە ناوهێنانی دیاردە وڕووداو وڕاستیەکان ناوەستێت تا دوپاتی بکاتەوە ودەریبخات، هەروەها تەنها هەوڵ نادات بۆئەوەی پێش وەرگر بوروژێنێت وسەرنجی ڕابکێشێت، بەڵکو بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات بۆپێشکەشکردنی تێڕوانینێکی هێمنانە بۆروداوەکان بەشێوەیەك کە لەسەر بنەمای شیکاری بێت کەدەلیل وبەڵگەی زانستی ومەنتقی هەبێت تاکو بگاتە زهن وئەقڵی وەرگر وشێوەیەك لەپەیوەندی گفتوگۆکردن لەگەڵیدا دروست بکات.

٣- چارەسەرکردنی هاوسەنگانە: ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی دیاریکراو هەوڵ دەدات بۆپێشکەشکردنی تێڕوانینێکی هاوسەنگ بۆڕووداوودیاردە وگەشەکردنەکان، ئەم تێڕوانینە لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی ڕاستیەکان دەوەستێت کەڕووداوەکە دەگرێتەخۆ، لەبارەی ڕووداوەکەوە یان بابەتەکە، لەسەر پێشکەشکردنی راوهەڵوێستەکان لەڕووی جیاوازی ولەیەکچوونیان لەوڕوداوە یان بابەتە، ئەوەش بەپێی ڕێزگرتنی خود وواقع ووەرگر.

٤- بەکارهێنانی بۆچونی فیکری لە ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی دیاریکراودا بەکارهێنانی بۆچونی فیکری باڵا دەستی هەیە کەئاراستەی فیکر وئەقڵی وەرگر دەکرێت، لەو ڕێگەیەوە هەوڵدەدات کە کاریگەر بێت لەسەری بەهێنانەوەی بەڵگە وبیانوو سەلماندن وبڕواپێکردنی ئەقڵی.

٥-بەکارهێنانی دەروازەی بڕواپێکردن وئامرازەکانی کارتێکردنی گونجاو بۆ بواری تایبەتمەند وجۆری جەماوەرەکە، هەروەها سوود وەرگرتن تارادەیەکی زۆر لەکورتکراوەی دەرئەنجامە زانستیەکان کە توێژینەوە مەیدانیەکان پێیگەیشتوون لەوبوارەدا.

## تەوەری دووەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند

### ١/٢/٢/ سەرەتایەك لەبارەی كەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند

تەلەفزیۆن یەكێكە لەئامرازەكانی ڕاگەیاندن كەبینەرێكی زۆر لەدەوری خۆی كۆدەكاتەوە، ئەمەیش لەبەر گرنگیدانێتی بەبابەتە سیاسی وكۆمەڵایەتی وئابووریەكان كەسەرجەمیان پێداویستی ژیانی تاكەكانن، هەر بۆیە بەكەناڵەكانی تەلەفزیۆن دەوترێت (كەناڵەكانی دەسەڵات)، ئەمەیش لەبەر گرنگی ڕۆڵی تەلەفزیۆن بووە لەژیانی مرۆڤەكاندا لەسەردەمێكدا كەناونراوە سەردەمی تەلەفزیۆن.[١]

بینەری كەناڵەكانی ڕاگەیاندن گۆڕانكارییان بەسەردا دێت، بەپێی ئەو بابەت وبەرنامانەی كە لەكەناڵەكان پێشكەشدەكریت، هەندێك لەبینەران وەرگری بابەتەكانی مۆسیقا وگۆرانی وفیلم وسینەمان كەگرنگی بەو كەناڵانە دەدەن ئەو بابەتانە پەخشدەكات، كەئەم جۆرەی جەماوەر زیاتر جەماوەرێكی گەنج ومەیلیان بەلای بابەتی سۆزداریدا دەڕوات، جۆرێكی دیكەیش لەبینەر گرنگی بەبابەتە سیاسیە گەرمەكان دەدەن ولەگەڵ ڕووداوەكانی ڕۆژدا دەڕۆن، بەشێكی دیكە لەوەرگران بۆبابەتی زانستی وپێشكەوتنەكان لەبواری تەكنەلۆژیادا بینەری تەلەفزیۆنن، تەلەفزیۆن لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لەسەرجەم بوارەكانی ژیاندا، پێگەیەكیشە بۆ بواری بازرگانی وریكلام كە بەرهەمهێن لەڕێگەی كەناڵەكانەوە بەرهەمەكانیان لەناوبازاڕدا ساغدەكەنەوە، وە هەروەها لەكاتە هەستیارەكانی وەك هەڵبژاردن وشۆڕشدا تەلەفزیۆن بەكاردەهێنرێت بۆجوڵاندنی جەماوەر وخۆپیشاندان.

دەركەوتنی كەناڵە تەلەفزیۆنیەكان بەگرنگترین دیاریدەی ڕاگەیاندن دادەنریت لەبواری ڕاگەیاندنی جەماوەریدا، بەتایبەت لەدوای ئەوپێشكەوتنانەی كە لەبواری تەكنیكی وتەكنەلۆژیادا ڕوویاندا وگۆڕانكاریەكی گەورەیان دروستكرد لەكارەكانی ئەم ئامرازەدا، كە بابەتەكان هەمەجۆربوون هەر بوارە وتەلەفزیۆنێكی تایبەت بەخۆی هەبوو بەجۆرێك لەهەندێك لەكەناڵەكانی تایبەت بەتەندروستی ڕاستەوخۆ ولەڕێگەی پەیوەندیەوە چارەسەری نەخۆش دەكرێت.[٢]

### ٢/٢/٢/ ئامانجەكانی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند

١- پێشكەشكردنی هەواڵ وزانیاری: تەلەفزیۆن وەك خزمەتگوزاریەكی زانیاری كاردەكات بۆپەیداكردن ودۆزینەوەی زانیاری لەسەر ڕووداو وشتە شاراوەكان وڕاستیەكان لەبارەی پێشهاتەكان لەشێوەی هەواڵی داڕێژراو وئاسانكراو ئامادە دەكات وپێشكەشی جەماوەری دەكات[٣] .

٢- پەروەردەكردن: لەڕێگەی بڵاوكردنەوەی بەها وخەسڵەتە باڵاكان نێوكۆمەڵ ودابونەریتەوە ئەركی پەروەردەكردنی جەماوەر بەتایبەت مناڵ ولاوان بەدی دەهێنێت.

---

[١] أوستن رانی، قنوات السلطة وتأثير التلفزيون فی السياسة الامريكية، ت. موسی جعفر، دار الشؤون والثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص٢٤

[٢] سلام نصرالدين محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧-٤٨

[٣] مني سعيد الحديدي وشريف درويش اللبان، فنون الاتصال والاعلام المتخصص، الدار المصرية البنانية، ط٢، ٢٠٠٩، ص١٨٤

٣- فێرکردن وپێگەیاندنی کۆمەڵایەتی: ئاشناکردنی جەماوەر بەشتی نوێ ودەوڵەمەنکردنی پاشخانی فەرهەنگی وکەلتوری وبەرزکردنەوەی ئاستی تێگەشتنی جەماوەر.

٤- هۆشیارکردنەوە وئاراستەکردن: جۆشکردنی جەماوەر بەمەبەستی ئاراستەکردنیان بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو بۆدروستکردنی ڕایگشتی .[١]

٥- چاودێری ورەخنەگرتن: کارکردن بۆخوڵقاندنی متمانە لەنێوان گەل ودەسەڵات، لەڕێگەی ڕەخنەگرتن وخستنەڕووی کەموکورتیەکان وهەڵسەنگاندنی ئیش وکاروداردەکان.[٢]

٦- ڕاڤەکردن وشیکردنەوە: ڕوونکردنەوە وپێشکەشکردنی وردەکارییەکانی بابەت گرنگەکان وخستنەڕووی ڕاکان وهۆکارەکانی وپێشبینیکردنی دەرەئەنجام وئەگەرەکان لەسەر بنەمایی خوێندنەوەی پێشوەخت ولۆژیکیانەی پێشهات وڕووداوەکان.

٧- دەستکەوتی ئابووری دۆزینەوەی بازاڕ: لەڕێگەی بانگەشەکردن وبۆ کاڵا وکەلوپەلەکان وهەروەها پڕوپاگەندەکردن بۆشوێنە بازرگانی وکەلوپەل وبڵاوکردنەوەی ئاگاداری وڕێنوێنی وچەندین بابەتی تر بەرامبەر بەکرێیەکی دیاریکراو، داهاتێکی باش بۆکەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

٨- کات بەسەربردن: لەڕێگەی پێشکەشکردنی بابەتی هەمەڕەنگ وسەرنجڕاکێش وبابەتی سەیر وسەمەرە کە دەبێتە هۆی حەوانەوەی وپشودانی ئەقڵ ودەرونی مرۆڤ لەبیرکردنی کێشە ودوورکەوتنەوە لەجەنجاڵی ژیان[٣].

### ٣/٢/٢/ئەرکەکانی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند

تەلەفزیۆنی تایبەتمەند چەند ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە ئەوانیش:[٤]

١- ئەرکی دەروونی: کاتێك تەلەفزیۆنی تایبەتمەند کاردەکات بۆبڵاوکردنەوەی بەها جوانەکان لەناو جەماوەردا بۆنمونە کار دەکات بۆلایەنی هونەری ودەبێتە هۆی ئارامبوونەوەی دەروونی وڕووبەڕووی کێشە دەرونیەکانی جەماوەر دەبێتەوە دەبێتە هۆی ئاسودەی وەرگر.

٢- ئەرکی کۆمەڵایەتی: لەڕێگەی پەیامەکان وئەو بابەتانەی کەبڵاودەکرێتەوە هەوڵدەدرێت بۆدروستکردنی یەکێتیەکی جەماوەری، وئامرازێکە بۆدروستکردنی لەیەك نزیکبوونەوەی تاکەکان دروستکردنی ڕێکخراو کۆمەڵگەی جیاواز، بەتایبەت لەدوای بەرەوپێش چوونی ڕاگەیاندن وگەشتنی بەقۆناغێکی پێشکەوتوو لەڕووی بابەت وئامێر وبیرۆکە وکادری پێشکەوتووە وکەکار دەکەن بۆ بوارە جیاجیاکانی وەك (ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی وتەندروستی وژینگەی ودینی وپەروەردەیی وهونەری وژنان ومناڵان...هتد).

---

(١) سميرة محي الدين شيخاني ومحمد خليل الرفاعي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣

(٢) عادل شاسواری، بەکۆمەڵایەتی بوون لەنێوئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٦

(٣) إبراهيم فؤاد الخصاونة، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦

(٤) بڕوانە: عبدالرزاق الدليمي، الاعلام المتخصص، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٥، ص٣٣

أميرة عبدالله الجاف، سەرچاوەی پێشوو، ل١١

حاتم حسين الرحيم محسين، دور الاعلام في تنمبة الوعي بمفهاميم السلامة الوقائية والصحة المهنية لدى العمال في الاردن، الاكاديمية العربية فى الدانيمارك، کاتی سەردان (٢٠٢٠/٥/٢) کات (٥:٠٠pm)

https://ao-academy.org/arabic/٢٠١٨/٠٣/٣١

٣- ئەركی پەروەردەكردن: كاركردن بۆبڵاوكردنەوەی زانست وزانیاری وڕۆشنبیری زانستی.
٤- ئەركی چارەسەركردن: كاركردن بۆوروژاندنی بابەت ورووداوی گرنگ وچارەنوسساز كە گرنگیەكی زۆری هەبێ لەناو كۆمەڵگەدا، كاركردن بۆتیشكخستنە سەر ئەوبابەتانە.
٥- ئەركی هۆشیاركردنەوە: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند كاردەكات بەبەردەوامی بۆ هۆشیاركردنەوەی جەماوەر هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕابۆچوونی نادروست وچاندنی بۆچوونی دروست لەجێگایان.

**٤/٢/٢/ جۆرەكانی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند**

**یەكەم: تەلەفزیۆنی پەیوەست بەتەمەنەوە (منداڵ، گەنج، پیر):**

- تەلەفزیۆنی تایبەت بەمناڵان دەكرێت بەدووجۆرەوە جۆرێكیان بۆمناڵانی تەمەن (٣-٦) ساڵان كە ئەمە زیاتر بابەتی تایبەت بەوتەمەن بڵاودەكاتەوە كە زیاتر بابەتەكان وێنە وڤیدیۆن، جۆرێكی دیكە مناڵانی تەمەن(٦-٨) كە بابەتی تایبەت بەم تەمەن جیاوازترە ونوسین وخوێندنەوەی تێدایە.[١]
- تەلەفزیۆنی تایبەت بە ژنان: بابەتەكانی تایبەتن بە ژنان لە سەرجەم بوارەكاندا.
- تەلەفزیۆنی تایبەت بە كەسانی بەتەمەن: بابەتەكانی گونجاو بۆئەو پێشینە ودونیا بینیەی ئەوان.[٢]
- تەلەفزیۆنی تایبەت بە گەنجان: بابەتی گەنجانە وخۆشبەخشی مۆدێل.[٣]

**دووەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند لە بواری پەروەردەوفێركردندا:**

- تەلەفزیۆنی پەروەردەیی: ئەو تەلەفزیۆنەیە كەهەواڵەكان وگۆڕانكارییەكان وڕاستیەكان لە بارەی پەروەردەوە دەخاتە ڕوو، سەرجەم زانیاریەكانی تایبەت بە پەروەردەو هۆكارەكانی وپۆلێنكارییەكان ودۆكیۆمێنتەكانی دەخاتە بەردەم وەرگر.[٤]
- تەلەفزیۆنی فێركاری: ئەم جۆرە لەڕاگەیاندن بۆگەشەكردن وبرەودانە بەبواری زانستی ئەمەش لە ڕێگای بەرنامەی تایبەت بە پیشاندانی توانا وبەهرەكان وهەوڵدان بۆبەرەوپێشبردنیان لە ڕێگەی بەرنامەوە پەیامی ئەم جۆرە لەتەلەفزیۆن برەودانە بەخودی تاكەكەسی وپیشاندنانی توانا وبەهرەی شاراوەیە وە لەپالیشیدا بڵاوكردنەوەی بەرنامەی زانستی فێركارییە.[٥]

**سێیەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند لەبواری ئاسایش وسیاسەت:**

- تەلەفزیۆنی سیاسی: لەبەربڵاوترین جۆرەكانی تەلەفزیۆنی تایبەتمەندە، كاردەكات بۆ بەدەستهێنانی ڕایگشتی لەهەموو وڵاتێكدا وهەروەها ئامانج لەم جۆرە ڕاگەیاندنە كاركردنە لە پێناو بەرژەوەندی دەوڵەت ولایەنی سیاسی لەڕێگای بەرنامەی جۆراوجۆرەوە، گەورەترین كێشەكە كەڕووبەڕووی تەلەفزیۆنی سیاسی دەبێتەوە تەلەفزیۆنە دەرەكیەكانی دیكە دەتوانن لەڕێگەی پەیامەكانیانەوە بەزمانێك

---

(١) أميرة عبدالله الجاف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣
(٢) إبراهيم فؤاد الخصاونة، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢
(٣) سميرة محي الدين شيخاني ومحمد خليل الرفاعي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦
(٤) أميرة عبدالله الجاف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣
(٥) إبراهيم فؤاد الخصاونة، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢

کە هاوڵاتیانی وڵاتێکی دیکە لێی تێبگات کاریگەری لەسەروەرگر ووڵاتێکی دیکە دروست دەکات وکاریگەری لەسەر ڕایگشتی دروستدەکات.[1]

- تەلەفزیۆنی پەرلەمان: چالاکیەکانی پەرلەمان بڵاودەکاتەوە بەهەموو بابەتەکانی سیاسی وئابووری وخزمەتگوزاریی وکۆمەڵایەتی وحزبیەوە، تەلەفزیۆنی پەرلەمانی کاردەکات بۆچاودێری کردنی کارەکانی دەسەڵاتە لەبارەی چۆنێتی پێکهێنانی حکومەتە لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی دادوەری وجێبەجێکردنەوە هەروەها بڵاوکردنەوەی پەخشکردنی سەرجەم دانیشتنەکانی پەرلەمان.[2]
- تەلەفزیۆنی ئاسایشی (الامنی): ئامانجی جێبەجێکردنی پەیامەکانی ئاسایشە بەگشتی لەڕێگەی ئامانجەکانی ئاسایشی گشتی بۆسەرجەم تاکەکانی ناوکۆمەڵگە، وپارێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی وبڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئاسایشی لەناوکۆمەڵگەدا، پیشاندان وڕوونکردنەوە وبەدواداچونە بۆڕووداووتاوانەکان وبڵاوکردنەوەیان بۆڕایگشتی بڵاوکردنەوەی سەرجەم بڵاوکراوە ویاساوڕێساکانی ئاسایشی نەتەوەیی.[3]
- تەلەفزیۆنی جەنگی یان سەربازی: بەکاردەهێنرێت لە کاتی جەنگدا بۆپێدانی زانیاری بە هێزەچەکدارەکان، وەهەروەها بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی تایبەت بەجەنگ، ئەم تەلەفزیۆنە دەچێتە ناوجەرگەی جەنگەوە وێنە ڕاستەقینەکانی ناوجەنگ دەگوێزێتەوە پێویستە زۆر هەستیار کاری تێدا بکرێت بۆپاراستنی ئەمن وئاسایشی نەتەوەیی.[4]

**چوارەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند لەبواری ڕۆشنبیری وهونەر ووەرزش:**

- تەلەفزیۆنی بازرگانی وریکلامی وپروپاگەندەیی: ئەم جۆرە لە تەلەفزیۆن کاردەکات بۆپیشاندان وڕاکێشانی سەرنجی وەرگر بۆبابەتێکی دیارکراوبەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە، کە بەشێوەیەکی گشتی وبەبێ جیاوازی زانیاریەکان بۆوەرگران بڵاودەکرێتەوە[5].
- تەلەفزیۆنی ڕۆشنبیری: ئەم جۆرە لە تەلەفزیۆنی کار دەکات لەنێوان دووچینی ناوکۆمەڵگە ئەوانیش چینی ڕۆشنبیران وکەسانی ئاسایی، کاردەکات لەسەر ئاڵوگۆری بابەتە ڕۆشنبیریەکان لە ناوکۆمەڵگەدا، هەروەها گرنگی بە بواری ڕۆشنبیری دەدات ولەپێناوجەماوەرێکی دیاریکراودا[6]
- تەلەفزیۆنی وەرزشی: بریتیە لەچالاکی گواستنەوەی هەواڵ وزانیاری وڕاستی وەرزشی وشیکردنەوەی بنەما ویاسای تایبەت بەیاری وچالاکیە وەرزشییەکان بۆجەماوەر بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری وەرزشی لەنێوان تاکەکانی.[7]

---

[1] سمیرة محي الدین شیخانی ومحمد خلیل الرفاعی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦

[2] لبنى مهدی، ماهي أنماط الاعلام المتخصص، موقه العربي، ڕۆژی سەردان ٢٠٢٠/٩/٢٨، کاتی سەردان ٤:٣٠ pm https://e٣arabi.com

[3] أشرف سعید أحمد، الاتصال والتواصل بین الاعلام الامني ووسائل الاعلام، بحث منشورة بمجلة كلیة التدریب والتنمیة، ع (٢٨)، مصر، ٢٠١٣، ص٩

[5] محمد عبدالحمید، الصحاف العسكریة، المجلة كتابك، ع ١٤٦، دار المعریف، القاهرة، ١٩٧٧، ص١٤

[4] حازم الحمداني، الاعلام الحربى والعسكري، دارالاسامة للنشر والتوزیع، عمان،٢٠١٠، ص٦٥

[6] مرفت محمد كامل الطربیشي، المدخل الى الصحافة الاطفال، دار الفكر العربي، القاهرة،٢٠٠٣، ص٢٣

[7] خیر الدین علي غویس، عطا حسن عبدالرحیم، الاعلام الریاضي، مركز الكتاب للنشر، القاهرة، ١٩٩٨، ص٢٢

- تەلەفزیۆنی هونەری: گرنگی دەدات بەسەرجەم بابەتە هونەرییەکانی وەك (گۆرانی، شانۆ، سینەما، مۆسیقا، سەرجەم کارەکانی تایبەت بەزنجیرە تەلەفزیۆنی وبەرنامە جۆراوجۆرە هونەرییەکان)، هۆکارن بۆخۆشی بەخشی وکاتبەسەربردن هەروەها هۆکارێکیشن بۆرۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە.[١]

**پێنجەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند لەبواری گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا:**

- تەلەفزیۆنی گەشەپێدان: بەمەبەستی گەشەپێدان وبەرەوپێشدانی کۆمەڵگە لەناوەرۆك وڕووکەشدا، کارێکی دینامیکیە وچووەتە ناو گەشەپێدان وبڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەناوکۆمەڵگەدا، ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندن وابەستەیە بەو کات وشوێنە وتوانای مادی ومرۆڤایەتیەی کە تیایدایە.
- تەلەفزیۆنی کۆمەڵایەتی: ئەم تەلەفزیۆنە کاردەکات بۆئازادی ڕادەربرینی تاکەکان بەبێ هەبونی هیچ مەرجێك ئەوەی مەبەستیانە بیکەن وبیڵێن، چونکە لەکۆتاییدا مرۆڤەکان دەبێت ڕێگەیان پێبدرێت کە توانا وڕاوبۆچونەکانیان دەرببڕن وخۆیان بسەلمێنن.[٢]
- تەلەفزیۆنی ژینگەیی: یەکێك لەگرنگترین چەکەکانی هۆشیاری ژینگەیی دادەنێت ئەویش لەڕێگای بڵاوکردنەوەی پەیامەکان بۆبڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لەنێوان تاکەکاندا، ڕاگەیاندن بە سەرکەوتووترین ڕێگاکانی هۆشیاری ژینگەی دادەنرێت ودەبێتە مینبەرێکی گفتوگۆ.[٣]

**شەشەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند لەبواری ئابوری وگەشتوگوزار وکشتوکاڵ:**

- تەلەفزیۆنی ئابووری: شێوازێکە لەشێوازەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند کەبە بزوێنەرێکی سەرەکی دادەنرێت لە دروستکردنی کوتلە ودەستە وکۆمەڵە ویەککرتنی ڕاگەیاندنی ئەمە بەتایبەت بۆئەو دەوڵەتانەی کەئابووریان بەهێزە ولەڕێگەی تەلەفزیۆنی تایبەتمەندەوە زانیاریەکانیان دەگوێزنەوە وکێبرکێ بەرهەمهێنان وبەرەوپێشچوونی بەرهەمەکانیان دەخەنەڕوو بۆجەماوەر.[٤]
- ڕاگەیاندنی کشتوکاڵی: ئەم جۆرە کاردەکات بۆچارەسەرکردنی کێشە ودیاردە کشتوکاڵیەکان لە ناوخۆ ودەرەوەی وڵات، کاری سەرەکی بەرەوپێشبردن وبرەودانە بەکەرتی کشتوکاڵی.[٥]
- ڕاگەیاندنی گەشت وگوزاری: بۆچالاکیە گەشت وگوزارییەکان وشێوازی گەشت کردن وڕێگاکانی گەشت وپیشاندانی دیمەنی شوێنە گەشتیاری وهاوینەهەوارەکانە بەمەبە ستی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگران.[٦]

---

[١] سميرة محي الدين شيخاني ومحمد خليل الرفاعي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨

[٢] عبدالرزاق محمد الدليمي، الاعلام والتنمية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ٢٠١٢، ص٢٠٥

[٣] هويدا مصطفى، دور الاعلام فى تنمية الوعى البيئى، بالتطبيق على اقضية التغيرات المناخية، مجلى الاذاعات العربية ع (١)، ٢٠١٠، ص٣٤

[٤] زيد عقاب خطيب، الاعلام الاقتصادي والاهمية والتطبيق، موقع الالكترونية الكويتية،٢٠١٦، سەردان (٢٠٢٠/٦/٥) کات (٨:٣٠ pm)http://alkuwaityah.com/Article.aspx?id=

[٥] عبدالرزاق الدليمى، الاعلام المتخصص، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨

[٦] عبدالرحمن هيلال، دور الاعلام وتأثيره على اراء السائحين، رسالة ماجستير، جامعة الملك سعود، كلية السياحة والاثار،١٤٣١، ص١٠

**حەوتەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند لە بواری ئاینی :**

- تەلەفزیۆنی ئاینی: کاردەکات بۆبڵاوکردنەوەی زانیاریە ئاینیەکان بەشێوەیەکی ڕاست ودروست، بە لەبەرچاوگرتن وڕێزگرتنی سەرجەم ئاینەکانی دیکە.[١]

**هەشتەم: تەلەفزیۆنی تایبەتمەند لە بواری زانستیدا:**

- تەلەفزیۆنی زانستی: ئەم جۆرە لەتەلەفزیۆن گرنگی دەدات بەبابەتەکانی زانستی گشتی وجۆراوجۆرن لەسەر ئاستێکی زانستی بەرز وباوەڕ پێکراو، بڵاوکردنەوەی زانیاری ومعریفە کە سودێکی ڕاستەخۆی هەیە بۆبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری وەرگر.[٢]
- تەلەفزیۆنی تەندروستی: گرنگی دەدات بە گواستنەوەی هەواڵ وزانیاری بیرۆکەکان لە بارەی سەرجەم ڕاستیەکانی تایبەت بەلایەنی تەندروستی وپزیشکی دیاریکردنی نیشانە ودیاردەکانی نەخۆشیەکان وخستنەڕووی چارەسەرەکان، پێشکەشکردنی هەواڵ وزانیاری پێویست لەبارەی بەرەوپێشچوونە پزیشکیەکان وهەوڵدان بۆهۆشیار کردنی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە لە ڕێگای بەرنامەی تایبەت لایەنی تەندروستی.[٣]

---

[١]محمد محفوظ، وقفة مع الاعلام الفضائي الديني، موقع أضواء للبحوث والدراسات، ٢٠٢٠،کاتی سەردانی (٢٠٢٠/٩/٦) کات (١١:٤٨ pm) https://adhwaa.net/?p=١٤٩٦٧

[٢] سميرمحمود، الاعلام العلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨

[٣]أديب خضور، الاعلام الصحي، سەرچاوەی پێشوو،ل١١

## تەوەری سێیەم: تیۆرییەكانی ڕاگەیاندن

## یەکەم: تیۆری بەکارهێنان وتێربوون

**چەمک وپێناسەی تیۆری بەکارهێنان وتێربوون**

هەریەکە لەو تیۆرانەی ڕاگەیاندن کەدەرکەوتوون ودروستبوون وەک وەڵامدانەوەیەک بۆیەکتر وئەو بۆشاییانەی کەهەبوون لەتیۆری پێشوودا بڕی بکاتەوە، یان لەئەنجامی ئەو ڕەخنانەی کەلەتیۆری پێشووگیراوە ئەم هاتووەتە کایەوە، کەواتا هۆکاری سەرەکی لەهاتنە ئارای ئەم تیۆریە لەئەنجامی درککردن بەخواست وتوانای جەماوە لەپرۆسەی کارلێکی ڕاگەیاندن بوو.[1]

تیۆر: واتا زانستی گریمانەیەکی بەدەستنەهاتوو، یاخود بیرۆکەیە کەجیاوازە، وهەوڵ دەدرێت لەڕێگەی توێژینەوەکردنەوەوە بگەینرێتە ئەنجام.

بەکارهێنان: واتا وشەی (usage) ئینگلیزی کەبەواتای بەکارهێنان یان شێوازی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی بەمەبەستی تێربوون وڕازیبوون .

تێربوون یان ڕازیبوون: وشەی تێربوون کەلەزمانی ئینگلیزیدا بە(gratification) دێت وبەمانای ڕازیبوون یان تێربوون دێت[2].

تیۆری بەکارهێنان وتێربوون گرنگی بەتوێژینەوەکانی کۆمونیکەیشنی جەماوەری ئەدات، لە ماوەی چلەکانی سەدەی بیستەمدا توانرا بەتەواوی درك بە جیاوازییە کەسییەکان وناچوونیەکی کۆمەڵایەتی بکرێت کەپەیوەندییان بەزانینی رەفتارەکانی پەیوەست بەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە.

تیۆری بەکارهێنان وتێربوون: یەکێکە لەتیۆرەکانی بواری ڕاگەیاندن، ئەم تیۆرییە لەبنەڕەتدا بەمانای ئەوە دێت کەئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن جەماوەرەوە (وەرگر) هەڵدەبژێرێت بەمەبەستی تێرکردنی پێویستییەکانیان.[3]

ئەمە بەو مانایە کەوەرگر بەناچاریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەڵنابژێرێت، بەڵکو ئامانج ومەبەستێکی دیاریکراوی هەیە لەبەکارهێنانی ئەوئامرازەدا بۆتێربوون وگەیشتن بەئامانجی خۆی. تیۆری بەکارهێنان وتێربوون جیاواز دەڕوانێتە پەیوەندی نێوان جەماوەر ودەزگاکانی ڕاگەیاندن، کەلەسەر بنەمای ئەم تیۆرە بێت، ئامرازەکانی راگەیاندن ناتوانن پەیامێکی ڕاگەیاندن بۆجەماوەر هەڵبژێرن ودیاری بکەن بەڵکو ئەوە جەماوەرە کەبڕیاردەدات وئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنێت.[4]

---

(1) حسن عماد مكاوي، ليلى حسن السيد، الاتصال والنظريات المعاصرة، دارالمصرية اللبنانية للنشر، مصر، ١٩٩٨، ص ٢٠٠٨

(2) منال هلال مزاهرة، نظريات الاتصال، دار المسيرة الاردن، ٢٠١٢، ص ١٧٩

(3) بسام عبدالرحمان المشاقبة، نظريات الاعلام، دار طيبة، مصر، ٢٠١٢، ص٦٢

(4) أسماء قزعوط، سعاد بن عيسى، إستخدامات الاستاذة الجامعين للمدونات الالكترونية والاشباعات المحققة منها، دراسة المدانية لنيل شهادة الماجستر، كلية العلوم الانسانية – قسم الاعلام، جامعة العربي بن مهيدى –أم البوراقي، ٢٠١٦، ص٣٤

لێرەدا وەرگر چیتر وەرگرێکی ناچالاک نیە بەڵکو بەکاربەرێکی کارایە لەپەیوەندی کردندا وزۆربەی توژەرانیش بەو ڕاستییە گەیشتوون لەبارەی پێگەی وەرگر. [١]
سەرەتا وپێش شەری جیهانی دوەم "ویرنەر وتانکارد" توێژینەوەکانیان لەسەر ئەم بوارانە ئەنجام دەدات خوێندنەوەی کتێب، زنجیرە چیرۆکەکانی رادیۆ، رۆژنامەکان، مۆسیقا میللیەکان، فیلمە سینەماییەکان،...هتد، ئەمەش بەمەبەستی زانینی هۆکارەکانی بەکارهێنانی خەڵك بۆئامرازەکانی راگەیاندن وکۆمونیکەیشن[٢] .
دواتر ولەچلەکاندا "لازارفیلد وستاتون وبیرلسۆن" ولەپەنجاکاندا "ریلیز وفریدسۆن وماك کوبی" ولەشەستەکاندا "ویلبەر شرام ولیل وبارکەر" گرنگیان بە توێژینەوەکانی بواری نێوان جەماوەر وکەناڵەکانی کۆمونیکەیشن وجەماوەر دەدات.
گەرچی لەدەوروبەری سالانی (١٩٤٤) کچە توێژەرێک وارنهایم هەوڵیان دا ئەوە بزانن کەئاستی ئەوتێربوونانەی کەئافرەتان دەستیان دەکەوێت لەزنجیرە دراامییەکاندا چەند بەتایبەتی جەختیان لەسەر (ئافرەتانی ماڵەوە کردبووەوە) لەکۆتاییدا گەیشتنە ئەو راستییەی کەئافرەتان تەماشای زنجیرە دراامییەکان دەکەن بۆمەبەستی جیاجیا، بۆنموونە، هەندێکیان بۆمەبەستی کاتبەسەربردن، هەندێکی تریان بەمەبەستی سوودبینین لێیان تەماشای دەکەن وئەوانی تریشیان بۆمەبەستی وەرگرتنی زانیاری یاخود بۆمەبەستی چێژبینین لەوچیرۆکەکان.[٣]
دواتر لەساڵی (١٩٤٥) دا توێژنەوەی (برنارد بیرلسۆن) بڵاوکرایەوە لەسەروبەندی وەستانی هەشت ڕۆژنامەدا ئەم توێژینەوەیەی بڵاوکردەوە وەک وەڵامێک بۆئەوپرسیارە کەئایا ئەوشتە چییە کەلەنەبوونی یان وەستانی ڕۆژنامەکەدا خوێنەرەکانی لەدەستان داوە؟ لەتوێژینەوەکەدا، گەیشتە ئەوەی کەخوو پێوەگرتنی خوێنەرەکان بەڕۆژنامەکەوە دەگەرێتەوە بۆئەوڕۆڵەی کەڕۆژنامەکە هەیەتی یەکەم ڕۆڵیان بریتی بوو لەدابینکردنی زانیاری گشتی لەسەر ژیانی گشتیان، دووەم ڕۆڵیش بریتی بوو لەڕۆژنامەکە بوو بووە هۆی دابینکردنی ئاسایش وئارامییەک بۆیان.[٤] ئەگەر چی کەدەرکەوتنی تیۆری بەکارهێنان وتێربوون دەگەرێتەوە بۆهەردوولێکۆلەر (کاتز وبلومێر) لەساڵی ١٩٤٧ دا بەمەبەستی دەرخستنی ئەوکارانەی کەئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێی هەڵدەستن لەلایەک وئەوپاڵنەرانەی کەتاک ئاراستە دەکات بۆبەکارهێنان لەلایەکی دیکەوە.[٥]

---

[١] محمد عبدالحميد، نظريات الاعلام واتجاهات التأثير، ط (٣)، عالم الكتب، القاهرة،٢٠٠٤، ص١١٢

[٢] عاطف العبد ونهى العبد، نظريات الاتصال وتطبيقاتها العربية، دار الفكر العربي، القاهرة، ٢٠١١، ص٣٠٥

[٣]مصطفى يوسف كافي، الرأي العام ونظريات الاتصال، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان ٢٠١١، ص٢١٥-٢١٦

[٤] محمود حسن اسماعيل ، مبادي الاعلم الاتصال ونظريات التأثير، دار العلمية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٣، ص٢٥٤

[٥] أرمان وميشال ماتلار، تأريخ نظريات الاتصال، ترجمة: نصرالدين لعياضى وصادق رابح، مركز دراسات الوحدة العربية، لبنان، ٢٠٠٥، ص١٦٦.

* برنارد روبن بیرلسون: لەنێوان ساڵانی (١٩١٢ بۆ ١٩٧٩) لەئەمریکا ژیاوە، یەکێکە لە داهێنەرانی بیرۆکەی (زانستە ڕەفتارییەکان) و بە ستنەوەیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، کاری لەسەر ڕای تاک و ڕایگشتی دووە.

**گریمانەی تیۆری بەکارهێنان وتێربوون**

١- جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چالاکن وبەتوانان لەهەڵبژاردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وئەوە هەڵدەبژێرن کەپێویستییەکانیان تێردەکات

٢- پەیوەندییەکی کێبرکێ ئامێز هەیە لەنێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وسەرچاوەکانی دیکەدا بۆتێرکردنی پێویستییەکان گەرچی حەزی جەماوەر زۆر هەمەڕەنگە وڕاگەیاندن ناتوانێت هەموویان جێبەجێبکات[١]

٣- پێویستە پێوانەی ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکان لەسەر ئاستی بەکارهێنانی جەماوەر بۆئامرازەکانی بێت نەوەک لەمیانەی ناوەرۆکی پەیامەکەوە بێت.

٤- جەماوەری وەرگر خاوەنی گفتوگۆیە لەتوانایدایە هاوسەنگی بکات لەنێوان پیویستی تێربوونەکانی لەمیانەی هەڵبژاردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.

٥- بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کار لەسەر ئەوپێداویستییانە دەکات کەجەماوەر درکی پێدەکات. لێرەدا جیاوازی تاک وکارلێکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵ دەبینێت زیاتر.[٢]

**ئامانجی تیۆری بەکارهێنان وتێربوون**

١- هەوڵدان بۆدۆزینەوەی ئەوەی کەتاکەکان چۆن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن ئەمەش بەتێڕوانین بۆجەماوەری چالاک کەئامرازەکان بەپێی پێویستییەکان وتێربوونەکانی بەکاردەهێنێت.[٣]

٢- باسکردن ودیاریکردنی ئەوپاڵنەر وئارەزووانەی کەهۆکارن لەبەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وپاشان دیاریکردنی ئەوکاریگەریانەی لەئەنجامی ئەوپەیوەندییەوە دروست دەبێت.

٣- تێگەیشتن لەوەی کەکرداری پەیوەندی جەماوەریی لەجەماوەرەوە دێت.[٤]

**پێویستییەکان، بەکارهێنانەکان وتێربوونەکان**

پێداویستیی لەهەستکردن بەنەبوون یان کەمی شتێک لای مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت کەدەکرێت بۆشاییەکی گەورە لای مرۆڤ دروست بکات. زانا وبیرمەندەکان وشەی پێداویستی لەڕووی زانستییەوە دەکەن بەدووجۆرەوە:[٥]

١- پێداویستی فیسیۆلۆجی: واتا پێداویستییە سەرەتاییەکان یاخود ئەوپیداویستیانەی کەبۆ مانەوە وئارامی وگەشەی مرۆڤ پێویستن لەوانە وەک ئاوو هەوا وخۆراک.

٢- پیداویستی ناوەندی: ئەوپێداویستیانەیە کەتاک دەستەبەری دەکات لەژینگەی دەوروبەری وەک ئارەزووی دروستکردنی هاوڕێیەتی، یاخود حەزی زانینی شتەکانی دەوروبەر یاخود مەیلی خۆشەویستی.

---

[١] مي عبدالله، نظريات الاتصال، دار النهضة العربية، لبنان، ٢٠٠٦، ص٢٨٠

[٢] منال هيلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١

[٣] محمود حسن اسماعيل ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥

[٤] عبداحافظ عواجى صلوى، نظريات التأثير الاعلامية، موقع الالكترونى الاكادمية العربية في الدانيمارك، کاتی سەردان (٢٠٢٠/٦/١٢) کات:٣:٠٠ pm، https://ao-academy.org/٢٠١٨/٠٥/٣٢٦٠.html

[٥] محمد عبدالحميد، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥

پێداویستییەكان لەدیدی (ئەبراهام ماسلۆ)دا لەتیۆری سایكۆلۆجی پێداویستییەكاندا بەشێوازی هەرەمی لەساڵی ١٩٤٣ دا بەناوی تیۆری (پاڵنەری مرۆڤ)ی كردووە كەلەساڵی ١٩٥٤ دا ئەم تیۆرەی گەشەپێدا وكردی بەكتێب وناوی نا (پاڵنەری كەسی). ماسلۆ پێی وابوو كەمرۆڤ هەڵسوكەوت دەكات لەئەنجامی ئەوپاڵنەرانەی كەلەناخیدان وئەوهێزەی كەپاڵنەرە یاخود (مەیلە، حەزە، پێویستییە، مەبەستە، یاخود نیەتە) لەئەنجامی تێركردنی پێداویستییەكانی مرۆڤ هەست بەئاساییش وئارامی وپشوودەكات، ماسلۆ بەشێوەیەكی هەرەمی پیداویستییەكانی دابەشكردووە.[1]




**شێوەی (١) : نمونەی (ئەبراهام ماسلۆ) لەتیۆری سایكۆلۆجی پێداویستییەكاندا**

تێبینی دەكەین كەلەهەرەمی ماسلۆدا پێداویستییە سەرەتاییەكان لەبنەوەی هەرەمەكەدان، واتا تا بەرەو سەرەوە بچین پێداویستییەكان زیاتر دەبن،[2] جۆرێک لەدابەشكاری تر هەیە بۆپاڵنەرەكان [3]

١- پاڵنەری سوودبینین: بۆسوود وبەرژەوەندییە لەپێناو ئامانجی دیاریكراودا.

٢- پاڵنەری كاتی: هۆكارێكە بۆڕاكردن وخۆ دزینەوە لەجەنجاڵی ماندووبوونی .

زانا (پاڵمگرنی) پاڵنەری دابەشكردووە بۆ(فێربوون، پشوودان، لەبیركردن، وچێژوەرگرتن).

---

(١) كامل خورشید مراد، الاتصال الجماهیر والاعلام، التطور – الخصائص – النظریات، دار المسیرة للنشر والتوزیع والطباعة، عمان،٢٠١١، ص١٤٤

* ئەبراهام ماسلۆ: لە نوان ساڵی (١٩٠٨ بۆ ١٩٧٠) ژیاوە، لە شاری نیۆرک لە دایک بووە، بروانامەی بەكالوریۆسی و ماستەری هەبووە لە (زانستی دەروونی)دا، خاوەنی بروانامەی دكتورابووە لە (فەلەسەفەی گشتی ) لە ساڵی (١٩٣٤)، بە یەكیک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای (ئەیسالن) دادەنرێت لە كالیفۆنیا.

(٢)عبدالرزاق الدلیمي، دراسات متقدمة في النظریات الاتصال، محاضرات ألقیت على طلبة الدراسات العلیا في الاعلام، جامعة البترا الاردنیة الخاصة.

(٣) منال هیلال المزاهرة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨

**دیدگای تیۆری بەکارهێنان وتێربوون (٣) سێ ئامانجی سەرەکی هەیە**

لەدیدگای "ئالان روین" سێ ئامانج بۆشیکردنەوەی ئەرکی ئامرازەکانی کۆمونیکەیشن دائەنێت

١- هەوڵدان بۆدۆزینەوەی ئەوەی کەچۆن کەسەکان ئامرازەکانی کۆمونیکەیشن بەکاربهێنن، ئەمەش بە تێروانینی ئەوەی کەجەماوەر چالاکن ودەتوانن ئەوئامرازانە هەڵبژێرن وبەکاریانبهێنن کە پێداویستی وپێشبینییەکانیان تێرئەکەن.[1].

٢- شیکردنەوەی ئەو پاڵنەرانەی جەماوەر هەیانە بۆبەرکەوتنیان بەئامرازێکی کۆمونیکەیشنی دیاریکراو، وە دۆزینەوەی ئەوکارلێکانەی کە لە ئەنجامی ئەوبەرکەوتنانەدا روودەدەن.

٣-جەختکردنەوە لە ئەنجامەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی کۆمونیکەیشن، ئەمەش بە ئامانجی تێگەیشتن لە پرۆسەی کۆمونیکەیشنی جەماوەریدا [2].

**ڕەگەزەکانی تیۆری بەکارهێنان وتێرکردن :**

١- **گریمانەی جەماوەرێکی چالاك** :واتە جەماوەر پێداگر و نەرێنی نییە، بەڵکو چالاکن وپاڵنەری ئەساسیان هەیە لە هەڵبژاردن وحەز وبایەخبەندییەکانیان، کە ڕەنگە لەکاتی بەرکەوتنیان بە کەناڵەکانی راگەیاندندا رووبدەن، هەروەکو"ریتشارد هاریس" ئەڵێت: "کاریگەری ئامرازەکانی کۆمونیکەیشن کاتێك روودەدات کە هەڵبژاردنی دیاریکراو هەبێت بۆپەیامەکان کە ئەمەش پشت بە جیاوازییە کەسییەکان دەبەستێت، کەپەیبردنی کەسەکان بۆهەمان پەیام جیاواز ئەبێت، هەروەها جیاوازیش ئەبێت لە سروشتی وەڵامدانەوەیاندا"[3]

٢- **نەریتە کۆمەڵایەتی ودەروونییەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن:**

واتە ئەوپێداویستییانەی کەپەیوەندییان بەبەکارهێنانی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەیە بریتین لە کارلێکی کەسەکان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی وسایکۆلۆژیاندا، وە هەروەها فاکتەرەکانی دیموگرافی وکۆمەڵایەتی وەك: جۆر ورەگەز وتوخم وپیشە وئاستی خوێندەواری وئابوری کۆمەڵایەتی رۆڵیان لەبەرکەوتنی جەماوەر هەیە بۆکەناڵەکانی راگەیاندن[4].

٣- **پاڵنەر وپێداویستییەکانی جەماوەر بۆکەناڵەکانی راگەیاندن[5]:**

ا- هەندێك پاڵنەرەکان بەحاڵەتی ناوخۆیی کەسەکان دادەنێن کەدەتوانرێت بەراستەوخۆ لەلایەن کەسانی جەماوەرەوە تێبیگەن وهەستیپێبکەن، کە دەکرێت لەرێگای بەرکەوتنیان بەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئەوپاڵنەرانەیان تێربکرێن.

---

[1] نسرین حسنونه، نظریات الاعلام والاتصال، شبکه الالوکه، ٢٠١٥، ص٢٣

[2]بشیر العلاق، نظریات الاتصال مدخل المتکامل، دار الیازوری، الاردن، ٢٠١٠، ص٢٧٩

[3] عمرومحمد أسعد، علاقه بین استخدام الشباب المصري لمواقع الشبکات الاجتماعیة وقیمیهم المجتمعیة، دراسة على الموقع الیوتوب والفیس بووك، رسالة دکتورا، کلیة الاعلام في جامعة القاهرة،٢٠١٣، ص٥٧.

[4]حسن عماد مکاوی، لیلی حسن السید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١٠

[5] فطوم لطرش، إستخدام الطلبة للموقع الالکتروني الرسمي للجامعة والاشباعات المحققة منه، مذکرة مکملة لنیل شهادة الماجستر، الجامعة محمد خیضرة *بسکرة*، کلیة علوم الانسانیة و الاجتماعیة، قسم الاعلوم الانسانیة، ٢٠١٤، ص٧٣

ب- هەندێکیتر پێیان وایە کە پاڵنەرەکانی جەماوەر ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیپێببردرێت، بەڵکوبە شێوەیەکی ناراستەوخۆ وله رێگای شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕەفتار وبیرکردنەوە ئەبێت.
ج- هەندێکیتر وایدەبینن کەپاڵنەرەکانی بەرکەوتنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ناکرێت بەتەنها جەماوەر بریاری لێبدات، چونکە هەندێك پێداویستی بنەڕەتی هەن کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان بۆبەرکەوتنی جەماوەر بۆکەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەیە، بەڵام جەماوەر هەست بەو پێداویستیانە نابات وەك پاڵنەرێکی بەرکەوتن، چونکە پاڵنەر ئەنجامی نەست (لاوعی)کەسەکانە.
د- ئەوانیتر ئەڵێن ڕەفتاری بەرکەوتنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هیچ پاڵنەرێکی نییە.

٤- **پێشبینییەکانی جەماوەر بۆکەناڵەکانی ڕاگەیاندن:** پێشبینییەکان لەپاڵنەری جەماوەر بەرهەمدێن کاتێك کەبەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەون بەگوێرەی شێوازی دەروونی وکۆمەڵایەتی تاکەکان، وپێشبینییەکانن کەهۆکارێکن لە پرۆسەی بەرکەوتن بەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن[١]

٥- **بەرکەوتنی جەماوەر بۆکەناڵەکانی ڕاگەیاندن:** زۆربونی بەرکەوتنەکانی جەماوەر بەکەناڵەکانی چالاکی جەماوەر زیاتر دەکات وتوانای هەڵبژاردنی زانیارییەکانی زیاتر دەبێت.

٦- **تێرکردنەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:** بەپێی تیۆری بەکارهێنان وتێربوون تاکەکانی جەماوەر پاڵنەرە دەروونی وکۆمەڵایەتییەکانیان هانیان دەدەن بۆبەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەمەبەستی دەستکەوتن وتێرکردنی پێداویستییەکانیان.
"لورانس وینەر" دووجۆری تێربوون دەستنیشان دەکات[٢]
ا- تێربوونی ناوەرۆك (Content Gratification)
ئەوکاتە بەرهەمدێت کە بەر ناوەرۆکی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەویت، ئەمەش دووجۆرە:
یەکەم: تێربوونی ئاراستەکراو: ئەمە چاودێری ژینگە ودەستکەوتنی زانیارییەکان ئەگرێتەوە.
دووەم: تێربوونە کۆمەڵایەتییەکان: واتە ئەو زانیاریانەی کەبەدەستدەهێنرێت ئەوا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێ بەهێز دەکرێت ولەکاتی پێویستی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێتن.
ب- تێربوونە کردارەکیەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن: چونکە زۆرجار کەسێك حەزی لێیە رادیۆ بۆچێژ وەرگرتنی گۆرانی بەکاربهێنێت، یان یاری تۆپێ پێ لە تەلەفزیۆن سەیربکات، خوێندنەوە لەرۆژنامە وگۆڤار بۆتێگەیشتنی قوڵ ئەمە لەئەنجامی پرۆسەی کۆمونیکەیشندا بەرهەمدێت کە پەیوەندی بە ئامرازێکی دیاریکراوەوە هەیە، وە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەهیچ خاسیەتێکی ناوەرۆکەوە نییە، ئەمەش دووجۆرە[٣]

---

[١] عبدالرزاق دليمي، نظريات الاتصال في القرن الحادي العشرين، دار اليازورى العلمى للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٦، ص١٨٧
[٢] ملفين ل.دبفلير، ساندرا بۆل روكيتچ، نظريات وسائل الاعلام، ترجمة: كمال عبدالرؤوف، دار الدولية للنشروالتوزيع، القاهرة، ١٩٩٣، ص١٥٩
[٣] فطوم لطرش، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣

یەکەم: تێربوونی نیمچە ئاراستەکراو(Para-Orientational) لەوکاتەدا بەدەستدێت کە هەوڵی کەمکردنەوەی هەستکردن بەدڵەراوکێ ئەکرێت، بەرگریکردن لە خود، ئەمەش لە بەرنامە گاڵتە ئامێزییەکان وفیلمە هاندەرییەکاندا ڕەنگ ئەداتەوە.

دووەم: تێربوونی نیمچە کۆمەڵایەتی (Para-Social) ئەوکاتە بە دیدێت کە لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یەکدەگریت(توحد) ویەکانگیرئەبیت، ئەم تێربوونانە زیاد دەکەن کاتێك کە پەیوەندییە کەسییە کۆمەڵایەتییەکان لاوازدەبن وهەست بە تەنیایی ئەکرێت.

**پەیوەندی ئەم تیۆرییە بەتوێژینەوەکەوە:**

ئەم تیۆریە پەیوەندیەکی ڕاستەخۆی بەتوێژینەوەکەوە هەیە لەبەرئەوەی ئەم تیۆرییە باس لەشێوازی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکات بەئامانجی تێربوون وپڕکردنەوەی پێداویستیەکانی وەرگر، توێژینەوەکەش باس لەڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان دەکات، تەلەفزیۆن ئامرازێکی گرنگی ڕاگەیاندنەوە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانیش ڕەگەزێکی سەرەکی تەلەفزیۆنن، هۆکاری هەڵبژاردنی بەرنامە تەندروستیەکانیش ئەوە کەلەهەرێمی کوردستان تەلەفزیۆنی تایبەتمەندمان نیە بۆبواری تەندروستی بۆیە توێژەر پشتی بەستووە بەبەرنامە تایبەتەکان بەبواری تەندروستی، کەلەڕێگەیانەوە وەرگر پێویستسەکانی خۆی تایبەت بەبواری تەندروستی تێر بکات وئەوزانیاریانەی کەمەبەستێتی وەریبگرێت.

## دووەم: تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری (ڕۆشنبیریکردن)

### گەشەسەندن ودروستبوونی تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری

سەرەتاکانی سەرهەڵدان وپەرەسەندنی ئەم تۆرییە لەلایەن ملڤین دیفلیر(Melvin Defiler)ەوە دەگەڕێنرێتەوە بۆتێگەشتنەکانی واڵتیر لیپمان (Walter Lipmann) سەبارەت بەدروستبوونی وێنەی زهنی لەمێشکی مرۆڤدا لەڕێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەگەرێت ولەکەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە بگۆڕدرێت، بەشێوەیەک هەندێکجار ئەو وێنە زهنیانە دوورن لەڕاستییەوە لەئەنجامی نەبوونی چاودێری لەسەر بابەتە بڵاوکراوەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لەسەر ئەوبنەمایە هەوڵیدا پەرە بەتیۆری بنەمای چاندن (Cultural Norms) بدات.[١]

ئەم تیۆرییە وەک لێکۆڵینەوە لەکاریگەری شوێنەوارەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە٧٠ کانی سەدەی بیستدا لەئەمریکا دەرکەوت کەزانای ئەمریکی جۆرج گیربنەر (Gorge Gerbner) بەدامەزرێنەری ئەم تیۆرییە دادەنرێت.

---

[١] محمد جاسم فلحي الموسوي، نظريات الاتصال والاعلام الجماهيرى، الاكاديمية العربية المفتوحة في الدانيمارك، كلية الاداب والتربية /قسم الاعلام والاتصال، ٢٠١٤،کاتی سەردانی (٢٠١٩/٨/٧) کات (am٥:٤٠) https://ao-academy.org/٢٠٠٦/٠٥/٤٥٦.html

* ملڤین ل. دیفلیر: لە نێوان ساڵانی (١٩٢٧-٢٠١٧) ژیاوە، لە ویلایەتی ئۆیگۆن لە دایك بووە، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بووە لە (دەروونناسی)دا، خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوە بووە لە بوارەکانی پەیوەندی وڕاگەیاندن دەروونناسیدا، لە زۆریەنەی زانکۆکانی ئەمریکا مامۆستا بووە.

جەخت لەوە دەكاتەوە تەلەفزیۆن بووەتە هێزێكی كاریگەر وزاڵ، چونكە رەگەزی سەرەكییە بۆدروستكردنی بیروبۆچوونی تاك لەسەر واقعی كۆمەڵایەتی، پێیوایە تەلەفزیۆن بووەتە بنكەیەكی سەرەكی بۆرۆشنبیری كۆمەڵ وكاریگەری سەرەكی هەیە بۆگەشەكردنی كۆمەڵایەتی.[١]

**بیرۆكەی سەرەكی تیۆرییەكە**

ئەم تیۆرییە لەوە دەكۆڵێتەوە كەئامرازەكانی راگەیاندن لەنێویاندا وبەتایبەتی تەلەفزیۆن توانایەكی بەهێزی هەیە لەدیاریكردنی ئاستی رۆشنبیری تاكەكان دانانی كاریگەری لەسەر دركپێكردنەكانیان بۆژیانی واقعی رۆژانە بەتایبەت لەسەر ئەوتاكانەی كەبەبەردەوامی وبەچەندجارە بوونەوەی بەردەوام بەركەوتنیان بۆی هەیە، واتە (بەركەوتنی بەردەوامی بینەری تەلەفزیۆنی بەرێک وپێكی وبۆ ماوەیەكی درێژ، ئەوبڕوایەی لەلا دروستدەكات ئەوەی لەتەلەفزیۆندا نیشاندەدرێت وێنەی ژیانی واقیعییە كەتییدا دەژین).گیربنەر بینی ئەوكەسانەی كەمتر سەیری تەلەفزیۆن دەكەن وبەركەوتنیان كەمترە بیركردنەویان بۆراستی كۆمەڵگە جیاوازترە لەوانەی بەبەردەوامی وبەرێژەیەكی زۆرتر سەیری تەلەفزیۆن دەكەن، چونكە تەلەفزیۆن ئامرازێكی كاریگەر وچالاكە.[٢]تویژینەوەكانی چاندنی رۆشنبیری پشت بەم هەنگاوانە دەبەستێت:[٣]

١. شیكاری رێكخستنی ئەوپرۆسانەی كاریگەری هەیە لەسەر بەرهەمهێنانی ناوەرۆكی پەیامەكان.

٢. دارشتنەوەی ئەو بریارانەی لەسەر واقعی جەماوەرە وپێوانەی گرنگییەكانی جەماوەردەكات.

٣. بەهەند وەرگرتنی پەیام وبەهاو وێنە زهنییەكانی هۆكارەكانی راگەیاندن دەیانكێشن.

٤. بەراوردكاری لەنێوان جەماوەری بینەر و نابینەردا.

**چەمک ومانای چاندنی رۆشنبیری**

(تایلۆر) بەوە پێناسەی رۆشنبیری (Culture) دەكات كەهەموو ئەو بیروباوەڕو بەها ونەریتە باو وئەخلاقیانە دەگرێتەوە كەرێكخستنیان لەوێنەو وشەدا هەیە، بەڵام زاراوەی چاندن (Cultivation) ئاماژە بەفێربوونێكی كاتی دەكات لەئەنجامی بەركەوتنی بەردەوام وكەڵەكەبووی (ئامرازەكانی راگەیاندن) بەتایبەتی تەلەفزیۆن كەلەرێگەیەوە تاكەكان راستییەكانی واقعی كۆمەڵایەتی دەناسن[٤]

دانەری ئەم تیۆرییە بۆچەمكی تیۆرەییەكە دەڵێت: بریتییە لەو بوارەی كەمرۆڤەكان لەناوەندێكی رۆشنبیریدا وەردەگرن وفێردەبن دەبێتە هۆی چاندنی رۆشنبیری لەبیركردنەوەورەفتاریاندا.[٥]

---

[١] Gerbner,G.,&Gross,L., Living with Television: The violence profi;e., Jorurnal of communication, ١٩٧٦,page ١٧٢

* جۆرج گیربنەر: لە نێوان سالآنی (١٩١٩ بۆ٢٠٠٥) ژیاوە، خەڵكی وڵاتی هەنگاریا بووە، بەكالوریۆسی هەبووە لە (ئەدەب و ئەنسرۆپۆلۆجی)، هەروەها لە زانكۆی كالیفۆرنیا بەكالۆریۆسی لە رۆژنامەوانی خوێندووە، دواتر كاری پەیامنێری و ئامادەكاری و نوسەری ووتار بووە لە رۆژنامەكاندا.

[٢] لمياء طالة، الاعلام الفضائي والتغريب الثقافي، دار اسامة للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠١٤، ص١٣٨

[٣]محمد عبدالحميد، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧

[٤]محمد محمد عمارة، دراما الجريمة التلفزيون والدراسة سوسيوالاعلامية، دار العلوم للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨، ص١٨٧

[٥]توفيق السعد، الغرس الثقافي، موقع الخوار المتمدن، http://www.ahewar.org/m.asp?i=٥٢٤٣كاتی سەردانی (pm ٧:١٥)، ٢٠٢٠/٦/١٤.

**گریمانەکانی تیۆری رۆشنبیرکردن**

تیۆری چاندنی رۆشنبیری جەخت لەسە پێنج (٥) گریمانەی سەرەکی دەکاتەوە:

١- تەلەفزیۆن لەهەمووماڵێکدا بەکارهێنانی ئاسانە بەرکەوتنی پێشوەختی پێویست نیە، منداڵان هەر لەدوای چەند مانگێکەوە بەشاشەی تەلەفزیۆن ئاشنادەبن تەماشایی دەکەن، سەرەرای ئامرازەکانی تر بەتایبەت چاپەمەنی وسینەما ورادیۆ لەبەرکەوتندا ناگەن بەتەلەفزیۆن، تەلەفزیۆن لەتوانایدا بۆگێراندنەوەی بابەتەکان پشت بەدەنگ ورەنگ ببەستێت بەمەش وەرگرێکی زیاتر لەخۆی کۆدەکاتەوە، باشترین ئامرازی راگەیاندنیە بۆریکلام وبازارکاری دروستکردنی وێنەی زهنی وبلاوکردنەوەی رۆشنبیری میللی.

٢- پەیامەکانی تەلەفزیۆن سیستەمێکی رۆشنبیری یەکگرتوو پتەو پێکدەهێنن کەگوزارشت لەئاراستەی باوی رۆشنبیری کۆمەلگە دەکەن واتا لەسەر هەموو ئەوداب ونەریتە گشتی وتایبەتەکانی کۆمەڵگە تەلەفزیۆن بەشداره وبابەتی هەیە ئامادەبوونی هەیە، زۆری بەرکەوتن بەتەلەفزیۆن یارمەتیدەره بۆکەمکردنەوەی جیاوازیەکانی ئاراستە ورەفتارەکان

٣- شیکاری ناوەرۆک، پەیامەکانی تەلەفزیۆن نامەیەکن بۆپرۆسەی رۆشبیرکردن.[١]

٤- تەلەفزیۆن بەشداری دەکات لەگواستنەوەی وێنەی زهنی بۆماوەیەکی دوور ودرێژ، پرۆسەی رۆشنبیرکردن وپرۆسەیەکی خاولەسەرخۆ ودوورماوەیە، تیۆری رۆشنبیرکردن بەمۆدێلی یەك ئاراستەی سادە بەکارنایەت کە تەنها پشت بەپاڵنەر ووەلامدانەوە دەبەستێت لەتوێژینەوەی نێوان میدیا وجەماوەردا.

٥- شیکردنەوەی ناوەرۆکی پرۆسەی رۆشنبیرکردن جەخت لەسەر سەقامگیری کۆمەڵگە دەکاتەوە: ئەوجیهانە سمبولیەی کە لەتەلەفزیۆندا پیشکەشدەکرێت یارمەتیدەرە بۆپشتیوانی لەسەقامگیری کۆمەڵگا، چونکە تەلەفزیۆن ئامانجی دروستکردنی ئاراستەیەکی رۆشنبیری جێگیرە، وهەوڵ دەدات لەنێوان سەرجەم چەمك وئاراستە وبیرکردنەوە ورەفتارە جیاوازەکان.[٢]

**ئەورەخنانەی رووبەری ئەم تیۆرییە بۆتەوە:**

**١-** پشتیوانانی تیۆری بەکارهێنان وتێربوون تیۆری چاندنی رۆشنبیری گۆراوی پاڵنەر بەلاریدا دەبات وایدەبینن کە(جۆرج گیربنەر) هەوڵی نەدابێت جیاکاری بکات لەنێوان ئەوانەدا کەبەشێوەیەکی رۆتینی بینەری تەلەفزیۆنن، چاندن دەبێتە گۆراوێک کەوابەستەی گۆراوی پاڵنەرە.

(کارڤیس Carveth) لەمیانەی توێژینەوەکەیدا لەبارەی پاڵنەرەکانی سەیرکردنی زنجیرەکان وکاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی چاندن دەڵێت: ئەوانەی بەشێوەیەکی رۆتینی بەرکەوتنیان هەیە بۆزنجیرەکان زیاتر لەپێناوی کات بەسەربردندا دووچاری کاریگەری تەلەفزیۆن دەبنەوە.[٣]

٢- بەشێک لەرەخنەگران رەخنەی ئەوەدەگرن کەئەم تیۆرییە بەشێوەیەکی گشتی لەکاریگەری تەلەفزیۆن دەروانێت، لەماوەی چەند کاتژمێرێک بەتەواویی وبەشێوەیەکی گشتگیر بەبێ ئەوەی تێروانینیان

---

[١] عبدالرزاق الدليمي، وسائل الاعلام والطفل، دار المسيرة للطباعة والنشر والوزيع، عمان، ٢٠١٢، ص٨٩

[٢] Lynn,Morgan, community participation in health,: perpetual Allure persistent challenge. Healthh policy and planning. Oxford University Press,٢٠٠١, No ١٦

[٣] سامى الشريف وحسن عماد مكاوى، نظريات الاعلام، مطبعة الجامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ٢٠٠٠، ص١١٧

بۆبکرێت بۆجۆری ئەوبەرنامانەی کەبەرکەوتنیان هەیە لەگەڵیدا، لەکاتێکدا بەرکەوتن بۆجۆرێکی دیاریکراو لەبەرنامە وەکو(دراماى کاتبەسەربردن) کاریگەری زیاتری دەبێت لەرووداني چاندن.

٣- هەندێک لەتوێژەران پێیان وایە توێژینەوەی چاندنی رۆشنبیری زیاتر جەخت لەسەر کاریگەری دەکات وەک ئەوەی جەخت لەسەر پرۆسەی کاریگەری خۆی بکات، واتە زیاتر گرنگی بەدەرئەنجامەکانی چاندن دەدات وەک گرنگی بەکردارە داینەمیکییەکانی بدات کەروودەدەن لەماوەدا

٤- پەیوەندییەکی لاواز هەیە لەنێوان ئەوەی تەلەفزیۆن پیشانیدەدات لەگەڵ ئەوەی لەواقعی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بۆچارەسەری ئەمەش پێویستی بەراستگۆیی وبابەتی بوون هەیە.

٥- درکک بەراستییە شاراوەکانی پشتی شاشە ناکات وجەختیان لەسەرناکاتەوە هێندەی ئەوەی جەخت لەسەر درککردن بەواقعی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە.[١]

**ئەوهۆکارانەی کەبونەتە هۆی ئەوەی کەتیۆری چاندنی رۆشنبیری پشت بەئامرازی راگەیاندنی تەلەفزیۆن ببیەستێت ئەمانەن:**

١- تەلەفزیۆن ئامرازێکی چالاکترە لەئامرازەکانی دیکە: تەلەفزیۆن ئەوئامرازەیە کەدەچێتە ناوماڵەکانەوە بۆماوەی زیاتر لە(٧) کاتژمێر، وە لەتوانایدایە سەرنجی کەسانی تەمەن زۆر ومناڵان بۆخۆی رابکێشێت، وە هەروەها ژینگەیەکە بۆفێربوون، وە لەتوانایدایە وێنەی زهنی لەلای وەرگر دروستبکات.[٢]

٢- پەیامەکانی تەلەفزیۆن هۆکارێکن بۆدروستبوونی سیستمێکی لەیەکچووکە ئەویش بنەمایەکە بۆچەسپاندنی رۆشنبیری، چاندن وەك کردارێك کردارێکی رۆشنبیریە وە بۆتێگەشتن وخستنەرووی ئەوبابەتە پێویستە وەڵامی پرسیارە ناروونەکان بدرێتەوەوە ئەم کردارەش لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە سەرکەوتوودەبێت.

٣- ناوەرۆکی ئەوپەیامانەی کە دەبنە کلیلی چاندنی رۆشنبیری: پێویستە ناوەرۆکی ئەوپەیامانەی کە ئاراستەی وەرگر دەکرێت بەمەبەست ولەماوەیەکی دیاریکراودا پێویستە کۆمەڵە پرسیارێکی گرنگ بوروژێت کە ببێتە هۆی دروستبوونی وەڵامی شیکاری وووورد بەئامانجی چاندنی رۆشنبیری وا لەبینەر بکات کە زیاتر وووردتر بیر بکاتەوە لەشتەکان ورووداوەکان.[٣]

شیکاری چاندن زیاتر پشت دەبەستێت بەتەلەفزیۆن وئامرازەکانی راگەیاندنی رۆژئاوایی کە لەرێگەیەوە تیشك بخریتە سەر بابەت وڕووداوە جیاوازەکانی ناوکۆمەڵگە، کاری سەرەکی وگرنگی کارداری چاندن ورۆشنبیرکردن دیاریکردنی دووری پەیامی مەبەستدار ووەرگرە، بەئامانجی خستنەرووی راستیەکان بۆتاك ئەمەیش بەرێگەیەکی گونجا ولەگەڵ بەها ونەریتی کۆمەڵایەتیدا.

---

[١] N.signorielli & M. Morgan. Cultivation Analysis New Direction in Media Effect Research. California sage Publication, Inc., ١٩٩٠, pa ٢٥٧

[٢] وجدي حلمي عبدالظاهر، نظرية غرس الثقافي، جامعة ام القري، قسم الإعلام ،٢٠١٣، کاتی سەردانی (٢٠٢٠/٤/١١ کات: ٨:٣٠ pm)، http://constantine٣.blogspot.com/٢٠١٣/١٢/cultivation-theory

[٣] Rubun, Alan M, et al, A methodological Examination of Cultivation, in: Communcation Research Vol. Aprial ١٩٩٨, p.١٠٧.

٤- گەشـەکردنی تەکنەلۆژیـا لەتەلەفزیۆنـدا هۆکـارێکە بۆسـەرکەوتنی لەلای جەمـاوەر: سیسـتمی تەلەفزیـۆن وئەوگەشەکردنە خێرایەی کە لەوئامرازەدا ڕوودەدات هۆکارێکە بۆسەرکەوتنی لای جەماوەر کە دەوترێت تەلەفزیـۆن جـێگەی ڕۆژنـامە وگۆڤـار وڕادیـۆی گرتـۆتەوە لەتێربـوونی وەرگـر لەپێویسـتیەکانی لەئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.[١]

**پەیوەندی ئەم تیۆریە بەتوێژینەوەکەوە**

ئەم تیـۆریە پەیوەنـدیەکی ڕاسـتەخۆی بەتـوێژینەوەکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی تـوێژینەوەکە بـاس لەڕۆڵـی بەرنـامە تەندروسـتییە تەلەفزیۆنیەکـان دەکـات لەبڵاوکـردنەوەی هۆشـیاری تەندروسـتیدا، بڵاوکـردنەوەی هۆشیاری کرداری چاندنی ڕۆشنبیری تەندروستی لای بینەر، لەبەر ئەوەی لەهەرێمی کوردستان کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت بەتەندروستی نیە بەڵام زۆربەی کەناڵەکان بەرنـامەی تـایبەت بەتەندروستی هەیە، هەر بـۆیە تـوێژەر پشـتی بەبەرنامەکـان بەسـتوە لەبڵاوکـردنەوەی هۆشـیاری وچانـدنی نەریتـی خـۆ پـارێزی تەندروسـتی، ئەم تیـۆریە تەواو گونجـاوە لەگەڵ تـوێژینەوەکەدا چـونکە لایەنـی گرنگـی ئەم تـوێژینەوەیە کارکردنە لەسەر وەرگر ئەم تیۆریەش کاریگەرییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان دەردەخات لەسەر وەرگر.

---

[١] D. Mcquail. &S. Windahl. Communication Models for the study off Mass Communication , London, ١٩٩٣, pa ٣٥٥.

# بەشی سێیەم
# بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان وهۆشیاری تەندروستی

**تەوەری یەکەم: هۆشیاری وهۆشیاری تەندروستی**

**تەوەری دووەم: بەرنـــــامە وبەرنـــــامەی تەندروســـــتی تەلەفزیۆنی**

**تەوەری سێیەم: ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبڵاوکـــردنەوەی هۆشـــیاری تەندروســـتی لەســـەردەمی بڵاوبونەوەی کۆڤید١٩.**

## بەشی سێیەم: بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان وهۆشیاری تەندروستی

## تەوەری یەکەم: هۆشیاری وهۆشیاری تەندروستی

### ٣/١/١/ چەمک وپێناسەی هۆشیاری

لەنــاو تــوێژی ئەکادیمیــدا پێناســەیەکی تایبەتمــان نــیە بۆ هۆشــیاری کەبەتەواوی بتوانێــت پێناســەیەکی گونجاوورەزامەندی لەسەر هەبێت لەلایەن شارەزایانی بواری هۆشیاری، سەرجەم ئەو پێناسانەی دەکرێن زۆر لەیەک نزیکن وهیچ جۆرە شیکارییەکیان بۆنەکراوە کەبەتەواوی ماف بدات بەکرداری هۆشیاری، پێناسەکان کەم وکورتن بەجۆرێک دەوترێت هۆشیاری واتە پەیپێبردن (الأدراک)، یاخود هۆشیاری واتا ڕامان (الصحوة) مێشک وبیرکردنەوە سەرجەمی ئەم بۆچونانە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کەهۆشیاری پێکدێت. بەشێوەیەکی گشتی هۆشیاری (٤) پێکهاتەی سەرەکی هەیە ئەوانیش:[١]

١- پەیبردن
٢- تێگەشتن
٣- هەڵسەنگاندن
٤- ڕەفتار.

هۆشــیاری مــرۆڤ بەئــاوێتەبوونی لایەنەی مــادی وکۆمەڵایەتیەکــانی چــواردەوری دروســت دەبێــت، کە کاریگەری لەسەر تاك دروست دەکات ولەڕەفتار وهەڵسوکەوتەکانی تاکدا ڕەنگدەداتەوە.

دووتێگەشتن هەیە لەبارەی هۆشیارییەوە کەبریتین لە:

یەکەم: هۆشــیاری هەســتکردنی هاوڵاتیــانە لەبەرامــبەر ئازادیــان لەبەرامــبەر داب ونەریــت بــابەتە کۆمەڵایەتیەکــان کەهۆکــارێکن بۆکەمبــوونەوەی ئازادیەکــانی تــاکەکەس، گەڕان بەدوای چارەسەرکردنیان وبڵاوکردنەوەی بیروڕای جیاواز ورێگەدان ڕای تاکەکان کەسەرجەمی ئەم ڕاوبۆچونانە لەکۆتاییدا دەبێتە بڕیارێکی جیاواز.[٢]

دووەم: هۆشیاری لەئەنجامی کۆبوونەوەی بیروباوەڕەکان یاخود هەبوونی بیروبۆچونێکی سلبی وخراپ لەبــارەی دیــاردەیەک یــان بــابەتێکەوە، کەســانی حــاکم یــان بــزوتنەوە نیشــتمانیەکان هۆشیاری وەک سەرچاوەیەک بۆبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری وپەروەردە وفێرکردن وڕاگەیاندن بڵاودەکەنەوە بەپشت بەستن بەسەرچاوەی باوەڕپێکراوگرنگ.[٣]

---

[١] علی موفق فلیح، دور العلاقات عامة في نشر الوعي المروري فی العراق، رسالة الماجستر غیر المنشورة، جامعة بغداد، ٢٠٠٥، ص ٥٦-٥٧

[٢] عبد الله بوجلال، الإعلام وقضايا الوعي الاجتماعي في الوطن العربي، المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ع ١٤٧، ١٩٩١، ص٤٥

[٣] أنطونيوداماسيو، شعور بما يحدث دور الجسد والعاطفة في صنع الوعي، ت. رفيف كامل غدار، دار العربية للعلوم ناشرون، لبنان، ص٢٠

**/٢/١/٣ جۆرەکانی هۆشیاری**

سەبارەت بەجۆرەکانی هۆشیاری، سێ جۆری سەرەکی هۆشیاری هەیە ئەوانیش بریتین لە:[١]

١- هۆشیاری کۆمەلایەتی: هۆشیاریەکی گشتیە وسەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیاریان هەیە بۆ ڕووداو وبابەتە کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووریەکان، هەتا بابەتە زانستیەکانیش کەئاوێتەی ژیانی تاکەکانە، چەند هۆشیاریەکی دیکە لەژێر چەتری هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا جێگەیان دەبێت وەک هۆشیاری (ئاینی، ئەخلاقی، تەندروستی، ژینگەیی وسروشت).

٢- هۆشیاری چینایەتی: مەبەست لەهۆشیاری چینایەتی هەستکردنی تاکە بەئاست وچینی کۆمەڵایەتی کەبەردەوام هەوڵی بەرزکردنەوەی دەدات، تاک بڕیاردەری سەرەکیە لەهەڵبژاردنی چینی گونجاو لەبەرژەوەندی خودی خۆی.

**٣-** هۆشیاری سیاسی: کاتێک تاکەکانی ناو کۆمەڵگە کاردەکەن لەبەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی دیاریکراو، هەوڵ دەدەن بۆبەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەولایەنە دیاریکراوەی کەمەبەستیانە، بۆبەدیهێنانی

٤- ئەوئامانجانە پێویستیان بەهۆشیاری سیاسی هەیە لەئاستێکی باڵادا.

**/٣/١/٣ چەمک وپێناسەی هۆشیاری تەندروستی**

هۆشیاری تەندروستی مەبەست لێی ئاشناکردنی تاک وکۆمەڵگەیە دەربارەی زانیاری وڕاستیە تەندروستیەکان، هەروەها هەستکردن بەبەرپرسیارێتی لەبەرامبەر تەندروستی خود ودەوروبەرمان لەڕێگەی پەیڕەوی کردنی هۆشیارییەکی تایبەت بەتەندروستی وەهەوڵدان بۆبەدەستهێنانی ئەنجامێک لەتێگەشتن وباوەڕپێهێنان لەگۆڕینی ئەم ڕەفتارە بۆنەرتێکی دیاریکراوکەتاک بەبێ ئەوەی هەستی پێکات وبەبێ بیرکردنەوە پەیڕەوی دەکات.[٢]

هۆشیاری تەندروستی: ئەوکارەیە کەئامانج لێی زانینی جیاواز یە لەنێوان ئەوزانیارییانەی کەخەڵک دەیزانن لەبارەی تەندروستیەوە وپەیڕەوی کردن وجێبەجێکردنیان، وەهەروەها هەوڵدانە بۆپەروەردەی تەندروستی بەجۆرێک کەکاریگەری دابنێت لەسەر ڕەفتارەکانی تاک، لەڕێگەی کەسانی شارەزا لەبواری تەندروستی وخۆپارێزیەوە بەردەوام چالاکی تەندروستی ڕێکبخرێت کاربکرێت بۆبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی .[٣]

هۆشیاری تەندروستی: کارێکە ئامانج لێی فێرکردنی خەڵکە لەنەریتە تەندروستیە باشەکان، وڕەفتاری تەندروستی تازە، هاوکاریکردنیان بۆلابردنی بیر وئاراستەی تەندروستی نادروست وگۆڕینی بەڕەفتاری باش بە بەکارهێنان ئامرازە جەماوەریەکان.[٤]

---

[١] قطوف عفاف، دور اذاعة برج بوعريريج المحلية في نشر التوعية الصحية، دراسة ميدانية لنيل شهادة المجستر في علوم الاعلام والاتصال، جامعة محمد بوضياف بالمسية، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية قسم العلوم الاعلام والاتصال، الجزائر، السنة الجامعية ٢٠١٥-٢٠١٦، ص٦٥

[٢] أحمد محمد بدح وأخرون، الثقافة الصحية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ط٥، عمان، ٢٠١٥، ص١٥

[٣] بسام عبدالرحمن المشاقبة، الاعلام الصحي، دار الاسامة للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠١٢، ص١٥

[٤] مصعب عبدالسلام المعايطه، دور التلفزيون الاردني في التثقيف الصحي،الرسالة فى حصول الشهادة الماجستر، جامعه البترا،كليه الاداب العلوم، قسم الصحافة والاعلام، ٢٠١٤، ص٣٥

تـوێژەر لەکـۆی ئـه وپێناسـانەی  لەبـارەی هۆشـیاری تەندروسـتیەوە خـراوەتە ڕوو،سـەبارەت بەهۆشـیاری تەندروستی ئەم پێناسە ڕێکارییە دەخاتە ڕوو کەتایبەتە بەناوڕۆکی توێژینەوەکە

هۆشیاری تەندروستی: بریتیە لەهەوڵدانێکی زانستی وبابەتی بەمەبەستی زیادکردنی زانیاری بـاوەڕ پێکراو لای هاوڵاتیـان، بەمەبەسـتی گـۆڕینی ڕەفتاریـان بەرەو شـێوازێکی باشـتر ودووخسـتنەوەیان  لەمەترسـییە تەندروستیەکان.

## ٣/١/٤/ بوار وپێکهێنەرەکانی هۆشیاری تەندروستی

**بوارەکانی هۆشیاری تەندروستی :**

هۆشـیاری تەندروسـتی تەنهـا لەیەک بـواردا نـامێنێتەوە، بەڵکوبڵاودەبێتەوە بۆسـەرجەم لایەنە گرنگەکـانی ژیـانی تـاک، ئەم بنەمـایەی ژیـان کەتەندروسـتیە کـاریگەری دەبێت لەسـەر تەندروسـتی خەڵـک وهەمـوو پێکهێنەرەکانی دیکەی کۆمەڵگە، بوارەکانی دیکەی هۆشیاری تەندروستی پێکدێن[١]

١- بواری تەندروستی کەسی( خودی): پێکدێت لەپاکوخاوێن ڕاگرتنی کەسی وەک جەستە وجل وبەرگ ومـاڵ وژینگەی کار.

٢- بـواری خـۆراک: مەبەسـت لەخـواردنی تەندروسـت وئاسـان بـۆ هەرس وبەسـود بۆجەسـتەیە، بـۆئەوەی ووزەیەکـی باشـت هەبێـت وگەشـەی جەسـتەیی وسـەرجەم ڤیتـامین وپێکهێنەرەکـانی جەسـتە تەندروسـت ولەئاستی پێوانەییدا بن.

٣- سەلامەتی وفریاگوزاری سەرەتایی: گرنگیدان بەسەلامەتی تـاك وهۆشیارکردنەویان لەبـارەی فریاگوزاری سەرەتایی لەکاتی هەبوونی هەر کێشـەیەکی تەندروسـتی وڕوووبەڕووبونەوەی ڕووداو پێشـهاتە کتوپڕەکان، هۆشیاربوون لەبەکارهێنـانی فریـاگوزاری بۆکـاتی پێویسـت لەبـارەی (خـوێن بەربـوون، شکـاوی، سـوتاوی، تێکچوونی گەدە، بریندار بوون).

٤- تەندروستی ژینگەیی: گرنگیدان بەژینگە پارێزی لەپێناو پارێزگاریکردن لەتەندروستی کۆمەڵگە.

٥- تەندروستی ئەقڵی ودەروونـی: بەئامـانجی هەبـوونی تەندروسـتیەکی بـاش لەڕووی ئەقڵـی ودەرونـی تـاکەوە، لەبەر ئـەوەی هۆکـارێکە بـۆ پەرچەکردارە ناوخۆییەکـان وکەمکـردنەوەی کـارتێکەرە دەرەکیەکـان بۆسـەر دەروون وئەقڵی تاك، وە هۆکارێکە بۆپارێزگاریکردن لەدووربوون لەنەخۆشیە دەرونیەکان.

٦- ئالودەبوون بەجگەرەکێشان، خواردنەوە کحولیەکان، دەرمـانی بێهۆشـکەر: ئەم بـابەتە پەیوەندیدارە بەزەرەر وزیانەکـانی پێکهـاتەی فیزیۆلـۆجی ودەروونـی وکـۆمەڵایەتیەوە، کە سـەرجەم ئەم کەرەسـتانە ئەنجـامی مەترسیداریان دەبێت بۆتەندروستی تاك وکۆمەڵگە بەگشتی.

٧- نەخۆشیەکان وخۆپاراستن: هۆشیاربوون لەبارەی نەخۆشیەکان وهۆکارە گوێزەرەوەکـانی بەشێکی دیکەی هۆشـیاری تەندروسـتیە، وە ئاگـادار بـوون لەجۆرەکـانی نەخۆشـی وناسـینەوەی نەخۆشـیە گوێزەروەکـان ونەخۆشیە نەگوێزراوەکان.

---

[١] عبدالتواب جابر أحمد محمد مكى، المحددات الاجتماعية للوعي الصحي في الريف المصري، مجلة أسيوط للدراسات البئية، ع (٤٦)، ٢٠١٧، ص٨.

٨- تەندروستی بەکاربەر: ئامانجی هۆشیاری تەندروستی پاراستنی تەندروستی بەکاربەرە، ئەمە لەڕێگەی بەدواداچوون لەبارەی بەرهەمە خۆراکیەکان وتێگەشتن لەڕاستی وتەندروسیان وپشت نەبەستن بەڕیکلامی بازرگانی، دڵنیابوون لەهەبوونی دڵنیایی تەندروستی ونەبوونی زیان.

٩- پەروەردەی سێکسی: ئامانج لێی هۆشیاری وڕوونکردنەوە تێگەیاندنی تاکە لەبارەی ئەرکی هاوسەرگیری ودایکایەتی وباوکایەتی وقۆناغی دروستبوونی منداڵ وکێشە سێکسیەکانی تاك.

**بنەماکانی هۆشیاری تەندروستی**

هۆشیاری تەندروستی پێویستی بە کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی هەیە لەوانەش:[١]

١- پەیامە تەندروستیەکان: زانیاریە تەندروستیەکان دەبێت ڕوون وڕاست بن بۆئەوەی پەیامە تەندروستیەکە ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت.

٢- ڕۆشنبیری تەندروستی: مەبەستمان لەوکەسانەیە کەزانیاریەکان دەگوێزێتەوە کەلەسەرچاوەی دیکەوە وەریگرتوون، دەبێت توانایەکی بەهێزی هەبێت لە گەیاندنی زانیاری، پێویستە ئەوکەسە باوەڕی تەواوەتی هەبێت بەو پەیامەی کە دەیگوێزێتەوە شارەزای تەواوی بۆبڕواپێهێنانی بینەر.

٣- کەسی وەرگر: پێویستە ئاستی هۆشیاری وتێگەشتنی کەسی وەرگر بزانین، وە بزانین وەرگر مەبەستێتی پەیامە تەندروستیەکان بۆسودی خۆی بەکاربهێنێت.

٤- ئامرازی هۆشیارکردن: پێویستە ئامرازی پەیوەندیە جەماوەریەکان بەکاربهێنرێت بۆبڵاوکردنەوەی پەیامە تەندروستیەکان، وپێویستە ئامرازەکان لە ڕێگای هەستەوەرێك یاخود زیاتر بگاتە وەرگر.

**/٥/١/٣ ئامانج وگرنگی هۆشیاری تەندروستی**

**ئامانجەکانی هۆشیاری تەندروستی**

ئامانجی بەرنامە تەندروستیەکان، هاوشێوەی هەمان ئەو بەرنامانەی تر لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکرێت چەندین ئامانج لەخۆدەگرێت، واتا هۆشیاری تەندروستی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا پشت دەبەستێت بەئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، کەئایا لەتوانایاندایە ڕەفتارەکانیان بگۆڕن بۆڕەفتارێکی گونجاوڕاست یان نا؟ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەڕێگەی بەرنامە تەندروستیەکانەوە بۆچەند ئامانجێکی دیاریکراو هەوڵ دەدات لەوانە:

١- پێدانی زانیاری، کەزانیاری جدی وووردو ودڵنیابوون لەڕاستی ووردی، ناوەڕۆکی زانیارییەکان هەموو مەبەستەکان تیادا خرابێتە ڕوو لەبەرژەوەندی تاك وکۆمەڵگەدا بێت.

٢- گەشەپێدانی تواناکانی تاك وکۆمەڵ لەڕێگەی بڵاوکردنەوە وئامۆژگاری وهۆشیارکردنەوەوە، وپاراستنی سەلامەتی ودڵنیابوون لەبەرژەوەندیەکان.

---

[١] محمد فاضل علي، دور شيكة الفيسبوك في تعزيز التوعية الصحية لدى الجمهور، دراسة المسحية لنيل علي شهادة الماجستير فى الاعلام،جامعة الشرق الاوسط، كلية الاعلام،الاردن، السنة ٢٠١٧، ص١٠

٣- گۆڕینی ڕەفتار وکردارەکان، کارکردن بۆبرواپێهێنانی تاک وکۆمەڵگە بۆگۆڕین ونەمانی ڕەفتاری نەشیاو لەناو کۆمەڵگەدا، وە پشت بەستن بەداب ونەریتێکی نوێ وسەردەمیانە ودوورکەوتنەوە لەوداب ونەریتە نەگونجاو نەشیاوانەی کەبڵاودەبنەوە لەناو کۆمەڵگەدا.(١)

٤- توانای وەرگرتن وتێگەشتنی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆچارەسەرکردنی کێشە تەندروستیەکان وپارێزگاریکردن لەتەندروستی خۆیان وکۆمەڵگە، لەڕێگەی پێدانی ڕێنمایی تەندروستی ونەریتەکانی خۆپارێزی جێبەجێکردنیان هەستکردنیان بەبەرپرسیارێتی وئارەزوومەندبونیان لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان.

٥- بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بەتەندروستی لەئاستێکی پێشکەوتوودا بەئامانجی چارەسەرکردنی کێشە تەندروستیەکانی ونەخۆشیە ڤایرۆسیەکان کەلەناو کۆمەڵگەدا بڵاودەبنەوە نەخۆشیە گوازراوەکان لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگوێزرێنەوە بەئامانجی خۆپاراستن وچارەسەری سەرەتایی شێوازی گواستنەوەی ئەوزانیاریانە بڵاودەکرێنەوە.

٦- ناساندنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بەتاکەکان، بۆزانینی چۆنێتی سودوەرگرتنیان بەشێوازێکی ڕاست ودروست.(٢)

هەندێك لەزانیان وتوێژەران کۆمەڵێك ئامانجی دیکەیان دیاریکردووە بۆهۆشیاری تەندروستی:(٣)

١- گۆڕینی براوبۆچون وتێگەشتنی کۆمەڵگە لەبارەی بەهاکانی تەندروستی ونەخۆشی وهاوکاریکردن، ئەمەش لەڕێگەی هەستکردنیان بەگرنگی بواری تەندروستی لەم سەردەمەداو هەوڵدان بۆبەشداریکردن لەچالاکیە تەندروستیەکان وپرۆژەکاندا بەبێ ئەوەی هیچ پاڵنەرێکی دەرەکی هەبێت وە ئەمەش بەستراوەتەوە بەئاستی پەروەردە ورۆشنبیری وکۆمەلایەتی کۆمەڵگە.

٢- گۆڕینی نەریت ورەفتارە ناپەسەندەکان بۆرەفتاری پەسەند، خستنەڕووی گرنگی لایەنە تەندروستیەکان ودامەزراوە ورێکخراوە تەندروستیەکان کە ئامانجیان بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانە وگرنگیدانە بەتەندروستی کۆمەڵگە لەڕێگەی بەدیهێنانی ئامانجەکانیانەوە، لەپێناوبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی ورۆشنبیری هاوڵاتیان ئاگاداربوون لەئاستی گرنگیپێدان وپەیڕەوکردنی ڕێساکان وڕێنماییە تەندروستیەکان.

٣- پاڵنەرێکە بۆهاوڵاتیان بۆگەشەپێدان وسەرکەوتنی یەکە تەندروستیەکان، ئەمەیش ڕوونادات تا هاوڵاتیان لەگرنگی وپێویستی ڕێکخراو ودەزگا ودامەزراوە تەندروستیەکان ئاگاداربن کەهەموتوانا وهێزێکی خۆیان دەخەنە گەڕ لەپێناوتەندروستی هاوڵاتیاندا .

---

(١) سامية بورنان، مدى فعالية برنامج التوعية الصحية في تغيير تصورات المراهقين نحوالادمان على المخدرات، دراسة ميدانية ببعض ثانويات مدينة المسلية، أطروحة دكتوراه علوم في العلم النفس غير منشورة، جامعة باتنة(١)، الجزائر، ٢٠١٧، ص٦٠

(٢) إيمان عبيدي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣

(٣) أحمد محمد بدح وأخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧

ئامانجی سەرەکی هۆشیاری تەندروستی گۆڕینی سێ لایەنی دیاریکراوە ئەوانیش[1]

١- زانیاریەکان: زانیارییە تەندروستیەکان لەسەرەکیترین ئامانجەکانە لەسەر بنەمایەکی زانستی وڕاست، کەپەیوەندیدارە بەتاک وتیڕوانینەکانی لەبارەی تەندروستیەوە.

٢- ئاراستەکردن: دروستبوونی قەناعەت وباوەڕپێهێنانی وەرگرە بەزانیاریە تەندروستیەکان، ئارەزوومەندبوونە لەجێبەجێکردنی وپەیڕەوەی کردنی رەفتاری داواکراوە.

٣- پەیڕەویکردن: جێبەجێکردنێکی زانستیانە وبەردەوامبوونە لەسەر تەندروستیەکی تەواو، گرنگی هۆشیاری تەندروستیە بەپشتبەستن بەبنەما زانستیەکانی تەندروستی بەئامانجی هەبوونی ئەنجامێکی ئەرێنی لەسەر ئاستی تاک وگۆڕینی ئاراستەونەریت ورەفتار وگەشەکردنی لەناونەوەی داهاتوو.

## گرنگی هۆشیاری تەندروستی

هۆشیاری تەندروستی گرنگیەکی گەورەی هەیە لەژیانی تاک وکۆمەڵدا، کۆمەڵگە کاتێک دەبێتە کۆمەڵگەیەکی بەهێز کەتاکەکانی بەهێز وتەندروست بن، بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانشتوان وبەرفراوان بوونی ڕووبەرە نیشتەجێبیەکان، وە پیسبوونی ژینگە وزۆری پاشەڕۆی کانزایی وزۆری کارگە ودووکەڵ وزۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل وهەموو ئەو ئامێرانەی دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە کەژاوەژاوێکی ژینگەیی وتەندروستی دروستکردووە، لەبەر ئەم هۆکارانە پێویستە کاربکرێت بۆهۆشیارکردنەوە وئاگادارکردنەوەی تاکەکان لەهەبوونی مەترسیە تەندروستیەکان بۆخۆپاستن وکەمبوونەوەی ڕێژەی نەخۆشی، بوهۆی گەشەی بەردەوامی وتوانا زانستی وپزیشکیەکانەوە هۆشیاری تەندروستی زیادی، بڵاوبونەوەی هۆشیاری هۆکارێکە بۆکەمبونەوەی توشبوون بەنەخۆشیە جۆراوجۆرەکان لەناوکۆمەڵگەدا.[2]

گرنگیەکی دیکەی هۆشیاری تەندروستی (بالتكلفة) تێچووی داراییە کەئەمە لایەنێکی ئابووریە لەوڵاتدا، تێچوومەبەست لێی تێچووی دەرمان وچارەسەری نەخۆش وبنیادنانی نەخۆشخانە ونۆرینگەکان، سەرجەمی ئەم تێچوانە دەچنە بواری پارێزگاری تەندروستیەوە، لەلایەکی ترەوە تاکێکی تەندروست ووزە وتوانایەکی زۆری هەیە بۆبەرهەمهێنان وگەشەکردنی ئابووری وخۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.[3]

هۆشیاری تەندروستی وا لەتاکەکان دەکات کەهەمیشە بەچاوێکی تەندروستیانەوە بڕوانن، ویارمەتیدەرە بۆشیکردنەوە ولێکدانەوەی دیاردە تەندروستیەکان وگەڕان بەدوای هۆکارەکانی نەخۆشیەکان وسود وەربگرن لە ئامۆژگاریە تەندروستیەکان، ئەوەش بەبەهایەکی مەعریفی دادەنرێت کاتێک تاکەکانی

---

(١) مجدى الجويسي، مستوى بالصحة النفسية لدى طلبة جامعتى فلسطين التقنية والقدس المفتوحة من وجهة نظر الطلبه، مجلة البحوث التربوية والنفسية، جامعة الفلسطين التقنية، طولكوم، ع (٤٦)، ٢٠١٥، ص٢٦٢

(٢) محمد بن عبدالمحسن الزكري، جهود الصحافة اليومية السعودية في نشر المعرفة الصحية، دراسة تحليلية رسالة مقدمة لنيل درجة ماجستر في الاعلام، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، سعودية، ٢٠٠٧، ص٥

(٣) عبدالملك بن عبدالعزيز الشهلوب، دور الاعلام فى التحقيق الوعي الصحي، دراسة تحليلية تقومية قي كلية الدعوة والاعلام، رسالة دكتوراه غير المنشورة، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، سعودية، ٢٠١٢، ص٣.

ناوکۆمەڵگە سودی لێوەردەگرن لە ڕێگای ڕوونکردنەوەی تەندروستی بۆبڕیاردانی ڕاست ودروست ودورکەوتنەوە لە کێشە تەندروستیەکان.[١]

گرنگی هۆشیاری تەندروستی لەمانەی خوارەوەدا دەتوانرێت کورت بکرێتەوە کەبریتین لە:[٢]

١- باشبونی تەندروستی لەسەر ئاستی تاك وكۆمەڵگە.

٢- بنیادنانی ئاراستەی تەندروستی باش.

٣- هاوکاریکردنی تاك بۆچارەسەرکردنی کێشە تەندروستیەکان.

٤- چاندنی بەهای ڕەفتاری تەندروستی لای تاك وگۆڕینی ڕەفتاری هەڵەونا دروستەکان.

٥- هاوکاریکردنی تاك لە دەست نیشانکردنی کێشە تەندروستیەکان.

٦- باشتر کردنی جۆرێتی ئەوژیانەی کە تاك هەیەتی لە ناوکۆمەڵگەدا.

٧- کەمکردنەوەی هاوکێشەکانی ڕوودانی نەخۆشیەکان.

**٦/١/٣/ لایەنەکانی هۆشیاری وهۆشیاری تەندروستی**

لایەنی یەکەم: ئایدۆلۆجی پەیوەندیدارە بەشیکاریکردن وتاوتوێکردنی بابەتە کۆمەلایەتیەمان وە باسکردن لەکێشە وگرفتەکان وخستنەڕووی هۆکارەکان ودۆزینەوەی چارەسەری گونجاو

لایەنی دووەم: تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ کە ڕۆژانە یان لەمێژووی ژیانیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەناوکۆمەڵگەدا، کە سەرجەمی ئەورووداوانەی ڕوودەدەن هۆکارێکن بۆگەشەکردنی کۆمەڵایەتی وسیاسی وهەوڵدان بۆبرەودان بەتاك لەڕێگەی ڕێکخستنی کۆمەڵگە وڕاگەیاندنەکانەوە.

❖ **ڕێژەی هۆشیاری:** لەکاتی ئاساییدا ڕێژەی ڕوون ودیاری هۆشیاری گۆڕانکاری زۆر بەسەردا دێت، کەئاستەکانی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

- هۆشیاری (دیار) ئاشکرا: کەئەمە پێویستی بەڕێژەیەکی کەم لەهەوڵ وتیشک خستنە سەر هەیە.
- هۆشیاری خۆرسک: کەپەیوەندی بەخەونەکانەوە هەیە، پێویستی بەهیچ هەوڵێک نیە.
- هۆشیاری شاراوە (ناوەکی): ئەوهۆشیاریەیە کەشاراوەیە وئۆتۆماتیکی لەهەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا دەردەکەوێت ولەنەستی مرۆڤەکاندایە.[٣]

---

[١] محمد زكري، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥

[٢] احمد حسن عودة الغانمي (٢٠١٢-٣-٢٥)، "تعريف التثقيف الصحي"، جامعة بابل كلية التمريض، ڕێکەوت ٢٠١٩/٧/١٨، کاتی سەردان (٢٠٢٠/٨/٦) کاتژمێر(٧:٣pm )

http://nurs.uobabylon.edu.iq/service_showrest.aspx?pubid

[٣] شعبان مالك، دور الاذاعة المحلية في نشر الوعي الصحي لدى الطالب الجامعي، دراسة ميدانية بجامعتي قسطنية وبسكرە، رسالة دكتوراه علوم في العلم اجتماع التنمية، جامعة منتوري قسنطينة،٢٠٠٦، ص٢١٤

**لایەنەکانی هۆشیاری تەندروستی**

- هۆشیاری تەندروستی تەنها بەندنیە بەلایەنێکەوە، بەڵکو پەیوەستە بەسەرجەم لایەنەکانی ژیانی تاکەوە، تێکهەڵکێشە بەخێزانەوە وەک چۆن دایک بەرپرسیارێتیەکی گەورەی لەسەرشانە کەبریتیە لەچاندنی پەروەردەی تەندروستی بۆمناڵەکانی، هەروەها ڕاهێنانیان لەسەر ئەنجامدانی ڕەفتاری تەندروست ورۆشنبیری تەندروستی ئەوەیش لەڕێکەی پاکوخاوێنی ئەندامەکانی خێزان.
- خوێندنگا هۆکارێکی دیکەی چاندنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری تەندروستیە لەلای خوێندکاران کەوادەکات خوێندکار گرنگی بدات بەخاوێنی وتەندروستی خۆی، هەروەها زانکۆ ودەزگاکانی ڕاگەیاندن وڕێکخراوەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەبلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی وچاندنی ڕۆشنبیریەکی تایبەت بەتەندروستی وڕێکارە خۆپارێزیەکان وراهێنان وخولی تایبەت بەرێساکانی خۆپارێزی لەپێناوتەندروستیەکی باشدا، پەروەردەکردنی تاک بەپابەند بوون بەرێسا تەندروستیەکان تەنها ناکەوێتە ئەستۆی ڕێکخراوە تەندروستیەکان نەخۆشخانەوپزیشکان وکارمەندانی تەندروستیەوە، بەڵکوپێویستە لەسەر هەمووتاکەکان بەبێ جیاوازی هاوکاربن بۆسەرکەوتنی پرۆسەی تەندروستی لەکۆمەڵگەدا.[١]

**٣/١/٧/ ئاستەکانی هۆشیاری تەندروستی**

١- هۆشیاری تەندروستی تاکەکان: هۆشیارکردنەوەی تاك لە بارەی خواردن و هۆکارەکانی نەخۆشی وڕێگای خۆ پارێزی پاك ڕاگرتنی کەسایەتی.

٢- هۆشیاری تەندروستی خێزان: ئەوهۆشیارییەیە کە کار دەکات بۆتێگەستن وچاندنی هۆشیاری تەندروستی لای تاکەکانی خێزان.

٣- هۆشیاری تەندروستی کۆمەڵ: ئەمەش ئەوکۆمەڵە کەسانە دەگرێتەوە کە نزیکن لەیەك ولە ناویەك ژینگەدا دەژین وکاردەکەن وەك: خوێندکاران یان فەرمانبەرانی یەك فەرمانگە

٤- هۆشیاری تەندروستی کۆمەڵگە: ئەمەش لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیامەکانیان پێدەگات بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانی نێوانیان.[٢]

**٣/١/٨/ هۆکاروئامرازەکانی هۆشیاری تەندروستی**

دامەزراوە تەندروستیەکان لەوڵاتانی تازە پێگەشتووزیاتر پشت بەبەرنامە ڕۆشنبیری و هۆشیارییە تەندروستیەکان دەبەستن بۆبلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەناوهاوڵاتیاندا، بەرنامەکان لەرووی شێوە وناوەڕۆکەوە پشت بەتوێژینەوە زانستیەکان دەبەستن، خستنەڕووی کێشە تەندروستیەکان وهەوڵدان بۆدۆزینەوەی چارەسەر بۆکێشەکان بۆئەم مەبەستەش پشت بەکەسانی پسپۆڕ وشارەزای ئەوبوارە

---

[١] إيمان عبيدي، الاذاعة المحلية والوعي الصحى لدى الشباب الجامعى، دراسة الميدانية انيل شهادة الماجيستير في أتصال وعلاقات عامة، جامعة العربي بن مهيدي –أم البواقي، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، ٢٠١٥، ص ١٢٤

[٢]مراد الشوابكة،اهمية التثقيف الصحي، الموقع الموضوع،٢٠١٧ http://mawdoo٣.com/%D٨٪A

كاتی سەردانی (٢٠٢٠/٨/٨) الساعة(١٢:٥٥)am

دەبەسترێت بۆخستنەڕووی چارەسەرەکان وگەیاندنیان بەگوێی هاولاتیان، ئامرازەکانی گەیاندنی هۆشیاری پێکدێن لە:

١- پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ڕووبەڕوو: ئەوجۆرە پەیوەندیە کەکەسی شارەزا وپسپۆڕ ڕاستەخۆ وپەیوەندی هەیە لەگەڵ کەسی بەرامبەری بەئامانجی گەیاندنی ڕۆشنبیری وهۆشیاری تەندروستی، کەهەندێک کات بەشێوەی چاوەڕوان نەکراوە وهەندێک کاتیش پلانی بۆدانراوە، وەک بینینی نەخۆش لەڕێگەی پزیشکەکانەوە یان پزیشکی خێزانی کەبەرۆشنبیری ڕوبەڕوودادەنرێت.

پەیوەندیە ڕاستەوخۆکان کاریگەری گەورە وبەهێزیان هەیە لەسەر تاکەکان هەر بۆیە پێویستە پزیشکان وکەسانی شارەزای بواری تەندروستی بەشێوازێکی تایبەت وزانستی نەخۆش ئاگادار بکاتەوە لەجۆری کێشە تەندروستیەکەوشێوازی چارەسەرکردن.[١]

٢- پەیوەندی ناڕاستەخۆ: ئەوپەیوەندییە کەپزیشکان وکەسانی شارەزا ورۆشنبیری تەندروستی وراگەیاندنکاری تەندروستی دەیبەستێت لەگەڵ خەڵک، کەلەڕێگەی ئامراز وهۆکارە جۆراوجۆرەکانەوە.

گەیاندنی زانیاری وڕاستیە تەندروستیەکان بۆهاولاتیان ورای گشتی لەڕێگەی ئەم ئامرازانەوە [٢]:

أ- چاپەمەنیەکان: کەپێکهاتووە لەکتێب وبلاوکراوە ورۆژنامە وگۆڤار کە پێویستە زانیارییەکانی ناوی ئاسان بێت بۆتێگەشتن کە بەشێوازێکی ڕوون وئاسان بۆخوێندنەوە وتێگەشتن.

ب- ئامرازەکانی بینین وبیستن (ڕادیۆ وتەلەفزیۆن): بەباشترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێن وە بەئامرازێکی بەهێزی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دادەنرێن، لەبەرئەوەی لەم ئامرازانەدا بەشێوەیەکی ڕوونتر وجیاواز لەڕێگەی دەنگ وڕەنگەوە پەیامەکان دەگوێزرێتەوە بۆوەرگر.

ت- وێنە وپۆستەر: کەبۆ یەک ئامانج کاردەکەن کەوێنەوپۆستەرەکان لەشوێنە دیار وقەرەباڵغەکان هەڵدەواسن کەئامانجیان بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیە.

ث- پێشانگاکان: هەڵبژاردنی بەشێکە لەزانیارییەکان لەشێوەی وێنە وتابلۆ وپەیکەر وشێوەکاری وپەیکەر وئامێر وکەرەستەکانی پەیوەست بەتەندروستیەوە لەواقعی ژیانی ڕۆژانەدا.

ج- بەکارهێنانی کۆمپیوتەر: بەکارهێنانی ئینتەرنێت وبەرنامە جۆراوجۆرەکان بۆئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری وئامۆژگارییە تەندروستیەکان لەڕێگەی وێنەوە دەنگ وڕەنگەوە، هەروەها لەئێستادا تۆڕەکۆمەلایەتیەکان بەگشتی وپەیامە ڕیکلامیەکان لەڕێگەی کورتە نامەوە وهەبوونی بروشەرڕیکلامە تایبەتەکان ڕێگایەکی دیکەن بۆدروستبونی پەیوەندی ناڕاستەوخۆ .

---

[١] بسام عبدالرحمن المشاقبة، الاعلام الصحي، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩-١٠٠

[٢] محمد أحمد فياض، دور الاعلام الجديد في تعزيز الوعي الصحى لدى الشباب فى مملكة البحرين، رسالة الماجيستر في كلية الامارات للتكنولوجيا، قسم الاعلام والاتصال، أبوضبي، مجلة كلية الفنون والاعلام،ع(٢)، ٢٠١٦، ص٦٥

**٩/١/٣/ پێوانەکردنی هۆشیاری تەندروستی**

پێوانەکردنی هۆشیاری تەندروستی پشت دەبەستێت بە(٥) خاڵی سەرەکی ئەوانیش بریتین لە:[١]

١-پێوانەی هۆشیاری تەندروستی پارێزراو: ئەم جۆرە لەهۆشیاری بێئاگایانەیەولەڕێگای ڕەفتاری تاکەکانەوە هەستی پێدەکریت کەلەپێناوپاراستنی تەندروستی جێبەجێی دەکات.

٢-پێوانەی هۆشیاری تەندروستی کەسی (خودی): دەکرێت پێوانەبکرێت لەڕێگەی زانینی ئەونەریت وڕەفتارانەی تاک کەجێبەجێیان دەکات بۆپاراستنی ئەندامەکانی جەستەی.

٣-پێوانەی هۆشیاری تەندروستی ژەمەخۆراکیەکان: پەیوەستە بەشیوازی خۆراک وکاتەکانی خواردنەوە وە ئەونەریت وڕەفتارانەی کەجێبەجێدەکریت لەکاتی ژەمەکانی خواردندا.

٤-پێوانەی هۆشیاری تەندروستی وەرزشی: پشت دەبەشتێت بەڕێژەی زانینی گرنگی وەرزش بۆجەستەی مرۆڤ وەهۆشیاری تاک لەبارەی گرنگی وپێویستی وەرزشەوە.

٥-پێوانەی هۆشیاری تەندروستی ژینگەیی: ئەم بەشە گرنگی تایبەتی هەیە کەلەم ڕێگەیەوە پێوانەی هۆشیاری تەندروستی وژینگەیش دەکرێت وە دەتوانرێت تێگەشتنی تاک لەبارەی گرنگی ژینگە بۆسەر تەندروستی بزانرێت کە هەردووبەشەکە پێویستی بەهۆشیاریەکی تەواو هەیە.

---

[١] عبدالتواب جابر أحمد محمد مکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

## تەوەری دووەم: بەرنامە وبەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی

### ٣/٢/١/ چەمك وپێناسەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی

لەسەر خستنەڕووی چەمکی بەرنامەی تەلەفزیۆنی جیاوازی دەبینرێت لەنێوان ڕاوبۆچونەکان، هەندێك پێیان وایە بەرنامەی تەلەفزیۆنی بەتەنها شێوازێك نیە بۆڕێکخستنی مادە تەلەفزیۆنیەکان ودابەشکردنیان بەپێی ماوە کاتییەکان لەڕۆژێکدا، یان لەهەفتەیەك یان لە مانگێکدا، کە لەچوارچێوەیەکدا ناوەڕۆك لەخۆگرتووە. [١]

### چەمکی بەرنامەی تەلەفزیۆنی

بنەمای ووشەی بەرنامە لە ووشەی (pro-gram یان program یان programmer) ی ئینگلیزی وە هاتووە، لە دووبەش پێکهاتووە (pro) لە سەرەتادا دێت وبەواتای (وەکیل یان لەجێگەی) دێت، (gram) بەواتای شتێکی (نوسراویان کێشراو) دێت.[٢]

- لەڕووی شێوەوە: ئەم ئاراستەیە گرنگی دەدات بە ناسینەوە یان سیفاتی شێوەیی وەك بنەمایەك بۆدابەشکردن وپۆلێن کردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی، وە ئەوکاتەی کە پێویستیتی هەروەها ئەوکاتەی کە بۆی دیاریکراوە تا تیایدا پەخش بکرێت لەگەڵ هەبوونی ناوێکی دیاریکراو.[٣]
- لەڕووی ناوەڕۆکەوە: گرنگی دەدات بە ناوەڕۆك وئاراستە کارتێکەرەکان کە بنەمایەکە بۆناساندن وجیاکردنەوەی بەرنامە ودەرخستن وپیشاندانی مەبەستی بەرنامەکە بۆوەرگر، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە هەندێك پێیان وایە کەبەرنامەی تەلەفزیۆنی بەستنەوەی مادە وناوەڕۆکی بەرنامەیە بۆجەماوەرێکی جۆراوجۆر ومەبەستدار.
- لەڕووی شێوە وناوەڕۆکەوە: ئەم لایەنە گرنگی دەدات بە شێوە وناوەڕۆك بەیەکەوە لەڕووی گونجاوی وتەواوکەری یەکترییەوە بەشێوەیەك کە ناوەڕۆك وشێوە بەیەکەوە گونجاوبێت، بۆبەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی تەواوبە بەرزترین شێوەی هونەری پەخشکردنی بۆوەرگر[٤] .

### پێناسەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی

- بەرنامەی تەلەفزیۆنی: دەستەواژەیەکە بۆپیشاندانی بیرۆکەیەك وچارەسەرکردنی بابەتێك لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەلەفزیۆنەوەکە هەموولایەنەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی تیادایە وەك دەنگ وڕەنگ، بە شێوەیەکی دیاریکراوکەماوەی کاتێکی دیاریکراودا.[٥]

---

[١] نصرالدين لعياضي، فن البرمجة، وإعداد الخارطة البرامجية في القنوات التلفزيونية العربية: جدلية التصور والممارسة، سلسة بحوث ودراسات إذاعية رقم (٥٩)، تونس، ٢٠٠٧ م، ص ١١.

[٢] عبدالنبي خزعل، فن التحرير الاخبار والبرامج في الفضائيات التلفزيونية والقنوات الاذاعية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٠، ص ٣٣-٣٤

[٣] كرم شلبي، معجم المصطلحات الاعلامية، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٤، ص٧٧٣

[٤]نواف عدوان، بعض المصطلحات الاعلامية، دراسة الاولية۔ مجلة بحوث، بغداد، المركز العربي لبحوث ودراسات المستمعين والمشاهدين، ع (٢٤)، ١٩٨٨، ص٢٣

[٥]جلال الخوالدة، المذيع التلفزيوني التدريب والتأهيل، دار المعتز للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٥، ص٨١

- شـێوەیەکی هونــەریە کــە پێویسـتـی بــە کــاتێکی دیاریکراوهەیــە لەگــەڵ هــەبوونی نــاوێکی دیــاریکراو، پەخشـدەکرێت لــە کــاتێکی دیــاریکراووجێگیردا ڕۆژانــە یــاخود هەفتانــە ومانگانــە، کــە دەکرێـت بابــەتی جۆراوجۆر پــەخش بکـات لــە ڕووی هونــەری وڕۆشـنبیری وزانسـتیەوە، هــەروەها هونــەری چاوپێکــەوتن وگفتوگۆ وکۆڕوکۆبونەوەی تیادا بەکاردێت.[1]

بەرنامــەی تەلــەفزیۆنی: میتــۆدێکە بۆباسـکردنی بابــەتێك یــان ئاشـکراکردن وپیشـاندانی لــە چوارچێوەیــەکی دەرەکی گونجاودا، ناوەڕۆکێکی بە بایەخ لە خۆ دەگرێت لای وەرگر، بەرنامە هەوڵ دەدات بۆڕاکێشانی زۆرترین بینەر ودروستکردنی کاریگەری لای جەماوەر.[2]

بەرنامـــەی تەلـــەفزیۆنی تـــەکنیك وپلاندانانـــە، ڕێکخســـتن وتێکهـــەڵکێش کردنـــی هەمووپێکهاتەکانـــە کـــە بۆبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پێویستن.[3]

### ٢/٢/٣/ جۆرەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی

بەرنامەی تەلەفزیۆنی چەند جۆرێکی هەیە، چەندین پۆلێنی جیاوازی بۆ کراوە لەکۆی ئەوپۆلێنکاریانە توێژەر ئەم پۆلێننەی بۆ بەرنامە تەلەفزیۆنەکان کردووە :

١- بەرنامەی هەواڵئامێز: بەرنامە هەواڵیەکان پلەی یەکەمن لە ناو بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بابەت وڕووداوەکانی ناوبەرنامە هەواڵئامێزەکان پەیوەندی ڕاستەخۆیان هەیە بەژیانی هەر تاکێکی ناوکۆمەڵگە، [4] سەرجەم بابەتەکانی ناوئەم جۆرە بەرنامە تایبەتە بە ڕووداوە سیاسی وئابوورییەکان وڕۆشنبیری ووەرزشی وهونەریەکانە، کاری ئەم بەرنامانە تەنها گواستنەوەی زانیاریەکان نیە بەڵکو هەندێ کات شیکردنەوە وڕونکردنەوە لەسەر ڕوداوەکان دەدەن، تاوتوێی بابەتەکان دەکەن لە چەندین گۆشەنیگای جیاوازەوە گرنگی دەدات بە لایەنە شاراوەکانی ڕووداوەکان ئەمەش لەڕێگەی کەسانی تایبەت وشارەزا لە بوارە جیاجیاکاندا.[5]

٢- بەرنامەی گفتوگۆ ئامێز: بڵاوترین جۆری بەرنامەیە لە تەلەفزیۆندا، ئەم جۆرە بەرنامانە دابەش دەبێت بۆسێ جۆرە جیاواز ئەوانیش:

- گفتوگۆی ڕا: ئەم جۆرە لە بەرنامە پشت دەبەستێت بە ڕاوبۆچونی کەسێکی دیاریکراو لەسەر بابەتێکی دیاریکراو.
- گفتوگۆی زانیاری: ئامانج لێی بەدەستهێنانی زانیاری وداتایە کە خزمەت بە ئامانجەکە بکات
- گفتوگۆی کەسی: ئەم جۆرە لە بەرنامە تیشك خستنە سەر یەك بابەت یاخود کەسایەتیەك لە هەموورووەکەوە، سەرکەوتنی ئەم بەرنامانە پشت دەبەستێت بە هەڵبژاردنی کەسایەتیەکی گەنجاووتوانای گفتوگۆی بەهێزی هەبێت، لە توانایدا بێت کە پرسیاری گەنجاولە کاتی گەنجاودا بکات، دورکەوتنەوە لە

---

[1] کرم شلبی، الانتاج التلفزیونی وفنون الاخراج، الدار الشروق للنشر والتوزیع، جدة، ١٩٨٨، ص٦٥
[2] فاروق ناجی محمود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢
[3] صابر الملاح، برامج الاطفال فی التلفزیون المصری، مجلة فن الاذاعی، ع(١٦٠)، ٢٠١٦، ص ١٤٧
[4] بەهات حسیب قرداخی، الحوار التلفزیوني فن ومعرفة، مطبعة ڕۆژهەلات، ٢٠١٨، ص ٤٥
[5] جبار عودة العبیدي، الاعلام الاذاعی والتلفزیوني: أسس ومبادیء الاخراج، مجلة فن الاذاعی، ع(١٦٠)، ٢٠٠٠، ص٤٨

پرسیاری وەڵام کورت، ئەوەی لەم بەرنامانەدا پێویستە خستنەڕووی زۆرترین زانیارییە لەسەر کەسی میوان بەجۆرێك ئەوەی بینەر مەبەستێتی پێبگات.[١]

٣- بەرنامەی منداڵان: زۆرینەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گرنگی بە بەرنامەی منداڵان دەدەن ئەمەش لەوگۆشەنگایەوەی کەمناڵان داهاتووی کۆمەڵگەن وبەشێکی گەورەی جەماوەر پێکدەهێنن بەتایبەت لە وڵاتانی تازەپێگەشتوودا کە ڕێژەی لە دایکبوون زۆر زیاترە، هەربۆیە بەرنامەکان دەکرێنە ڕێگەیەکی گونجاو بۆ پەروەردە وگەشەی کۆمەڵایەتی وبڵاوکردنەوەی زانیاری وئاراستەکردنی بۆمناڵان، هەروەها بەرنامەکان بەجۆرێك بن کە بۆتەمەنە جیاوازەکان گونجاوبێت وزانیاریەکان بە زمانێکی سادە وئاسان بڵاوبکرێتەوە بەجۆرێك کە مناڵان بە ئاسانی لێی تێبگەن پەیامەکان دڵنیای ودووبارەی تیادا بێت بەڵام بەجۆرێك نەبێت کە مناڵ لێی بێزار ببێت.[٢]

٤- بەرنامەی ڕۆشنبیری: ڕۆشنبیری پەیوەندی هەیە بەبینینی مرۆڤەکان ولێکدانەوەیان بۆڕووداوشتەکانی دەوروبەریان، لەبەر ڕۆشنای ئەوداب ونەریتانەی کە کۆمەڵگە هەیەتی، لە ڕێگەی ئەم جۆرە بەرنامانەوە زانیاری وزانین دەدرێتە وەرگر لە بوارەکانی ژیاندا وە ئەم بەرنامانە پەیوەستن بە مێژوو، فەلسەفە، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان وسیاسەت وبیروزانین وهونەر وە سەرجەم لایەنەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەمەبەستی ڕۆشنبیرکردنی وەرگر.[٣]

٥- بەرنامەی وەرزشی: بەرنامە وەرزشیەکان خاوەنی جەماوەرێکی زۆرن ئەمەش لە کاتێکدایە کە زۆرینەی کۆمەڵگە گرنگی بە یاریە وەرزشیەکان وبابەتە وەرزشیەکان دەدەن، لە پاڵ هەبوونی بەرنامەی وەرزشی لەهەموو کەناڵەکان چەندین کەناڵی تایبەتمەند بەوەرزش هەن کەبینەرێکی زۆری جیهاندا هەیە.[٤]

٦-بەرنامەی ئاینی: پەیوەندارە بە بابەتە ئاینیەکان گرنگیدان دەدات بە ئاینە جۆراوجۆرەکان وداب ونەریت وبەها ئاینیەکان، کەناڵەکان گرنگی دەدەن بە بەرنامە دینیەکان بۆمەبەستی هۆشیاری وبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئاینی وشیکردنەوەی بنەما ئاینیەکان، ئەم بەرنامانە ئاهەنگە دینیەکان وجەژنەکان ونوێژەکان وحەج وعەمرەی تیادا پەخش دەکرێت.[٥]

٧- بەرنامە جۆراوجۆرەکان: کاتێك باس لە جۆراوجۆری دەکرێت ڕاستەوخۆ بیر لە بابەتەکانی خۆشی بەخشی وکات بەسەربردن دەکرێتەوە، بەتایبەت لە کاتەکانی شەوان ولە بۆنەوە ئاهەنگەکان کە کەناڵەکان چەندین بەرنامەی جۆراوجۆر پێشکەش بە بینەرانیان دەکەن. [٦]

---

[١] عبدالخالق العصار، إعداد وتنفيذ البرامج التلفزيونية، موقع عيون، ٢٠١١، کاتی سەردان (٢٠١٩/٦/١٨)https://ayoon.blogspot.com/٢٠١١/١٢/blog-post.html

[٢] اسماعيل الامين، الكتابة للصورة، ط ٢، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر،بيروت، ٢٠١٠، ص١٧

[٣] محمد كحط عبيد الربيعي، الدور الثقافي للقنوات الفضائية العربية، الرسالة ماجستر، الاكاديمية العربية المفتوحة في الدانيمارك، كلیية الاداب والتربية قسم الاعلام والاتصال، ٢٠٠٧، ص٣٨

[٤] كرم شلبي، المذيع وفن تقديم البرامج الراديو والتلفزيون، مجلة فن الاذاعي، ع(١٦٣)، ٢٠٠١، ص٦٠

[٥] جلال الخوالدة، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦

[٦] صلاح عبدالحميد، الاعلام وثقافة الصورة، مؤسسة طيبة للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠١٣، ص١١٠

٨-بەرنامەی خۆشی بەخشی: ئەم بەرنامانە لە ڕێگای گرتەی نواندنەوە یاخود لە ڕێگای کاریکاتێرەوە کێشەکانی ناوکۆمەڵگە دەخاتە ڕوولە ڕێگەی نواندنەوە سەرجەم بابەتەکانی گەندەڵی سیاسی وکێشە کۆمەڵایەتیەکان باس دەکەن کە چوارچێوەیەکی کۆمیدیادا.[١]

٩-بەرنامە دراما: ئامانجی ئەم جۆرە لە بەرنامە بایەخدانە بە بینەر هەوڵدانە بۆدروستکردنی کەشێکی جیاواز ودوورکەوتنەوە لە بابەتە تراژیدیەکان، دراماکان هۆکارێکن بۆپشودان بە بینەر ودورکەوتنەوە لە جەنجاڵی ژیان بینەر لەم ڕێگایەوە ئاوێتەی بابەتەکانی ناودراماکان دەبێت ئەمە لە لایەك.[٢]بەرنامە درامیەکان بەچەند شێوەیەکی جیاواز هەن ئەوانیش:

أ- نواندنی تەلەفزیۆنی: چیرۆکێکی تەلەفزیۆنیە کە بەدەنگ وڕەنگ باس دەکرێت کە ئەمەش کارێکی هونەری تەواوە لە هونەری نواندندا زۆر بڵاوە. لەشێوەی فیلمی سینەماییدایە بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە کە بۆتەلەفزیۆن بەرهەم هێنراوە بابەتەکانی زیاتر مێژووی وئاینی وتراژیدی وکۆمێدیایە کە لەماوەیەکی کورتدا پەخش دەکرێت ماوەکەی لە نێوان (٣٠) خولەك بۆکاتژمێرێکە.

ب-زنجیرەی پێکەوە بەستراوی تەلەفزیۆنی(ئەلقەی تەلەفزیۆنی )(المسلسە): کۆمەڵێك زنجیرەی یەك لە دوای یەکن کە سەرجەمیان پەیوەستن بە یەك بابەت وڕووداوەوە کە لەچەند زنجیرەیەکدا کۆکراونەتەوە بەپێی ئەوبابەت وڕووداوانەی کە باس دەکرێن.

ت- زنجیرەی پێکەوە نەبەستراو(زنجیرەی تەلەفزیۆنی ): پیشاندانی بابەت وڕووداوەکانە بە شێوەی نواندن، ئەم جۆرە لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی ماوەی زیاترە کە نزیك بە کاتژمێرێك بۆدووکاتژمێر دەخایەنێت وسەرجەم ڕووداوەکانی ناوزنجیرەکە کۆتاییان پێدێت وهەر زنجیرەیە وڕووداوەکەی جیاوازە لە سەر بابەتێکی جیاواز دەڕوات، بەڵام سەرجەم زنجیرەکان لە ژێر یەك ناونیشاندان.[٣]

١٠-فیلمە دۆکیۆمێنتەریەکان: ئەم جۆرانە لە فیلم ڕووداوی ڕاستەقینەن هیچ پەیوەندییەکیان نیە بەخەیاڵ وبیری دەرهێنەرەوە، کەسەکانی ناوفیلمەکە وڕۆڵەکەیان هەڵقوڵاوی ژیانی ڕاستەقینەیانە کەسانی ئاساییین وهیچ ڕۆڵ بینینیك لە فیلمەکەدا نیە، دەرهێنەری ئەم فیلمانە مەبەستی سەرەکی گەیاندنی واقعە پیشاندانی ئەوواقعەیە بە بینەر. فیلمە دۆکیۆمێنتەریەکان گرنگی بە چەند بوارێك دەدەن (بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، مێژووی، زانستی).[٤]

١١-ڕیکلام: ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان ماوەیەکی زۆر داگیر دەکەن لە ناوبەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا بەجۆرێك کە لە سەرجەمی بەرنامەکاندا کاتێك بۆڕیکلام تەرخان کراو، ئەمەش بە ئامانجی بەدەست هێنانی سودێکی دارایی بۆکەناڵەکە، لە بەرامبەردا ڕیکلام ئامانجی ڕۆشنبیر کردنی بینەرە هۆشیاری دانە بە بینەر لەسەر ئەوشمەك وخزمەتگوزاریانەی کە ڕیکلامیان بۆدەکرێت.[٥]

---

[١]جلال الخوالدة، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨

[٢] طالب یعقوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٣

[٣] فلاح کاظم المحنة،سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩

[٤]محمد الجفیري، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧

[٥]جبار عودة العبیدي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨

١٢- بەرنامەی ئاراستەکراو: مەبەست ئەوجۆرە بەرنامانەیە کە ئاراستەی جەماوەرێکی مەبەستدار دەکرێت بە ئامانجی گەیاندنی هەواڵ وزانیارییەکان بە زمانێکی جیاواز بۆوڵاتانی دەرەوە یاخود وڵاتانی دراوسێ یان بۆ هاوڵاتیانی وڵاتەکەی کە لە دەرەوەی وڵاتەکە نیشتەجێن.

١٣- بەرنامەی فێرکاری: ئەم بەرنامانە لە ڕێگەی دەنگ وڕەنگەوە بابەتەکان شیدەکاتەوە، بابەتەکانی ئەم بەرنامانە وانەکان وڕێبەری خوێندنی خوێندکارانە هەندێك جار بەرنامەکان تایبەت دەکەن بە فێرکاری زمانەوانی یاخود بابەتێك کە ناڕوونە لای بینەر.[١]

١٤- بەرنامەی تەندروستی: ئەوبەرنامان کەکاردەکەن بۆبەدەستهێنانی مەعریفەی تەندروستی، بڵاوکردنەوەی هەواڵە تەندروستیەکان وبەووردی ودروستی، ئامانجیان وروژاندنی بابەتی تەندروستیە گەیاندنی زانیارییەکان بە جەماوەر، بۆدروستکردنی ڕایەکی ڕاست وتەندروست لە بارەی ئەوبابەتە تەندروستیەکانی ڕۆژانە ڕووبەرووی خەڵك دەبێتەوە، پەیامە تەندروستیەکان لە ڕێگای ژانری تەلەفزیۆنی جۆراوجۆرەوە بگەیەنێتە وەرگر کاریگەریان لەسەر بەجێبهێڵێت.[٢]

**٣/٢/٣/ بەرنامەی تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان وئەرکەکانی**

ئەم گەشەکردنەی بواری تەندروستی بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت ئەوانیش:

یەکەم/ قۆناغی سەرەتایی: لەم قۆناغەدا سەرەتای بڵاوکردنەوەی بابەتی تەندروستی بوولەبڵاوکراوەکانی وەک (گۆڤار وڕۆژنامە)دا، کە بابەت وڕووداوە تەندروستیەکانی تیادا بڵاودەکرایەوە بەتایبەت نەخۆشیە بڵاوەکان پەتا جۆراوجۆرەکان کە لەڕووبەرێکی دیاریکراوی کەمدا دادەنرا.

دووەم/ قۆناغی دەرکەوتنی دامەزراوەی ڕاگەیاندنی تەندروستی وەك دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی فەرعی(لق): ئەم قۆناغە گۆڕانکاری ڕوویدا لەڕوومالّی بابەتە تەندروستیەکان کە ڕوومالّی تایبەت بەتەندروستی زیادبوو، هەروەها ئەو ڕووبەری بۆبواری تەندروستی تەرخان کرابوو لەبڵاوکراوەکاندا فراوانتربوو ولەشوێنە گرنگ وبەرچاوەکاندا بابەتە تەندروستیەکان بڵاودەکرانەوەولەچەندین گۆڤار وڕۆژنامەی جۆراوجۆر بابەتی تەندروستی بڵاودەکرایەوە.[٣]

سێیەم/ دەرکەوتنی ڕاگەیاندنی تەندروستی تایبەتمەند: گۆڕانکاری گەورە بەسەر چەندێتی وچۆنێتی ژیانێکی تەندروست بەتایبەت لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا هات، وە گۆڕانکاری تەواوەتی لەژینگەی تەندروستیدا هات لەهەموو لایەنێکەوە کەئەم بەرەوپێشچوون وزۆربوونی ژمارەی دانشتوان وجۆراوجۆری لەنەخۆشیەکان ودۆزینەوەی چارەسەری جۆراوجۆر بونەهۆی پێویستی دروستبوونی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بەتەندروستی.[٤]

---

[١] هیربرت زیتل، مرجع في الانتاج التلفزیوني ،تز سعدون الجنابي و خالد الصفار، دار الکتاب جامعي العین، الامارات المتحدة ، ل ٥٥٢

[٢] الصحیفة الشرق المطبوعة، اعداد القسم التثقیف الصحی، عدد ٢٩٩، ٢٠١٢/٩/٢٨، ص ٢٠

[٣] أدیب خضور، الاعلام الصحي،سەرچاوەی پێشوو، ل١٨

[٤] عبدالرزاق الدلیمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤

**بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی چی یە؟**

بەرنـامەی تەندروسـتی جۆرێکـە لـەجۆرەکانی بەرنـامەی ڕاگەیانـدنی تایبەتمەنـد، گرنگـی دەدات بـە گواستنەوەی هەواڵ وزانیاری بیرۆکەکان لەبارەی سەرجەم ڕاستیەکانی تایبەت بەلایەنی تەندروستی وپزیشکی دیاریکردنی نیشانە ودیاردەکانی نەخۆشیەکان وخستنە ڕووی چارەسەرەکان. پێشکەشکردنی هەواڵ وزانیاری پێویست لەبارەی بەرەوپێشچوونە پزیشکیەکان و هەولدان بۆ هۆشیار کردنی تاکەکانی ناوکۆمەڵگە لە ڕێگای بەرنامەی تایبەت بە لایەنی تەندروستی.[1]

بەرنامە تەندروستیەکان: ئەوبەرنامانەن کاردەکەن بۆبەدەستهێنانی مەعریفەی تەندروستی، بڵاوکردنەوەی هەواڵە تەندروستیەکان وبە ووردی ودروستی، بەرنامە تەندروستیەکان ئامانجیان وروژاندنی بابەتی تەندروستیە گەیاندنی زانیارییەکان بە جەماوەر، بۆدروستکردنی ڕایەکی ڕاست وتەندروست لە بارەی ئەوبابەتە تەندروستیەکانی ڕۆژانە ڕووبەرووی خەڵك دەبێتەوە، پەیامە تەندروستیەکان لە ڕێگای ژانری تەلەفزیۆنی جۆراوجۆرەوە بگەیەنێتە وەرگر.

لە سەر ئەوبنەمایەی کە بەرنامە تەندروستیەکان دەتوانن کەسانی پسپۆڕ وشارەزا بکەنە میوانی بەرنامەکەیان ولەسەر سەرجەم کێشە تەندروستیەکان بدوێن وڕێنماییەکانیان بڵاوبکەنەوە، ئەمەش لە پێناو فراوان بوونی مەعریفەی تەندروستی لەناو خەڵکدا، هەوڵدان بۆگۆڕینی ڕەفتارە ناتەندروستەکان بۆڕەفتاری تەندروست لەناوکۆمەڵگەدا.[2]

**ئەرکەکانی بەرنامە تەندروستیەکان:**

١-ئەرکی پەروەردەیی: بەرنامە تەندروستیەکان ئەرکی گواستنەوەی توانا وشارەزاییە جیهانیەکانە لەبەر ڕۆشنای تاقیکردنەوە پزیشکیەکان لە بواری تەندروستیدا، کاردەکات بۆفێرکردن وپەروەردەکردنی مرۆڤەکان بۆنەریتە تەندروستیە باش وبە سودەکان، وە گۆڕین ونەهێشتنی بیرۆکە وئاراستە خراپەکان لە بارەی ڕەفتارە نەرێنی وخراپەکانی بۆتەندروستیەکی باش.[3]

٢-ئەرکی هۆشیارکردن: دروستکردنی هۆشیاری تەندروستی بە ڕوونکردنەوەی ڕاستیە تەندروستیەکان دەبێت وڕوونکردنەوەی مەترسیە تەندروستیەکان و هەوڵدان بۆڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنی کۆمەڵگە، دروستکردنی بەها تەندروستیەکان وە هەروەها خستنە ڕووی لایەنە باشەکانی هۆشیاری لە لای کۆمەڵگە، چونکە لە لایەنی هۆشیاریەوە دەتوانرێت سەردانی کردنی نەخۆشخانەوە بنکە تەندروستیەکان کەمتر بکرێنەوە، بەمەیش ئەوزەختەی لەسەر پزیشکان وکارمەندانی تەندروستیە کەم دەبێتەوە.ئامانجی بەرنامە لە چەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە :

أ. باشبوونی تەندروستی تاك وخێزان وکۆمەڵگە لە ڕووی دەرونی وجەستەی وئەقلی وکۆمەلایەتیەوە، وە گرنگیدان بە ژەمە خواردنی باش ووەرزشکردن وڕێکخستنی خێزان.

---

[1] امال توهامی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠

[2] هاشم أحمد نغمیش الحمامي، الاعلام الصحي والتلفزيون(دراسة في مقومات البرنامج التلفزيوني المخصص للتوعية الصحية)، جامعة العلوم الاسلامية العالمية، مجلة العلوم الانسانية، جامعه عمارثليجي، الجزائير،ص١٠-١١.

[3] امال توهامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٢

ب. پێدانی زانیاری لەسەر خۆ پاراستن لە نەخۆشی ئەمەش بە هاوکاری تاکەکان وپیڕەوی کردنی نەریتە تەندروستیەکان کە پێویستن بۆخۆپارێز لە نەخۆشی.

ج. شیکردنەوە ولێکۆلینەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستی وپزیشکیەکان ڕێنمای پێدان لەسەرچۆنێتی بەکارهێنانی دەرمانەکان لە پێناو هۆشیاری وخزمەتی تاکاکانی کۆمەڵگە[١]

٣- چارەسەرکردن: ئامانجی بەرنامە تەندروستیەکان خستنە ڕووی زانیاری وڕاستەکانە، وە پێدانی بەرچاوڕوونی لەبارەی کێشە تەندروستیەکانەوە، بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی کەسانی شارەزاوپسپۆڕ تایبەتمەند بۆ هاوکاریکردن وچارەسەری کێشەکان. [٢]

**٤/٢/٣/ گرنگی وتایبەتمەندییەکانی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

**گرنگی بەرنامە تەندروستیەکان :**چەسپاندنی هۆشیاری تەندروستی بە یەکێك لە بابەتە هەرە گرنگەکان دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی تەندروستی بە گرنگترین بوار دادەنرێت لەژیانی تاکەکاندا، هۆشیاری تەندروستی بە بەردی بناغەی ڕەفتارە ڕۆژانەیەکان دادەنرێت کە بەشێوەیەکی بەرفراوان کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی تاک، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بنیادنانی مەعریفی وویژدانی تاك[٣].

گرنگی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لە سێ خاڵدایە[٤]:

١- تێگەشتن: بەرنامە تەندروستیەکان کار دەکەن بۆناسینی خود لە ڕێگای فێرکردن وگەشتن بە شارەزایی تێگەشتن لە کۆمەڵگە.

٢- ئاراستە: بەرنامە تەندروستیەکان بینەر ئاراستە دەکەن بۆکردنی ڕەفتاری تەندروستی باش یان پارێزگاری کردن لە تەندروستیان چۆنێتی مامەڵەکردن کە دەکەویتە هەڵوێستێکی قورس وتازەوە

٣- دڵدانەوە: بەکارهێنانی بەرنامە تەندروستیەکان بۆدڵدانەوەی بینەر ئەوەش بە پێدانی زانیاری وهۆشیاری بۆڕاکێشانی سەرنجی بینەر.

**تایبەتمەندیەکانی بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی**

١- بەتوانا لەکۆکردنەوەی زانیاری وداتاکان لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە، ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی زانستی لەپێناوبەدیهێنانی ئامانجی کاربۆکراو.

٢- پەیوەست بەبنەمای ڕاستگۆی وووربینی وگواستنەوەی زانیاری تەندروستی.

٣- تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگە وژین لەواقعی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە وتێگەشتن لەپیویستیەکان وکێشەکانیان بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر.[٥]

---

[١] فهد بن عبدالرحمن الشميري، التربية الاعلامية، مكتبة مالك فهد الوطنية، رياض،١٤٣١، ص٥٩

[٢] عبدالرحمن عبدالله العوضي، التثقيف الصحي أداة تعزيز الصحة، مجلة التعريب الطب، المركز العربي للوثائق والمطبوعات، الكويت، ع٣،٢٠١١، ص٦

[٣] رمضان بن منصور، دور وسائل الاعلام فى التثقيف الصحى، دراسة ميدانية لنيل شهادة الماجيستير فى العلوم الاتصال، جامعة المسيلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية قسم الاعلام والاتصال،الجزائر،٢٠١٣-٢٠١٤، ص٣٧

[٤] عبدالملك بن عبدالعزيز الشلهوب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢-٣

[٥] زينة عبدالهادي محمد على، أساليب التوعية في البرامج الصحية التلفزيونية، كلية مجلة الجامعية، قسم الاعلام، ص٢١

### ٣/٢/٥/ جۆر وپێکهێنەرەکانی بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی

بەرنامە دەبێت ناوەڕۆکێك لە خۆ بگرێت، کە ئەوناوەڕۆك وپەیامەش ئامانجێك لە خۆ بگرێت، بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراوکەواتە بەرنامەی تەلەفزیۆنی پێکدێت لە چوار لایەنی سەرەکی ئەوانیش :

١-ئامانج: مەبەستمان ئەوئەرکەیە کە بەرنامە هەیەتی لە ڕاگەیاندندا، وەك خۆشی بەخشی ورۆشنبیرکردن وپێدانی زانیاری... هتد، لە هەموو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئامانجی گشتی وئامانجی تایبەت هەیە هەروەها ئامانجی دوور مەودا وکورت مەودا، کورت مەودا وەك ئەوئامانجەی کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا هەیە کە بۆماوەیەکی کورتە بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراو، دوور مەودا وەك هەوڵدان بۆگۆڕینی بەها وڕەفتارەکان وە چاندنی ڕەفتار وبیرکردنەوەی تاکەکان بۆماوەیەکی درێژخایەن وهەوڵدان بۆگۆڕینی بیرکردنەوە وڕەفتار.[١]

٢-شێوە: شێوەی بەرنامە ئایا بە شێوەی چاوپێکەوتنە یان دراما یان نواندن... هتد.

٣-ناوەڕۆك: مەبەستمان لە ناوەڕۆکی بەرنامە وبابەتەکانی بەرنامەیە بە مەبەستی خستنە ڕووی کێشە ودۆزینەوەی چارەسەری گونجاولە ڕێگەی بیر وبۆچوون وزانیارییەکانەوە.[٢]

٤-جەماوەی مەبەستدار: ئایا بەرنامەکە بۆچینێکی ڕۆشنبیرە یان کەسانی نوخبە یان خەڵکی ئاسایی.[٣]

#### جۆرەکانی بەرنامەی تەندروستی لەدامەزراوە ڕاگەیاندنیەکان

**یەکەم: بەرنامە دۆکیۆمێنتەریەکان:** بەرنامە دۆکیۆمێنتەرییە گەشەپێدانەکان گرنگیەکەی دەگەڕێتەوە بۆشێوازی کارکردنی لەهەواڵ وبلاوکردنەوەی هۆشیاری کەلەشێوەی بەرنامەی پەروەردەیی کاردەکات، هەروەک شارەزای بواری ڕاگەیاندنی (حسن مکاوی) دەڵێت " بەرنامەی تۆمارکراوی دۆکیۆمێنتەری پشت دەبەستێت بەڕابردوو بەشیکاریکردنی ڕابردووئێستامان بۆڕووندەبێتەوە پێشبینمان بۆداهاتوودەبێت " بەرنامە دۆکیۆمێنتەریەکان ڕابردوومان بۆدەگێرنەوە کەلەڕێگەیانەوئاشنا دەبین بەڕووداوەکانی ڕابردوولەبارەی ژیانی تاک لەڕابردوودا وە ئاشنامان دەکات بەژیانی گەلەوهۆزەکانی چواردەورمان لەبارەی گۆڕانگاری کەش وهەوا وپیس بوونی ژینگە وتوندوتیژی خێزانی وکوشتن وبابەتە تەندروستی وپەتا ودەردەکان وڕووداوە سروشتیەکان...هتد، لەبەر ئەوەی کاتەکەی زۆرە ولەنێوان (١٥- ٦٠) خولەکدایە لەتوانایدایە زۆرترین زانیاری بگەیەنێت هەربۆیە بەپلەی یەکەم دێت لەبلاوکردنەوەی وهۆشیاریدا.[٤] دووجۆر بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری هەیە ئەوانیش:

---

[١] عبدالخالق محمد علی، فن الاخراج التلفزیونی والاذاعی، دار المحجة البیضاء، بیروت، ٢٠١٠، ص١٥

[٢] عاصف حمیدی، کارکردن لە تەلەفزیۆندا، و. حکیم عثمان، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢١

[٣] عبدالخالق محمد علی،سەرچاوەی پێشوو، ل١٥

[٤] رمضان بن منصور، دور وسائل الاعلام في التثقيف الصحي، مزكر مكملة لنيل شهادة الماجستر في علوم الاعلام والاتصال، جامعة المسيلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم علوم الاعلام والاتصال، ٢٠١٤، ص٤٠

١- فیلمی تۆمارکراو: ڕێکخراوی یونسیف فیلمێکی دۆکیۆمێنتەری بەرهەمهێنابوولەباری ژیانی منالان لەجیهاندا لەیەکێک لەبەشەکانی فیلمەکە باسی لەژیانی منالێکی مصری دەکرد کەمنالەکە توشی حالەتی (سکچوون وڕشانەوە) بوو، هەر لەفیلمەکەدا چۆنێتی چارەسەر وبردنی بۆنەخۆشخانەوە چارەسەرکردنی لەلایەن پزیشکەوە تۆمارکرابوو، کەڕوونکرابۆیەوە کەچارەسەری ئەم حالەتە ئاسانەوە دایکان دەتوانن لەمالەکانیانەوە چارەسەری بکەن وپێویستی بەشلەژان وترس نابێت، ئەم فیلمە بەخێرای بلاوەبۆیەوە کەدایکان توانیان سود وهۆشیاری وەرگرن.[١]

٢- بەرنامەی هەمەڕەنگ: بەرنامە هەمەڕەنگەکان جۆرێکن لەبەرنامەی خۆشی بەخشی لەڕادیۆ وتەلەفزیۆنەکاندا وە بابەتەکانی پێکدێن لەگۆرانی موزیک هەندێک جار خواردن دروستکردن وگرتەیەکی نواندن یاخود ڕیکلام یان نمایشێک پەخش دەکرێت.[٢]

**دووەم: بەرنامەی ڕاوبۆچوون وگفتوگۆ ئامێزی جەماوەری**

هەمووشارەزایانی بواری ڕاگەیاندن لەسەر ئەوە کۆکن کەبەرنامەکانی گفتوگۆ وڕاوبۆچوون کاریگەریەکی زۆریان هەیە لەسەر وەرگروبۆ دروستبوونی ڕایگشتی، ئامانجیان:

أ- گۆڕینەوەی ڕاوبۆچوون وزانیاری.

ب- پێشکەشکردنی ڕاوبۆچوونی جیاواز لەبارەی چارەسەرە ڕاستەکان وپێشبینیکراوەکان بۆچارەسەرکردنی کێشەکان ودۆزینەوەی وەلامی گونجاوبۆ پرسیارە گرنگ وچارەنوسیەکان.[٣]

**٦/٢/٣/ ڕەگەزەکانی بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی.[٤]**

١- بواری تەندروستی دیاریکراو: بابەتی تەندروستی گەشەکردنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لەدوای دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی تاک وکۆمەلگە، وەهەروەها گرنگی پەیوەندی نێوان تەندروستی وبوارەکانی دیکەی وەک کۆمەلایەتی وئابووری وگەشەپێدان، لەگەل گەشەکردنی بواری تەندروستی کادری بەتوانای تەندروستی دەرکەوتن هەروەها نەحۆشخانەوە دامەزراوە تەندروستیەکان گەشەیان کرد، بۆئەم مەبەستەش پێویستی بەدامەزراوەی ڕاگەیاندنی بەتوانا هەبوو کەسەرجەم پەیامە تەندروستیەکان بگەیەنێتە وەرگر.

٢- بابەتی بەرنامەی تەندروستی: پێویستە بابەتەکانی بەرنامە تەندروستیەکانی بابەتی گرنگ وگەرمی ڕۆژبن لەلای وەرگر گرنگی تایبەتیان هەبێت، بابەتەکان پێکدێن لەمانە:

أ- هەمەڕەنگ: پێویستە بابەتی بەرنامەکان جۆراوجۆر بن وگرنگی وکاریگەریان لەسەر بوارەکانی دیکەی وەک (کۆمەلایەتی، ئابووری، سیاسی، پەروەردەی ودەروونی....هتد).

---

[١] عبدالعزيز غنام، مدخل الى علم الصحافة، دار الانجلوالمصرية، قاهرة، ١٩٨٣، ص ٢٤٨-٢٤٩

[٢] رمضان بن منصور، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

[٣] محمد الحفناوي، الصحافة والتوعية الصحية، دار العلم والايمان للنشر والتوزيع، المصر- دسوق، ٢٠١٤، ص٨٩

[٤] بڕوانە : أديب حضور، الاعلام المتخصص، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤

أديب حضور، المسألة الصحية فى الصحافة السورية، الامكتبة الاعلامية، ديمشق، ١٩٩٣، ص٢٣

مراد ابراهيم حسنى، الاعلام الصحى والطبي، المكتبة الوطنية، الاردن- عمان، ٢٠١٧، ص٥٦

ب- شێوازی ئاڵۆز: ناتوانین لەبابەتێکی تەندروستی تێبگەین وچارەسەرێکی دیاریکراوی بۆبدۆزینەوە ئەگەر زانیاریمان نەبێت لەبارەیەوە.
ت- داواکراو: دواکراوخواست لەسەربوونی بابەتەکە لەلایەن وەرگرەوە.
ث- لۆژیکی وژیری: بابەتەکە لەبابەتێکی تەواوزانستی بێت، وەرگر ڕاستەخۆ تێبگات.
ج- جەماوەری: واتا جەماوەرێکی بەرفراوان وجۆراوجۆری هەبێت، کەلێرەوە گرنگی بەرنامەکان دەردەکەوێت کاتێک وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانیان دەدرێتەوە.
ح- جدی: پێویستە بابەتە تەندروستیەکان بەشێوەیەکی جدی وڕاستگۆیانە باس بکرێت بەجۆرێک کەکاریگەری لەسەر بیرۆ هۆش وئەقڵی وەرگر دابنێت لەسەر بنەمایەکی مەعریفی وزانستی.
خ- هەستیار وورد: بابەتەکان پێویستە بەهەستیارانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت وبابەتی ووردودڵنیایی بڵاوبکرێنەوە.
د- ئاسانکار بۆ تێگەشتن: لەبەر ئەوەی بابەتە زانستی وپزیشکیەکان زیاتر کەسانی شارەزای ئەوبوارە لێیتێدەگەن بۆیە پێویستە ڕوونکردنەوەی تەواوەتی بدرێت بۆئەوەی وەرگران تێبگەن وبمێنێتەوە لەهزر وهۆشیاندا

٣- ڕووداوەکانی بەرنامەی تەندروستی: تایبەتمەندیەکانی ڕووداوی تەندروستی ئەمانەن:[١]
أ- ڕوداوێکی تەندروستی هەمەڕەنگ: ڕووداوەکان لەبواری تەندروستی وەک(زانستی، دارایی، کارگێڕی، کارمەندی تەندروستی، ڕاپۆرت ولێکۆڵینەوە تەندروستیەکان، چالاکی پزیشکیەکانی تایبەت بەتەندروستی ونەخۆشی ودڵدانەوە وهۆشیارکردن وڕۆشنبیرکردنی تەندروستی).
ب- ئەوڕووداوانەی کەهێواشن، پێویستە گرنگی بەم ڕووداوانە بدرێن .
ت- ڕووداوێکی تەندروستی دۆکیومێنتکراو، ئەم ڕووداوانە بەشێوەی بەرنامەی دۆکیومێنتی وپیشان دەدرێن وکەئەنجامی ڕووداوەکان دەخاتەڕوو.
ث- ئەوڕووداوانەی کەکتوپڕن وگرنگن بەهایەکی هەواڵی گرنگیان هەیە.
ج- ئەوڕووداوە تەندروستیانەی کەگشتین وبۆ سەرجەم کۆمەڵگە گرنگن وزیاتر ئەوڕووداوانە مەترسیدارن وپێویستە گرنگی تەواوەتیان پێبدرێت.

٤- سەرچاوەکانی بەرنامەی تەندروستی: سەرچاوەکانی زانیاری تەندروستی جۆراوجۆن وپێکدێن لە:
أ- ڕێکخراوودامەزراوە فەرمیەکان وتایبەتەکان کەسەرچاوەی یەکەم وپشتڕاستکەرەوەن.
ب- کەسە شارەزاوتایبەتەکانی ناوبوارەکەوەک(زانایان، پزیشکان وپسپۆڕان، توێژەران، ڕاهێنەرانی دامەزراوە تەندروستیەکان، سەرمایەدارانی بواری تەندروستی، کارمەندانی تەندروستی، کەسە ئاساییەکانی تایبەت بەڕووداودیاردە تەندروستیەکان.....هتد)
ت- بنکە ودامەزراوەکان بۆتوێژینەوەی زانستی تایبەتمەند لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان
ث- ڕاپۆرت ولێکۆڵینەوە وخولەتایبەتەکان بەتەندروستی.

[١] أديب حضور، المثالية الصحية في الصحافة السورية، مكتب الاعلامية، ديمشق، ١٩٩٩، ص١٢

ج- پێگە ئەلکترۆنیە فەرمیەکان وسەرچاوەکانی هەواڵ (ڕۆژنامە وگۆڤار،ڕادیۆ وتەلەفزیۆن).
ح- کەسانی ئاسایی کۆمەڵگە.[1]
٥- جەماوەری بەرنامەی تەندروستی: جەماوەری بەرنامەی تەندروستی پێکدێن لە:
أ- جەماوەرێکی بەرفراوان، کەتوانایەکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ خۆگونجاندن وهەمەرەنگن.
ب- جەماوەرێکی جۆری ودەستەبژێر ودیاریکراووناسراون.
ت- دەوترێت جەماوەری بەرنامە تەندروستیەکان جەماوەرێکی پەروەردەکراون لەتوانایاندایە لەڕێگەی بەرنامەکانەوە کەلێنە زانیارییە تەندروستیەکانیان پڕبکەنەوە.
ث- جەماوەرێکی ڕەخنەگر وخاوەن هەڵوێستن لەبەرامبەر پەیامە ڕاگەیاندنیەکان، جەماوەرێکی جێگیر وبەردەوام وبەوەفان بۆئامرازەکانی ڕاگەیاندن.
ج- جەماوەرێکن بەدوای پەیامەکانەوەن وخۆیان دەگەڕێن بەدوای زانیاریدا بۆیە جەماوەرێکی مەبەستدارن.[2]
٦- کادری بەرنامەی تەندروستی: دووجۆری سەرەکی کادری ڕاگەیاندنی تایبەتمەند هەن ئەوانیش:
أ- ڕاگەیاندنکاری – تایبەتمەند: واتا هەڵبژاردنی کادرێکی ڕاگەیاندنی کەخاوەنی بڕوانامەی (بەکالوریسی ڕاگەیاندن) بێت، ڕاگەیاندنی بەشێوەیەکی ئەکادیمی خوێندبێت وپسپۆڕی بێت، لەتوانایدا بێت کەگرنگی بەبواری تەندروستی بدات وتێگەشتنی بۆبابەتەکان هەبێت، بۆماوەی (٢ بۆ ٢) ساڵ زانستە جیاوازەکانی تەندروستی خوێندبێت لەدوای دەرچوونی دەبێتە کادرێکی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی تەندروستی.
ب- تایبەتمەند – ڕاگەیاندنکار: واتا دەرچووی بەشە جیاوازەکانی پزیشکی بێت توانایەکی باش وئەکادیمی هەبێت لەتەندروستیدا، وە حەزوئارەزووی بۆڕاگەیاندن هەبێت، بۆماوەی (١-٢) ساڵ ڕاگەیاندن بخوێنیت لەتوانایدایە کاری ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی تەندروستی بکات.[3]
٧- شێوازی چارەسەری ڕاگەیاندنانە: شێوازەکانی چارەسەری ڕاگەیاندنی تایبەتمەند ومەرجەکانی چارەسەری بەکارهاتولەڕاگەیاندنی تایبەتمەند وبەرنامە بەتایبەتی پێکدیت لەم مەرجانە:[4]
أ- پێشکەشکردنی چارەسەرێکی ڕاگەیاندنی گشتگیر وقوڵ کەوەڵامدەرەوەبێت بۆبابەتە تەندروستیە ئاڵۆز ولەیەکچووەکان، تایبەتمەنییەکانی ڕووداوە تەندروستیە باوەڕپێکراوەکان وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی جەماوەری هەمەڕەنگ ودەستەبژێر وڕەخنەگری تەندروستی.
ب- بەکارهێنانی هۆکارەکانی چارەسەر بەشێوەیەکی لێکۆڵینەوەیی وشیکاری وبنکۆڵکاریانە کەلەتوانایدابێت تێڕوانینێکی هەبێت بۆڕووداودیاریدە تەندروستیەکان.
ت- پێشکەشکردنی ڕووماڵێکی ڕێکخراویەکسان، ڕێزگرتنی واقعی ڕووداوەکان ودیاردەکان.
ث- بەکارهێنانی بزوێنەرە تایبەت ولۆژیکی وژیرییەکان بۆئاراستەکردنی بۆجەماوەرێکی تایبەتمەند، بەومەرجەی کەجۆری بزوێنەرەکەگونجاوبێت لەگەڵ بابەتە تەندروستیەکاندا.

---
(١) بسام عبدالرحمن المشاقبة، الاعلام الصحي، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩
(٢) محمد الخضيری، دور الاعلام في التثقيف الصحي، ١٩٩٥، دمشق، ص٤٢
(٣) أديب حضور، الاعلام المتخصص، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦
(٤) عبدالرزاق الدليمي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧

ج- دۆزینەوەی شێوازێکی گونجاولەدارشتنی پەیامەکاندا بەجۆرێک بۆبابەتە تەندروستیەکان گونجاوبێت وشێوازی لێکۆڵینەوەشیکاری وبنکۆڵکاری بێت.

**٧/٢/٣/ هۆکارەکانی سەرکەوتنی بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی**

کۆمەڵێك بۆچوونی باوهەن، لەبارەی هۆکارەکانی سەرکەوتنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لەلای زۆرێك لەراگەیاندنکارە تایبەتمەندەکان لەراگەیاندنی بینرا وبیستراودا، لەگۆشەنیگایەکی زانیستیانەوە دەروانە بابەتەکە وپێیان وایە کەهۆکاری یەکەمی سەرکەوتنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی (بابەت)ی بەرنامەکەیە، بۆنمونە بەرنامەیەکی وەك وەرزش باسکردنی بابەتە وەرزشیەکان بەرنامەیەکی سەرکەوتوودەبێت لەبەر ئەوەی بابەتەکەی جێگای سەرنجی وەرگرە، ئەوبەرنامانەی کار لەسەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکات بەرنامەیەکی سەرکەوتوودەبێت لای جەماوەر.[١]

هەندێکی دیکە لە شارەزایان گرنگی دەدەن بە شێوازی (پێشکەشکردنی زانیارییەکان ) بە تایبەت ئەوزانیاریانەی کە وەرگر چاوەروانێتی ومەبەستێتی بیزانێت ئەوەش هۆکاری سەرکەوتنی بەرنامەکە دەبێت، وە هەندێکی دیکە پێیان وایە (شێوازی پەخشکردن)ی بەرنامە نهێنی سەرکەوتنی بەرنامەکەیە.[٢]

**٨/٢/٣ / مەرجەکانی پێشکەشکاری لەبەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی دا:**[٣]

پێشکەشکردنی بەرنامە تەندروستیەکان پێویستی بەچەند مەرجێک هەیە وهەمووکەسێک ناتوانێت کاری پێشکەشکاری بکات لەبەرنامە تایبەتمەندەکاندا مەرجەکانیش بریتین لە:

١- پێویستە پێشکەشکاری بەرنامەی تەندروستی بەشیوەیەکی تەندروست وسەلامەت دەربکەوێت، دەبێت خاوەنی رۆشنبیرییەکی فراوان بێت لەسەرجەم زانستە جیاواز وتایبەتمەندەکاندا، دەبێت لەتوانایدا بێت شارەزایی هەبێت لەبابەتەکانی تەندروستی ودینی وداب ونەریت وکەش وهەوا هەر بابەتێکی دیکە کەپەیوەندی هەبێت بەتەندروستیەوە و بەنەخۆشیە جۆراوجۆرەکانەوە.

٢- پیشکەشکاری بەرنامەی تەندروستی دەبێت باوەربەخۆی هەبێت لەبارەی زانیارییە پزیشکیەکانەوە، هەروەها زانیاری هەبێت لەبارەی نەخۆشیە گوازراوەکان وڤایرۆسەکان هۆکارەکانی گەشەکردن وبڵاوبونەوەیان وە هەروەها شێوازی چارەسەر وئەوشوێنانەی کە ئەم جۆرە نەخۆشیانی تیادا بڵاوە.

---

[١] تماحر توفيق، الكتابة والاخراج التلفزيون، مقالة فى المجلة فن الاذاعي، ع(١٦٤)، ٢٠٠١، ص ٥٦

[٢] داليا كمال الدين عمر مالك، الاسس الفنية وفاعليتها في إنتاج البرامج المنوعات التلفزيونية، رسالة الماجستر في العلوم الاتصال، جامعة السودان للعلوم والتكنلوجيا، ٢٠١٦، ص ٥٢

[٣] بروانە: ابراهيم إمام، نحو بلاغة تلفزيونية في البرامج الدينية، مجلة الاذاعات العربية، جامعة دول العربية، ع(٢)، ٢٠٠٠، ص٩-١١

يحيى بسيونى مصطفى، عادل الصيرفي، التلفزيون الاسلامي ودورة في التنمية، دار النشر عالم الكتب، الرياض، ١٩٨٥، ص٦٩

فلاح كاظم المحنة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١-١٩٣

٣- بەهرەی خەیاڵکردنی بەرفراوان وتوانای ووربوونەوە لەبابەتەکان وهەبوونی پێشینەوە شارەزاییەکی بەرفراوان لەبواری تەندروستی وجێبەجێکردنی داواکارییەکانی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی سیفاتەکانی پیشکەشکارێکی سەرکەوتووە، وە هەروەها دەبێت لەتوانایدا بێت سەرکەوتووبێت بەسەر کێشە تەکنیکی ولەناکاوەکانی کاتی پەخش لەکاتی هەبوونی ڕووداوێکی بەپەلەتوانای کۆنترۆڵی بابەتەکەوپێشکەشکردنی هەبێت، هەروەها پێویستە لەتوانایدا بێت بەش وتەوەرەکانی بەرنامە بەشێوەیەکی گونجاودابەشبکات بەپێی کاتی بەرنامەکە.

٤- پێویستە پێشکەشکاری بەرنامەی تەندروستی دەنگی لەسەرخۆبێت وقسە زان وجوانبێژ بێت، ڕوخسارێکی گونجاوخۆشویست بێت لای وەرگر.

٥- خاوەنی ڕۆشنبیری تایبەت بێت بەبابەتی هۆشیاری تەندروستی، کە ئەوزانیارییەی ڕەنگبداتەوە لەقسەکردنی وپێشکەشکردنی بەرنامەکەدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ودوورکەوتنەوە لەشێوازێکی کۆن ودووبارە.

٦- پێویستە کارەکەی خۆشبوێت وباوەڕی بەوە هەبێت کە پێشکەشی دەکات هەمیشە هەڵبدات باشترینەکان پێشکەشی وەرگرانی بکات، پێویشتە هەستێکی مرۆڤایەتی هەبێت لەگەڵ وەرگراندا لەپێناوپێشکەشکردنی باشتری بابەتی ڕاگەیەندنی بۆمەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی.

## تەوەری سێیەم: ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەسەردەمی بڵاوبونەوەی (کۆڤید١٩)دا

### ١/٣/٣/ ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا

بەرنامە تەندروستیەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەگواستنەوەی هەواڵ وزانیارییەکان بۆتاکەکان وکۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی، لەورێگەیەوە کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەکەن بۆناوخێزان وتاکەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەت بەرنامە تایبەتمەندەکانی تەلەفزیۆنەوە کەدەتوانێت بگاتە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە، کەرێگەیەکە بۆڕێنوێنی کردن بۆخۆپاراستن ورەفتاری تەندروستی گونجاو وبڵاوکردنەوەی بەها وبیرۆکەی ئەرێنی کەپاریزگاری لەژینگەی مرۆڤایەتی دەکات، هەروەها دوورکەوتنەوە لەرەفتاری ناتەندروست وهەڵسوکەوتی نەگونجاو.[١]

ڕاگەیاندنی بینراو وبیستراوئامرازێکی کاریگەر وبەهێزە لەهۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەرانیدا، لەتوانایدایە ڕەفتاری نەگونجا وبیرکردنەوەی نەرێنی بگۆڕیت گرنگی تەواوی هەیە لەگەیاندنی زانیارییە دروستەکان بەوێنە ودەنگ کە کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوە وزهنی وەرگر.

نەبوونی هۆشیاری تەندروستی لەلای تاکەکان یەکێکە لەکێشە بەرچاوەکانی کۆمەڵگە لەم سەردەمەدا، کە بەشێوەیەکی ناتەندروست ولەسەر بنەمای کۆمەڵێك دابونەریتی کۆنی نەگونجاو لەڕووی خۆپارێزی وخواردنەوە کاریگەری ڕاستەخۆیان هەیە لەسەر تەندروستی تاك، هەموویئەم کێشانە هۆکارن بۆدروستبوون وسەرهەڵدانی ڕاگەیاندنێکی تایبەتمەند بەتەندروستی کە ڕێنمایی تاکەکان بکات لەڕووی خواردن وژینگەیەکی تەندروستیەوە، کەئەمە بەخستنەڕووی چەندان توێژینەوی تایبەت لەوبوارەدا لەرێگەی بەرنامەی تایبەتی تەندروستیەوە کە کاردەکەن بۆبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی .[٢]

بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان هۆکارێکن بۆدروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە، وەهەروەها بۆگۆڕینی ڕێنماییە تەندروستیەکان بۆداب ونەریت وکردارێکی بەردەوام، بەواتای ئەوەی ئەورەفتارە تەندروستیانە یان ئەوڕێنماییانەی کەپیشتر تەنها جێبەجێدەکران بەشێوەیەکی مەبەستدار وبەجۆرێک کەپێویستکرابوولەسەر هاوڵاتیان جێبەجێی بکەن لەدوای بڵاوبوونەوەی هۆشیاری سەبارەت بەگرنگی ئەورینماییانە بووە بەبەشێک لەکرداری ڕۆژانە تاک بەبێ هەستپێکردن ئەنجامیان دەدات، ئەمەش ئامانجی سەرەکی بەرنامە تەندروستیەکانە کەتاک هۆشیاری تەواوی هەبێت لەبەرامبەر بابەتە تەندروستیەکان، ئامانج لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی گۆڕین وڕاستکردنەوەی ڕەفتارەکانیان وپارێزگاریکردن لەتەندروستیان.[٣]

ڕۆڵی بەرنامە تەندروستییەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا کەئەوانیش:

---

[١] أفنان محمد شعبان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢

[٢] شعبانی مالك، دور التلفزيون في التنشئة الاجتماعية، مجلة العلوم الانسانية والجتماعية، جامعة محمد خيضر، بسكرة،ع(٧)، ٢٠١٨، ص٥٢

[٣] هاشم أحمد نغيمش الحمامي، سەرچاوەی پێشوو، ل٩

١- لەرێگەی بەرنامە تەندروستیەکانەوە ئامۆژگاری ورێنمایی تەندروستی بڵاودەکرێتەوە.
٢- بەستنی کۆنگرە وکۆڕ وکۆبونەوەی پزیشکی ووتنەوەی وانەی تەندروستی وپزیشکی لەرێگەی بەرنامەی تایبەتمەند بەهۆشیاری تەندروستی.
٣- بڵاوکردنەوەی کتێب وووتاری تایبەت وەهەروەها ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەت بەکێشە تەندروستیەکان ونەخۆشیە جۆراوجۆرەکان.
٤- پەخشکردنی شانۆ وفیلمی تایبەت بەتەندروستی وبواری زانشتی پزیشکی کە هەمووئەم بابەتانە دەچنە خانەی :بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیەوە.
٥- بانگهێشتکردن ومیوانداری کردنی کەسانی شارەزا وپزیشکی پسپۆڕ لەبوارە جیاجیاکانی تەندروستی بەمەبەستی گفتوگۆ وئاڵوگۆڕی زانیاری وپێدانی زانیاری ڕاست ودروست.[١]

زانیانی بواری دەروناسی وکۆمەڵایەتی تەلەفزیۆن وبەرنامەکان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەسفدەکەن وچەندین توێژینەوەیان لەسەر بەرنامەکان ئەنجامداوە کەچەندین کاریگەری وەک کۆمەڵایەتی ودەروونی ڕۆشنبیری هەیە لەسەر وەرگران، وە ئەوکاریگەریانەش شوێنەوار بەجێدێڵن لەسەر بیرکردنەوە ڕەفتاری وەرگران، هەروەک ڕوونە کەتەلەفزیۆن وبەرنامە تەلەفزیۆنیەکان کاردەکەن بۆگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، وەلەنێوانیاندا کاردەکات لەسەر چاندنی بەهاورەفتاری تاکەکان لەرووکەش وناخدا. [٢]

بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان چەند خزمەتگوزارییەک پێشکەش بەوەرگرانیان دەکەن:

١- بڵاوکردنەوەی زانیاریە گشتیە تەندروستیەکان: بڵاوکردنەوەی زانیاریە دروست وباشەکانی تایبەت بە تەندروستی، بە گرنگترین پێکهێنەر دادەنرێت کە دەبێت بە هەند وەربگیرێت بۆبەرنامە هۆشیاریە تەندروستیەکان، لە بەرئەوەی دروستکەری بنەمایەکی فراوانە لە تێگەشتنی تەندروستی، وەهەروەها بە نهێنی سەرکەوتنی بەرنامەهۆشیاریەکە دادەنرێت.
٢- چاندنی ڕەفتاری تەندروستی :هەندێك ڕەفتاری تەندروستی هەیە کە پێویستە لە سەر مرۆڤەکان کە پەیڕەوی بکەن، ئەورەفتارانەش پەیوەستن بە تاکەوە بە تایبەتی، چۆنێتی مامەڵەکردن بە شێوازێکی باش وپاڵپشت بە بنەما ڕەفتارییەکان، هەروەك ئەوەی کاتێك مرۆڤەکان بەردەوام دەبن لەسەر بنەما ڕەفتاریەکان سودی لێوەردەگرن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، ئەمەش بە چەند قۆناغێك دەبێت لەوانە[٣] :

- قۆناغی هۆشیاری: ئەوقۆناغەیە کە ئاشنابوون هەیە بۆزانیاریە تەندروستیەکان
- قۆناغی گرنگیپێدان: تاکەکان زیاتر ووردبونەوە ولێکۆلینەوە لەبابەتە تەندروستیەکان دەکەن.
- قۆناغی هەڵسەنگاندن: لێرەدا لایەنی باش وخراپی ڕەفتارەکان دیاری دەکرێت وە توانای وەرگرتنی ڕەفتاری نوێ وقبوڵکردنی دەردەکەوێت.

---

[١] بشير مصطفاوي، دور الحملات الاعلانية في نشر الوعي الصحي لدى الطالبة الجامعي، مزكر لنيل على شهادة الماجستر، جامعة العربي التبسي – التبسة، كلية علوم الانسانية، قسم الاعلام، ٢٠١٦، ص٥٢
[٢]مصعب عبدالسلام المعايطة، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧
[٣] مراد الشوابكة،اهمية التثقيف الصحى، سەرچاوەی پێشوو

- قۆناغی هەوڵدان: قۆناغی جێبەجێکردنە، واتا تاك بڕیار دەدات لەسەر جێبەجێکردنی ڕەفتارەکان.
- قۆناغی بەردەوامبوون: تاك بڕیار دەدات لەسەر بەردەوامبوون لەسەر ڕەفتارە نوێیەکە.

٣- گۆڕینی ڕەفتاری ناتەندروست: لەهەندێک لەکۆمەڵگەکان ڕەفتارە ناتەندروستەکان بەناو هەمووچین وتوێژەکانی کرمەڵگەدا بڵاوبونەتەوە، ڕەفتارە ناتەندروستەکانی وەک (جگەرەێشان، خواردنەوە ومادە هۆشبەرەکان) کەئەم مادانە کۆمەڵگە بەرەوویڕان بوون ودەرکەوتنی چەندان نەخۆشی جۆراوجۆر دەکاتەوە، کەئەم دیاردانە پێویستی بەبەرنامەی تایبەتمەندی تەندروستی هەیە بەئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیارتەندروستی بۆتاکەکانی کۆمەڵگە گۆڕینی ڕەفتاری ناتەندروست ونەگونجاویان لەپێناو بنیادنانی ژیانێکی کونجاوتەندروست.

٤- دروستکردنی دەستەبژێر وسەرکردە بۆبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی: گرنگترین بنەما لەکرداری بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەڕیگەی تەلەفزیۆنەوە بنەمای مرۆییە، کەئەم بنەمایە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیامە تەندروستیەکان، بەڵام ئەم توێژە لەکۆمەڵگەدا بەڕێژەیەکی کەم بونیان هەیە وهەمووکات ناتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت، بۆیە پێویستی بەهەوڵێکی زۆری دەزگا فێرکارییەکان هەیە کەکاربکەن بۆپێگەیاندنی کەسانی بەتوانا وووتاربێژ ودەستەبژێر لەبواری تەندروستیدا، بەجۆرێک کەبتوانێت وتار وگفتوگۆی تایبەتی هەبێت لەڕاگەیاندنەکان ولەکۆڕوکۆبونەوە تەندروستیەکاندا وتاری تایبەت پێشکەش بکات. [١]

پێویستە هۆشیاری تەندروستی تەنها لەو چوارچێوەیەدا نەبێت کەتەنها لەکاتی بڵاوبونەوەی نەخۆشی یان بابەتێکی تەندروستی بەربڵاودا بچوکبکرێتەوە، پێویستە بکرێتە بابەتێکی بەرفراوانی ڕۆژانە فێرکاری بەردەوام بەئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری وبنیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست.

پەیوەندی هۆشیاری تەندروستی وڕاگەیاندن لەدووئاستی جیاوازدایە ئەوانیش:

یەکەم: ئاستی هاوکاری: ئەرکی ڕاگەیاندن وەک گەشەپیدانی هۆشیاری تەندروستی، ئەویش لەڕێگەی بەرنامەی تایبەتمەند بەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی.

دووەم: ئاستی کارکردن: لەسەر بنەمای کارکردنێکی ڕاستگۆیانەوە بێلایەنانە کەئەمە بۆبابەتی تەندروستی پەیوەستە بەتەندروستی تاك وکۆمەڵگە وبەهایەکی ئاکاری وئەخلاقی هەیە، هەروەها بڵاوکردنەوەی بەهای تەندروستی لەناوکۆمەڵگەدا کەئامانجی کاری ڕاگەیاندنە.[٢]

---

[١] محمد بن عبدالمحسن الزكري، جهود الصحافة اليومية السعودية في نشر المعريفة الصحية، رسالة متكملة لنيل على شهادة الماجستر في الاعلام، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، كلية الدعوة والاعلام، ١٤٢٧، ص٤٥

[٢] بويكات نوارة، دور الاذاعية المحلية في نشر التثقيف لدى الجمهور المستمعين للبرامج الصحي، دراسة ميدانية بجامعة المسيلة، مزكرة مكملة لنيل علي شهادة الماجستير في العلوم الاعلام والاتصال، كلية علوم الاجتماعية والانسانية جامعة المسيلة، ٢٠١٣، ص ٩٨

### ٢/٣/٣/ گرنگی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورەوگرنگ دەگێڕن لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاریدا لەڕێگەی چەندین بەرنامەی جۆراوجۆرەوە، لەبڵاوکراوەکاندا وەک (ڕۆژنامە وگۆڤار) چەندین ووتار وراپۆتی تایبەت بەهۆشیاری بڵاودەکرێنەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا ڕاگەیاندنی بینراوبیستراوکە تەلەفزیۆنە بەکاریگەرترین ئامراز دادەنرێت ولەڕێگەی بەرنامە جۆراوجۆرەکانیەوە کاریگەری لەسەر وەرگر دادەنێت، دواتریش ڕادیۆ ورۆژنامە وگۆڤار بەپلەی کەمتر لەتەلەفزیۆن کاریگەرن.[١]

گرنگی بەرنامە تەندروستیەکان بۆبواری تەندروستی پێکدێت لە:

١- بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبەرئەوەی لەڕێگەی کارتێکەری دەنگ ورەنگ ووێنەوە کاردەکەن زیاتر کاریگەری دروستدەکەن لەسەر وەرگر.

٢- بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان هۆکارێکن بۆڕاکێشانی سەرنجی وەرگر وبەتایبەت گەنجان، بۆیە سودی لێوەردەگیرێت بۆبابەتی فێرکاری وبابەتی خۆشیبەخشی وکاتبەسەربردن بابەتەکانی کارتێکەری کۆمەڵایەتی.[٢]

٣-بەرنامە تەندروستیەکان لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە ڕاستەوخۆ پەیامەکان دەگوێزێتەوە بۆوەرگر، نێرەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وبۆ داهاتووپەیامەکان دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموبابەتەکان تۆماردەکرێن هەندێک جار دوای ماوەیەکی دیاریکراوبابەتەمان پەخشدەکرێن.

٤-بەرنامەکان لەتوانایاندایە ڕووداوەکان لەکاتی ڕوودانیدا ڕاستەوخۆ بگوێزنەوە بۆبینەر لەگەڵیدا گرنگی بەسەرجەم لایەنەکانی ڕۆشنبیری ومەعنەوی ومادی وەرگر دەدات وەهەروەها توانا وشارەزای کەسانی خاوەن بەهرە وپسپۆڕی تایبەت ودەگمەن دەگوێزێتەوە بۆوەرگر.[٣]

٥-هەبوونی ڤیدیۆ ووێنەی جولاویەکێکی دیکەیە لەتایبەتمەندییەکانی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان، کە وەرگر ناچار دەکات تەماشایبکات وبەبێ هەستکردن بەبێزاربوون کە ئەمەش هاوکارە بۆدورکەوتنەوە لەتێچوون بۆبەدواداچوون وگەشتکردن وگەڕان بەدوای زانیاریەکاندا.

٦-بەرنامەکان بەوە ناسراون کەکردارەکان دەگۆڕن بۆهەستیاری واتە ئەوبابەتانەی کەبەشێوەیەکی دیاریکراوە بوونی هەیە دەیگۆڕن بەبابەتیکی گرنگ وکاردەکاتە سەر هەست وسۆزی وەرگر.

٧-ئامرازێکی سەرنجڕاکێشە لەلای چینی بەتەمەنی ناوکۆمەڵگە وخۆشەویستە لەلای منداڵان، کەلەتوانایدایە خەیاڵ بگۆڕێت بۆوێنەیەکی ڕاستەقینە کەئەمە ڕێگەیەکی گونجاوە بۆڕیکلامکردن وپروپاگەندا بۆشمەک وکاڵاکان.[٤]

---

[١] بسام عبدالرحمن المشاقبة، الاعلام الصحي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩

[٢] محمد شراب، الاذاعة المرئية وأهميتها في حياة المجتمع، المجلة الاعلامية، ع (٣)، طرابلس، ١٩٩٦، ص١١١

[٣] قطوف عفاف، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠

[٤] بشير مصطفاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣

**٣/٣/٣/ تایبەتمەندییەکانی بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەندروستی بەئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی**

کاری بەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بەستراوەتەوە بەوناوەڕۆک وبابەتەی کەکاری لەسەر دەکرێت، بەهای ڕاگەیاندنی هەر بەرنامەیەک بەستراوەتەوە بەوئامانجەی کەکار بۆبەدیهێنانی دەکرێت، بەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی ئامانج لێی بلاوکردنەوەی هۆشیاری وڕۆشنبیری تەندروستیە بۆوەرگر وسودوەرگرتنی وەرگرە لەوپەیامانەی کەلەڕێگەی ئەوبەرنامانەوە بڵاودەکرێنەوە.

کاتێک بەرنامەیەکی تەندروستی ئامادە دەکرێت پێویستە گرنگی بەهەمووڕەگەزەکانی بدرێت لەپێناوبەرهەمهێنانی بەرنامەیەکی سەرکەوتوولەشێوە وناوەڕۆکدا، بەجۆرێک ئەوبابەتانەی کەباسیان لێوەدەکریت بەتوێژینەوەی زانستی پشت ڕاست بکرێنەوە زانیارییەکان تەواودروست بن، چونکە ئەم بەرنامانە پەیوەستن بەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە دەبیت بەووریایی وووردیەوە زانیاری ڕاست ودروست بڵاوبکرێنەوە ئەوکاتەی کەبۆ بەرنامەی تەندروستی دانراوە هەمووی تایبەت بکرێت بەبابەتە تەندروستیەکان ولەوچوارچێوەیە دەرنەچێت، بۆئەوەی وەرگر وەک بەرنامەیەکی سودمەند وسەرکەوتووتەماشاییکات. [١]

**تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی تەندروستی بەئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی :[٢]**

١- گەیاندنی مەعریفەی وڕۆشنبیری وهۆشیاری.

٢- ڕووماڵکردنی هەواڵە تەندروستیەکان بەووردی و بەدروستی.

٣- گەیاندنی ڕاستیەکان ودورکەوتنەوە لەزیادەڕەوی یان کورتکردنەوەلەزانیارییەکاندا، هەروها ڕەچاوکردنی بابەتبوون وخستەڕووی سەرجەم زانیارییەکان بەئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری.

٤- گرنگیدان بەراوبۆچوونی وەرگر بەتایبەت لەولایەنانەی کەپەیوەندیدارە بەمەعریفەی تەندروستی، کارکردن بەشێوەیەکی هەمەجۆر بەئامانجی ڕاکێشانی وەرگر.

بەرنامە تەندروستیەکان پێویستە ڕەچاوی چەند خاڵێکی گرنگ بکەن لەکاتی پێشکەشکردندا[٣]

١- ڕێگاکانی پێشکەشکردنی زانیارییەکان بەوەرگر: پێویستە بەشێوەیەکی زنجیرەی وپەیامێکی ڕوون پێشکەشبکرێت، بەشیوەیەک بێت کەوەرگر بەئاسانی تێبگات.

٢- نەخشە وسلایدی تایبەت بەبابەتەکە: واتا پێویستە لەڕێگەی نەخشە ووێنەوسلایدی تایبەت بابەتەکان ڕوونبکرێنەوە بۆئەوەی وەرگر بتوانێت ڕوونتر تێبگات و بەوێنە ونەخشەی تایبەت.

٣- پێویستە بەرنامە تەندروستیەکان پلانێکی بەرنامەیی داهاتوویان هەبێت کەتوێژینەوە وبەداواداچوونی بۆکۆابێت بەشێوەیەکی هۆشیارانە وکاریگەرانە کاری لەسەر بکرێت، کاربکات لەشەر گەشەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیری وهۆشیاری کۆمەڵگە.

---

[١] جبار العبيدي، الاعلام الصحي والدوائي اليمين، مجلة كلية الاداب، جامعة صغاء، ع(٢٠)، ١٩٩٧، ص١٩٤

[٢] نسبة العلمي، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨

[٣] أفنان محمد شعبان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤

چەندین توێژینەوە جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن وگەشەپیدانی هۆشیاری دەکەنەوە، لەڕووەوەی کەکاری گەشەپێدانی هۆشیاری کارێکە پێویستی بەئازادی هەیە بۆگەیشتن بەزانیاری وچوونە ناوکۆمەڵگە بۆتێگەشتن لەکێشەکانیان وهۆکارەکانی لەلایەکی دیکەوە بۆگەشتن بەڕاستی وزانیاری دروست لەڕێگەی حکومەت ولایەنەکانی دەوڵەتەوە کەسەرجەم ئەم کارانە لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان.

**٤/٣/٣/ مەرج وهۆکارەکانی سەرکەوتنی بەرنامەیەکی تەندروستی تەلەفزیۆنی وبۆمەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی**

**هۆکارەکانی سەرکەوتنی بەرنامەیەکی تەندروستی تەلەفزیۆنی**

بەرنامەی تەندروستی تەلەفزیۆنی چەند هۆکارێک هەیە کەدەبنە هۆی سەرکەوتنی ئەوانش:[١]

١- پێویستە بەرنامەی تەندروستی بۆمەبەستی بلاوکردنەوەی هۆشیاری کاربکات بۆبڵاوکردنەوەی زانیاری وپرکردنەوەی پێویستیەکانی وەرگر، هەروەها گرنگیدان بەکاتی گونجاوبۆ پەخشکردن بەجۆرێک کەهەموو چین وتوێژەکانی ناوکۆمەڵگە سودمەند بن.

٢- پێویستە توێژینەوەی تایبەت بکرێت لەسەر کاریگەریەکانی بەرنامەی تەندروستی ولەدوای پەخشکردنی گرنگی بەسەرجەم بەش وبابەتەکانی ناوبەرنامەکە وکاریگەریان بخرێتەڕوو.

٣- پێویستە کاربکرێت بۆ هەریەک لەوەرگران لەهەر توێژ وتەمەنێکی جیاوازدا بن، هەروەک هەبوونی بەرنامەی تایبەت بۆمناڵانی تا تەمەنی (٦)ساڵی بۆتەمەنی نێوان (٦-١٢) ساڵی، هەروەها بەرنامە بۆتازەپێگەشتوان ونەوجەوانان کەتەمەنیان لەنێوان (١٢-١٨) ساڵیدایە، بەرنامەی تایبەت بەتەمەنی گەورە وتایبەت بەژنان.

٤- پێشکەشکردنی بەرنامەی تەندروستی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەتەلەفزیۆن وڕادیۆدا گونجاوترە لەبەرنامەی تۆمارکراو، کەسەرنجڕاکێشترە وڕێگەیەکی سەردەمیانەیە کەوەرگر زیاتر سودمەند دەبێت ودەتوانێت ڕاستەخۆ وەڵامی کێشە تەندروستیەکانی وەربگرێت.

٥- لەئامادەکردن وبەرهەمهێنانی بەرنامەی تەندروستیدا تیمێکی تایبەتمەمد کاردەکەن کەپێکدێن لەکەسانی تایبەتمەند لەبواری تەندروستی وپزیشکان وپسپۆرانی تەندروستی وشارەزایانی بوارەکانی ڕاگەیاندن وکۆمەڵایەتی ودەروناسی، کەهەموئەم کەسانە بەڕێکەوتن لەسەر بابەتەکان وگونجاندنیان لەگەڵ تیمی هونەری بەرنامەی تایبەت بەتەندروستی بەرهەمدەهێنن.

٦- بەرنامە تەندروستیەکان پێویستە کاتی پەخشکردنیان دیاریکراوبێت ولەلای وەرگر ئاشکرا بێت، هەروەها پێویستە بابەتەکانی هەر زنجیرەیەک لەبەرنامەکە لەلای وەرگربێت وپێشوەخت ڕیکلامی بۆکرابێت، ئەمەیش بەئامانجی ئاگاداربوونی بینەر لەبابەتی زنجیرەی داهاتووی بەرنامەکە بۆئەوەی ئاگاداربێت ولەکاتی چەخشکردندا بینەربێت.

---

[١] بڕوانە : يحيى بسيوني مصطفى، عادل الصيرفي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١-١٢٢
ابراهيم امام، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤-١٥
فلاح كاظم المحنة، الفنون الاذاعية والتلفزيونية، دار الحكمة للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٩٠، ص١٢٠

٧- بەرنامەی تەندروستی دەبێت دووركەوێتەوە لەشێوازی ووتاردان بەزاراوە وچەمكی پزیشكی كەخەڵكی ئاسایی تێناگات تەنها كەسانی شارەزاوتایبەتمەند بەبواری تەندروستی تێدەگەن.
٨- پێویستە بەرنامە تەندروستیەكان هەڵسەنگاندنیان بۆبكرێت لەلایەن كەسە تایبەتمەند وشارەزاكان، لەسەر بنەمای ئەو هەڵسەنگاندنەوە ئەورەخنانەی كەئاراستەی كراوە پیداچوونەوە بۆناوەڕۆك وشێوەی بەرنامەكە بكریت وگۆڕانگاری بنچینەی تیادا ئەنجامدرێت.
٩- بەرنامە تەندروستیەكان دەبێت كاتی بۆدیارییكرێت وبەپێی ئەوكاتەی كەدیاریكراوە ناوەڕۆكی بەرنامەكە دابەشبكرێت بەسەر چەند تەوەرێكی جیاوازدا، دوركەوتنەوە لەدرێژكردنەوەی كاتەكە ودووبارەبوونەوەی بابەتەكە وبێزاركردنی وەرگر وبێتاقەتبوونیان لەزۆری كاتی بەرنامەكە.
١٠-پێویستە بەرنامە تەندروستیەكان لەكاتێكدا پەخش بكرێن كەگونجاوبێت ووەرگر بتوانێت تەماشای بكات واتا كاتەكەی نە زوونە درەنگبێن گونجاوبێت لەگەڵ كاتی وەرگردا.

**مەرجەكانی سەركەوتنی پەیامی ڕاگەیاندنی بۆمەبەستی بڵاوكردنەوەی هۆشیاری تەندروستی**

بۆ ئەوەی پەیامێكی تەندروستی ڕاست ودروست پێشكەش بەوەرگران بكرێت كە پێكهاتبێت لەئامۆژگاری وزانیاری تەندروستی وپەیامەكان لەتوانایاندا بێت كاریگەری لەسەر وەرگران دابنێن، بۆئەمە پێویستە پەیامەكانی بەرنامەیەكی تەندروستی چەند مەرجێكی تیادابێت ئەوانیش:[١]

١- پەیامەكان ڕوون بێت: بەواتای ئەوەی ڕوونی لەڕەفتارە تەندروستیە خواست لەسەرەكان، پێویستە چۆنێتی بەكارهێنانی دەرمانەكان وسوود وزیانەكانیان بۆبەكارهێنەرانیان ڕوونبكرێتەوە، هەر بابەتی گفتوگۆی بەرنامەكان بەڕوونی وبەبێ كەموكوتی بۆبینەران شیبكرێتەوە.
٢-پەیامەكان ڕۆشنبیری خودی وكۆمەڵایەتی لەپشتیەی بێت: واتا هەندێك نەریت هەیە كە تاك خۆی ئاگادارە كە سودمەندە بۆچارەسەری كێشە تەندروستیەكان وەك دایك دەزانێت لەكاتی هەبوونی نەخۆشی (اسهال ورِشانەوە)ی منالاندا دەبێت ئاوی زیاد بدرێت بەمنداڵەكە وشلەمەنی بخوات تا ئاوی پێویست لەلەشیدا بمێنێتەوە، پێویستە پەیامەكانی بەرنامە تەندروستیەكان ئەم زانیارییانە پشت ڕاست بكەنەوە یان هەر بابەتێكی دیكە كە دوورە لەڕاستی تەندروستیەوە بۆوەرگرانی ڕاستبكەنەوە بۆئەوەی لەكاتی دووبارەبونەوەدا ڕێگە ڕاستەكە ڕەچاوبكەن.
٣-ئاسان بۆتێگەشتن: بەكار هێنانی ووشە ودەستەواژەی ئاسان كە كۆمەڵگە پێیان ئاشنابێت بەتایبەت ئەو ووشانەی بۆنەخۆشیەكان وناوی نەخۆشیەكان وناوی چارەسەرەكان وكردارە تەندروستیەكان.
٤-كورت: بەكارهێنانی دەستەواژەی كورت، لەبەر ئەوەی كاتێك دەستەواژەی زۆر ولێكنەبڕاوبەكاردەهێنرێت خەڵك هەست بەبێزاری دەكات وتوانای گوێگرتنی نابێت.
٥-پەیامێكی ئەرێنی بێت: بەكارهێنانی ووشەی ئەرێنی ودوركەوتنەوە لەدەستەواژەی نەرێنی، زانایانی بواری دەروناسی پێیان وایە دەستەواژەی ئەرێنی كاریگەری ڕاستەخۆی هەیە لەسەر هۆشیاری تەندروستی.

(١) ايمان عبيدي، الاذاعة المحلية والوعي الصحي لدى الشباب الجامعي، دراسة ميدانية مزكر مقدم لنيل شهادة الماجيستر اتصال وعلاقات العام، جامعة العربي بن مهيدي- أم البواقي-، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الانسانية، ٢٠١٤، ص١٢٦

## ٥/٣/٣/ دەربارەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩

### مێژووی دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩

ڤایرۆس چەند جۆرێکی هەیە لەناو ئاژەڵ و مرۆڤدا نەخۆشی دروستدەکات، هەندێکیان کاریگەریان زۆر کەمە و نەخۆشی سووک دروست دەکەن وەک (ڤایرۆسی مرۆیی )کە دەبێتە هۆی هەلامەت، جۆرێکی تری پێی دەڵێن (سارس) واتە هەوکردنی توندوتیژی هەناسە کە لە ساڵی( ٢٠٠٣ ) لە چین و هۆنگ کۆنگ سەریهەڵدا، ڕێژەی مردنی(٣٠%) بوو، جۆرێکی تر پێی دەڵێن (مێرس) واتە کۆنیشانەکانی هەلامەت وتوندی هەناسە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە لە وڵاتی سعودیە و کەنداوی عەرەبی سەریهەڵدا و نزیکەی (٨٠٠) کەسی کوشت و (٨٠٠٠) کەسی نەخۆش خست، ڕێژەی مردنی (١٠%) بوو.[١]

ئەم ڤایرۆسە کورتکراوەکەی(MERS-CoV) ە، ئەم ڤایرۆسە ترشە ئەمینی ڕیبۆزی یەك دەزوولەیی هەیە و سەر بە خێزانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ( بێتا) یە، کە جۆرێکن لەڤایرۆسە شێوە تاجییەکان، هەروەها لەڕووی بۆماوەییەوە (٨٠%) لێکچوونیان هەیە لەگەڵ ڤایرۆسەکانی تردا، بەڵام ئەم جۆرە نوێیەی کۆرۆنا کەمتر بەهێزە، بەڵام توانای بڵاوبونەوەی زۆر خێرایە[٢].

لە ساڵی (٢٠١٢) ناونرا کۆرۆنای نوێ، چونکە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (٢٠١٢)دا ئەو ڤایرۆسە وەك ڤایرۆسێکی مەترسیدار ناسێندرا، دواتر لە مانگی (١٢ / ٢٠١٩ ) لە شاری (وهانی چین) بوو و دواتر بە جیهاندا بڵاو بوویەوە و هەتاوەکو ئێستا بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە.

بەپێی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی (WHO) ئەو ڤایرۆسە یەکێکە لەو ڤایرۆسە زۆرانەی ڕێکخراوەکە وەك هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی پەتا لە ئایندەدا دەستنیشانی کردووە و لە لیستی ئەو بابەتانەدا داناوە کە دەبێت توێژینەوەی بەپەلەی لەسەر بکرێت[٣].

**خێزانی ڤایرۆسەکە**ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ یەکێکە لە خێزانە گەورەکانی ڤایرۆس کە بەوە ناسراوە کاریگەرییەکانی بۆ سەر مرۆڤ و ئاژەڵ وەك یەکە و بە ڤایرۆسی (Coronaviridae) ناسراوە و یەکەمین ڤایرۆسی ئەو خێزانەش لە ساڵی (١٩٦٠) دا دۆزراوەتەوە.

---

[١] World Health Organization Best Practices for the Naming of New Human Infectious Diseases, may /٢٠١٥, https://apps.who.int/iris/bitstream/handle/١٠٦٦٥/١٦٣٦٣٦/WHO_HSE_FOS_١٥.١_eng.pdf

[٢] Memish, Z. A.; Zumla, A. I.; Al-Hakeem, R. F.; Al-Rabeeah, A. A.; Stephens, G. M. (٢٠١٣). "Family Cluster of Middle East Respiratory Syndrome Coronavirus Infections, https://www.nejm.org/doi/١٠.١٠٥٦/NEJMoa١٣٠٣٧٢٩

[٣] Novel Coronavirus (٢٠١٩-nCoV) Situation Repor), World Health Organization (WHO), ٢١ January ٢٠٢٠. https://www.who.int/docs/default-source/coronaviruse/situation-reports/٢٠٢٠٠١٢١-sitrep-١-٢٠١٩-ncov.pdf

تایبەتمەندیی ماددەی بۆماوەیی ئەو ڤایرۆسە ئەوەیە کە بریتییە لە تاك دەزوولەیەکی جەمسەر پۆزەتیڤ کە پێی دەوترێت ترشی ریبی ئەمینی (RNA) خودی وشەی (کۆرۆنا)ش وشەیەکی لاتینیەو هەمان وشەی (Crown)ی ئینگلیزییە کەبە مانای (تاج) دێت، بۆیە ئەو ڤایرۆسەش ناونراوە کۆرۆنا چونکە لە ژێر وردبینی ئەلکترۆنیدا سەیر دەکرێت شێوەی لە تاج دەچێت، درێژیی تیرەی ڤایرۆسەکە (١٢٠-١٥٠) نانۆ میترە و قەبارەی ماددە بۆ ماوەییەکەی لە نێوان (٢٣-٢٧) هەزار بنکەی نایترۆجینییدایەز[١].

**شێوازی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە.**

١- بە شێوەی ڕاستەوخۆ : بەرکەوتنی کەسی ساغ بە پرژەی (ئاخاوتن، کۆکە، پژمین) ی کەسی توشبوو.

٢- بە شێوەی ناڕاستەوخۆ : گواستنەوەی نەخۆشی یەکە لە ڕێگەی دەست دان لە کەرەستە کەسی یەکانی نەخۆش وەك (مۆبایل، تەسبیح، سویچ، دانیشتن لە ئۆفیسی کەسی تووش بوو)، پاشان دەست دانی کەسی ساغ لە دەم و چاو و لووتی[٢].

**ماوەی (هەڵهێنان) ی کۆڤید -١٩ چەندە؟**

مەبەست لە ماوەی"هەڵهێنان" بریتی یە لە ماوەی نێوان تووش بوون بە ڤایرۆسەکە تا کاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشی یەکە، بە زۆری ئەم ماوەیە لە نێوان ١- ١٤ رۆژ مەزەندە دەکرێت و بۆ ماوەی ٥ رۆژ بەردەوام دەبێت[٣].

**نیشانەکانی تووشبوون**

نیشانەکانی تووشبوون بەو نەخۆشییە لە سەرەتادا لە نیشانەکانی ئەنفلۆنزایەکی ئاسایی دەچێت، بەڵام گەر کەسەکە گرنگیی پێنەدات ئەوا دۆخی خراپتر دەبێت پەتاکە بەهێزتر دەبێت تای بەرز دەبێتەوە کۆکەیەکی زۆر و هەناسە تووندیی تووش دەبێت و دۆخەکەی مەترسیدار دەبێت، دور نییە تووشی هەناسە گیرانیش نەبێت کە لەو حاڵەتدا پێویستی بە هەناسەدانی دەستکرد دەبێت، ئەم مەترسیيانەش بۆ ئەو کەسانە زۆر خراپترە کە خۆیان لە بنەڕەتدا نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەك نەخۆشیی شەکرە و دڵ و کۆئەندامی هەناسە و سییەکان و جۆرەکانی شێرپەنجەیان هەیە ، بۆ ئەوانەش خراپە کە خۆیان بەرگرییان کەمە،

---

(١) why is it called coronavirus?, medical news today, ٢٨/٩/٢٠٢٠
https://www.medicalnewstoday.com/articles/why-is-it-called-coronavirus

(٢) **مجز العلمي**، طرق انتقال الفيروس المسبب لمرض كوفيد-١٩: الآثار المترتبة على التوصيات بشأن التدابير الاحتياطية للوقاية من العدوى ومكافحتها،مارس /٢٠٢٠، https://www.who.int/ar/news-room/commentaries/detail/modes-of-transmission-of-virus-causing-covid-١٩-implications-for-ipc-precaution-recommendations

(٣) منظمة الصحة العالمية، تقرير البعثة المشتركة بين المنظمة والصين عن المرض الذي يسببه فيروس كورونا المستجد ٢٠١٩ (كوفيد-١٩) في ١٦-٢٤ شباط/ فبراير ٢٠٢٠، https://www.who.int/docs/default-٪٢٠source/coronaviruse/who-china-joint-mission-on-covid-١٩-final-report.pdf

هەروەها نەخۆشییەکە بەوەوە ناوەستێت، بەڵکو دەبێتە هۆی سستبوونی ئەرك و فەرمانی هەندێك ئەندامی تری جەستە لەوانەش سستبوونی گورچیلەکان. ئەوانەشی بەرگرییان زۆر کەمە بۆ ئەو جۆرە پەتایە بە زۆریی کەسانی بەساڵاچوو و منداڵان و ژنانی دوگیانن[١].

بەشێوەیەکی گشتی نیشانەکان پێکدێن لە :

١- نیشانە سەرەکیەکان

- تا
- شەکەتی.
- کۆکەی ووشك.

٢- نیشانە لاوەکیەکان:

- هەبوونی ئازارێکی زۆر و شەکەتی و هیلاکی.
- لووت گیران
- ژانە قوڕگ.
- سکچوون[٢].

**چۆن ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لەشی مرۆڤ کاردەکات ؟**

زاناکان توانیوویانە یەکەم وێنەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بگرن بەوەی چۆن دەچێتە ناو خانەکانی هەناسەدانی لەشی مرۆڤەوە بەو مەبەستەی ئەو خانانە بدزێت و ڤایرۆسی زیاتر دروستبکات، چەند توێژەرێك بە رابەرایەتی کیانگ ژوو، توێژەر لە زانکۆی وێستلەیکی شاری هانگژووی چین،ئاشکرایان کردووە لەوەی چۆن ئەو ڤایرۆسە نوێیە دەچێتە ناو خانە هەستیار و وەرگرەکانی هەناسەدانی مرۆڤ کە پێی دەگوترێت ئەنزیمی کۆنڤێرتەری ئەنگیۆتێنسین(angiotensin-converting enzyme ٢, or ACE٢) .

ئەم ڤایرۆسی کۆرۆنایە بەرگە دەگرێت و بە شتەکانەوە دەلکێت، ئەمە وەك تایبەتمەندییەك یارمەتی ڤایرۆسەکە دەکات بەوەی بەخێرایی و بەئاسانی لە کەسێکەوە بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی دیکە، ئەگەر چوونە ژوورەوەکە هەر بەو شێوەیە بێ کە ڤایرۆسەکە گەیشتە ناو لەشی مرۆڤەکەوە و دواتریش دەچێتە ناو خانەکانەوە، کەوابێ شێوازی گواستنەوەی نەخۆشیەکەش هەر بەو شێوەیە دەبێت .

[١] مرض فيروس كورونا (كوفيد-١٩)، منظمة الصحة العالمية، https://www.who.int/ar/news-room/q-a-

[٢] haw B, Daskareh M, Gholamrezanezhad A (January ٢٠٢١). "The lingering manifestations of COVID-١٩ during and after convalescence: update on long-term pulmonary consequences of coronavirus disease ٢٠١٩ (COVID-١٩) https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC٧٥٢٩٠٨٥/

ئەم ڤایرۆسە کاردەکاتە سەر خانەکانی بەشی سەرەوەی هانسەدان و دووچاری هەوکردنی دەکات، نەخۆشەکە هەمان ئەو هەستەی هەیە وەك بڵێی بەهۆی سەرمابوونەوە دووچاری بووە، ئەم ڤایرۆسی کۆرۆنایە لەگەڵ ئەنزیمی کۆنڤێرتەری ئەنگیۆتینسین کارلێك ناکات، بەڵکو لەڕێگەی وەرگر و ئەندامە هەستەوەرەکانی دیکەی ناو خانەی مرۆڤەکان دەچێنەناو لەشی کەسەکەوە[1] .

**ڤاکسینی تایبەت بە ڤایرۆسەکە**

کوتان ئامرازێکی ئاسان و کاریگەرە بۆ بەرگریکردن لە نەخۆشی، ئەم کردارە بەرگری لەش بە هێز دەکات و وا لە لەش دەکات کەبەرگری لەخۆی بکات لەهەندێک نەخۆشی گوازراوە لەڕێگەی مەشق کردن بە کۆئەندامی بەرگری لەش بۆ دروستکردنی دژە تەنەکان، وە لەبەرئەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە خێرایی تەشەنەی کردووە وزۆربەی هاوڵاتیان تووشبوون بەم نەخۆشیە ، بۆیە گرنگی ئەم ڤاکسینە لەوە دەردەکەوێت کەوا ڕێگە دەدات بە لەش بۆ بەرەو پێشچوونی کۆئەندامی بەرگری لەش بۆ ناسینەوەی ئەو نەخۆشیە بەشێوەیەکی تەندروست وە گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی قۆناغ بە قۆناغ[2].

**ڤاکسین بە چ شێوەیەک کار دەکات**

ڤاکسینەکان مەترسی تووشبوون بە ڤایرۆس کەم دەکاتەوە لە ڕێگەی کار کردن لە سەر کۆئەندامی بەرگری لەش بۆیە لە کاتی وەرگرتنی ڤاکسین لەشی مرۆڤ کاردانەوەی دەبێت بەم شێوازانەی خوارەوە:

١- ناسینەوەی ڤایرۆسەکە لە کاتی چوونە ژوورەوەی بۆ ناو لەشی مرۆڤ

٢- دروستبوونی دژە تەنەکان ( کە پێکهاتووە لە ئەو پرۆتینانەی کە کۆئەندامی بەرگری لەش بەرهەمیان دەهێنێت بە شێوەیەکی سروشتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکە

٣- بەبیرهێنانەوەی نەخۆشیەکە وە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی لە ئاییندەدا

**ڤاکسینی کۆرۆنا ئەم چین و توێژانەی خوارەوە دەگرێتەوە بەگوێرەی قۆناغەکان[3]**

**قۆناغی یەکەم**

١- کارمەندی تەندروستی و هێزە ئەمنیەکان

٣- هاوڵاتیان ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی ٦٥ ساڵە یان خاوەن پیشەیەکن کە زۆرترین ئەگەریان هەیە بۆ توشبوون بە نەخۆشیەکە

---

[1] *Dan Vergano, (٥ June ٢٠٢١).* "COVID-١٩ Vaccines Work Way Better Than We Had Ever Expected. Scientists Are Still Figuring Out Why". Retrieved ٢٤ June ٢٠٢١, https://www.buzzfeednews.com/article/danvergano/mrna-covid-vaccine-success

[2] لقاحات كوفيد ١٩: تعرَّف على الحقائق، مايوكلينك، ٢٠٢١/٣/٢٧، https://www.mayoclinic.org/ar/diseases-conditions/coronavirus/in-depth/coronavirus-vaccine/art-٢٠٤٨٤٨٥٩

[3] وزارة الصحة مملكة العربية السعودية، لقاح كورونا، ٢٠٢١/٦/٢، https://www.moh.gov.sa/Ministry/HotTopics/Pages/COVID-١٩-Vaccine.aspx

٤- ئەو کەسانە کە کێشیان زۆرە

٥- ئەو کەسانەی کە بەرگری لەشیان لاوازە بۆ نموونە ئەوانەی کەوا ئەندامێکیان بۆ چاندراوە یان ئەوانەی کە چارەسەر وەردەگرن کە بەرگری لەش کەم دەکاتەوە

٦- ئەوانەی کە دوو یان زیاتر لە نەخۆشیە درێژخایەنەکانیان هەیە وەکو ڕەبوو، شەکرە، نەخۆشیەکانی گورچیلە، نەخۆشیەکانی دڵ لەوانە نەخۆشیەکانی بۆڕیەکانی دڵ، نەخۆشی گیرانی بۆڕیەکانی هەناسە وە ئەو کەسانەی کە پێشان تووشی مەیینی خوێن بوون لە ناو مێشکدا.

**قۆناغی دووەم**

١- ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە سەرووی ٥٠ ساڵەوەیە

٢- ئەوانەی کە یەکێک لەم نەخۆشیە درێژخایەنەیان هەیە: ڕەبوو، شەکرە، نەخۆشیەکانی گورچیلەی درێژخایەن، نەخۆشی دڵی درێژخایەن، نەخۆشی گیرانی بۆڕیەکانی هەوا ، نەخۆشی شێرپەنجەی کارا لە گەڵ ئەوانەی کە کێشی لەشیان زۆرە

**قۆناغی سێیەم**

هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە ئارەزووی وەرگرتنی ڤاکسینیان هەیە

# بەشی چوارەم
# چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوە

تەوەری یەکەم: ڕادەی بەرکەوتنی بینەران بە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان.

تەوەری دووەم: ئاستی تەماشاکردن وبۆچون وڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی دابەشبوونی دیمۆگرافی بەرتوێژان.

تەوەری سێیەم : پێوانەکردنی ڕای بەرتوێژان لە بارەی :

١- بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەرنامە تەندروستیەکان.

٢- ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

# بەشی چوارەم
# چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوە

## تەوەری یەکەم: ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان

**یەکەم : هەڵبژاردنی کۆمەڵگە وسامپڵی توێژینەوە**

لەم تەوەرەدا هەنگاوەکانی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو کە پێکدێن لە:

**١- کۆمەڵگەی توێژینەوە**

- **کۆمەڵگەی مرۆیی توێژینەوە**، بریتیە لەدانیشتوانی شاری سلێمانی و دەوروبەری، کە دابەش بوون بەسەر بەرتوێژنی (ناو شار و دەرەوەی شار)، هەروەها دابەش بوون بەسەر هەردوو ڕەگەزدا کە لەڕووی پیشە و ئاستی خوێندن و تەمەن وباری خێزانیدا جیاوازن، کە بەڕێگەی سامپڵی نائەگەرایی (عينة غير الاحتمالية) وەرگیراون کە ژمارەیان (٤٠٠) بەرتوێژبووە.
- **کۆمەڵگەی بابەتی**، بریتیە لەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان کە لەکەناڵە تەلەفزیۆنیە کوردیەکاندا پەخش دەکرێت، وەك نمونەی توێژینەوە کاری لەسەر کراوە.

**٢- سامپڵی توێژینەوە**

لەپێناو ئەوەی کە سامپڵی توێژینەوە نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگەبێت، توێژەر شێوازی (عينة غير الاحتمالية)ی هەڵبژاردووە بە شێوازی (عينة الصدفة)، ئەم جۆرە گونجاوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، لەبەرئەوەی توێژەر مەبەستی بوو کەبەرتوێژان لە جوگرافیای جیاواز بە دیمۆگۆافیای جیاواز وەربگرێت بە ئامانجی خستنەڕووی ئەنجامی ڕاست و دروست کە بتوانێت لە یەك کاتدا بەرتوێژێکی گەورە بەتایبەتمەندی جیاوازبەدەستبهێنێت، پاش دابەشکردنی (٤٠٠) فۆرم (٣٨٠) فۆرم گەراونەتەوە بۆ توێژەر ولەو ژمارەیان ( ٤٩) فۆرم مەرجی زانستیان تێدا نەبووە نەچووەتە ناوپرۆسە ئامارییەکانەوە، لەئەنجامدا (٣٣١) فۆرم مەرجی زانستیان تێدابوو بۆ ئەوەی زانیاریەکانیان کۆبکریتەوە وشیکاریان بۆ ئەنجام بدرێت، زانیارییە دیمۆگرافیەکان لە چوارچێوەی (٦) خشتەدا خراونەتەڕوو.

**خستنەڕووی زانیاری سەرەتایی (دیمۆگرافیا)ی بەرتوێژان**

**١- دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی ڕەگەز:**

وەک لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کۆی گشتی بەرتوێژانی توێژینەوەکە پێکدێن لە(٣٣١)، ڕەگەزی نێر ڕێژەی زۆرینە پێکدەهێنن (٦٤.٤%) ی بەرتوێژان، ڕەگەزی مێ (٣٥.٦%) بەرتوێژانی توێژینەوە، بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (١): بەرتوێژان بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | چ | % |
|---|---|---|
| نێر | ٢١٣ | ٦٤.٤ |
| مێ | ١١٨ | ٣٥.٦ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ |

**٢- دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی پیشە:**

ئەوەی لەخشتەکە دەیبینین دابەشبوونی بەرتوێژانە بەپێی جۆری پیشەکانیان، خوێندکاران بەپلەی یەکەم دێت وزۆرترین بەرێژەی (٢٩%) بەرتوێژانە، کەمترین ڕێژەش خانەنشینانە کەدەکاتە (١.٨%)ی بەرتوێژان، بەپلەی دووەم فەرمانبەرانی حکومی کەدەکاتە (٢١.٥%) ی بەرتوێژانی توێژینەوەکە وکاسبکاران وکارمەندانی کەرتی تابەت وبێکارانیش بەپلەی جیاواز لەدوای فەرمانبەران دێن، بڕوانە خشتەی (٢).

**خشتەی (٢): بەرتوێژان بەپێی پیشە**

| پیشە | چ | % |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | ٧١ | ٢١.٥ |
| کارمەندی کەرتی تایبەت | ٥٦ | ١٦.٩ |
| کاسب | ٦٧ | ٢٠.٢ |
| خوێندکار | ٩٦ | ٢٩.٠ |
| بێکار | ٣٥ | ١٠.٦ |
| خانەنشین | ٦ | ١.٨ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ |

**٣- دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی ئاستی خوێندن:**

وەك لەخشتەکەدا دەردەکەوێت دابەشبوونی بەرتوێژانە بەپێی ئاستی خوێندنیان، خاوەن بڕوانامەی (ئامادەیی) لەپلەی یەکەمدایە وبەرێژەی (٢٩%) کە دەکاتە (٩٦) کەس لەکۆی (٣٣١) بەرتوێژ، ڕێژەی (نەخوێندەوار) بەنزمترین ڕێژە کە دەکاتە (٨.٨%) لەبەرتوێژان پێکدەهینیت وخاوەن بڕوانامەی پەیمانگا وە دوای دەرچوانی ئامادەیی دێت و لەدواتریش پلەکانی دیکەی خوێندن دێت، بڕوانە خشتەی (٣).

**خشتەی (٣): بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندن**

| ئاستی خوێندن | چ | % |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢٩ | ٨.٨ |
| بنەڕەتی | ٤٩ | ١٤.٨ |
| ئامادەیی | ٩٦ | ٢٩.٠ |
| پەیمانگا | ٨٥ | ٢٥.٧ |
| بەکالۆریۆس | ٣٩ | ١١.٨ |
| خوێندنی باڵا | ٣٣ | ١٠.٠ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ |

**٤- دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی تەمەن:**

دابەشبونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن لەنێوان(٢٠-٢٩) بەپلەی یەکەم دێت وزۆرترین ڕێژەی بەرتوێژان پێکدێنن کە(١٢٨) بەرتوێژ بەرێژەی (٣٨.٧%) بەرتوێژانە، کەمترین ڕێژەش زیاتر لە٦٠ ساڵە کەدەکاتە

(٢.٧%)ی بەرتـوێژان، بەپـلەی دووەم تەمەنــی نێـوان (٣٠-٣٩) کە ڕێـژەی (٢٤.٥%) ی بەرتـوێژانی توێژینەوە کەپێکدەهێنێت وتەمەن جیاوازەکانی دیکەش ڕێژەی جیاواز پیکدەهێنن، بڕوانە خشتەی (٤).

**خشتەی (٤): بەرتوێژان بەپێی تەمەن**

| تەمەن | چ | % |
|---|---|---|
| کەمتر لە٢٠ | ٤٠ | ١٢.١ |
| ٢٠-٢٩ | ١٢٨ | ٣٨.٧ |
| ٣٠-٣٩ | ٨١ | ٢٤.٥ |
| ٤٠-٤٩ | ٤٣ | ١٣.٠ |
| ٥٠-٥٩ | ٣٠ | ٩.١ |
| ٦٠ زیاتر | ٩ | ٢.٧ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ |

**٥- دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون:**

وەک لەخشتەکەدا دیارە بەرتوێژان دابەش بوون بەسەر دووبەشدا بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیان، ڕێژەی بەرتـوێژانی ناوشـار دەکـاتە (٦٦.٢%) ی بەرتـوێژان وبەرتـوێژانی دەرەوەی شـار دەکـاتە (٣٣.٨%)ی بەرتوێژان، هۆکاری ئەوەی بەرتوێژانی ناوشار زیاترن کەبەرتوێژانی دەرەوەی شار دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەشوێنی ئەنجامدانی کـاری مەیدانی لەناوسـەنتەری شـاری سلێمانیدایە ولەبەر ئەوە ڕێژەی بەرتـوێژانی ناوشار زیاتر دەبێت لەدەرەوەی شار، بڕوانە خشتەی (٥) .

**خشتەی (٥): بەرتوێژان بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون**

| نیشتەجێ بوون | چ | % |
|---|---|---|
| ناوشار | ٢١٩ | ٦٦.٢ |
| دەرەوەی شار | ١١٢ | ٣٣.٨ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ |

**٦- دابەش بوونی بەرتوێژان بە پێی باری کۆمەڵایەتی:**

لەخشــتەکەدا بەپــلەی یەکەم بەرتــوێژان خێزانــدارن (٤٨٠٣%) بەرتــوێژان پێکــدەهێنن، نزمتــرین ڕێژە(٨.٨%) جیابونەوەیە، بەپـلەی دووەم بەرتـوێژانی سـەڵت دێـت کە(٣٢.٣%) بەرتـوێژان پێکدێنێت، لەدوای ئەمەش هاوسەر مردوودێت لەهەردووڕەگەز کەدەکاتە (١٠.٦%)ە، بڕوانە خشتەی (٦).

**خشتەی (٦): بەرتوێژان بەپێی باری کۆمەڵایەتی**

| نیشتەجێ بوون | چ | % |
|---|---|---|
| سەڵت | ١٠٧ | ٣٢.٣ |
| خێزاندار | ١٦٠ | ٤٨.٣ |
| هاوسەر مردوو | ٣٥ | ١٠.٦ |
| جیابووەوە | ٢٩ | ٨.٨ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ |

**دووەم : هەنگاوەکانی ئەنجامدانی کردە ئامارییەکانی توێژینەوە**

ئەم بەشەی توێژینەوەکە بۆلایەنی مەیدانی تەرخانکراوە، توێژەر هەوڵدەدات ئەنجامی تێڕوانینی بەرتوێژان بخاتەڕوو، شیکردنەوەیان بۆئەنجامبدات لەسەر بنەمایەکی زانستی جێگیری وڕاستی بڕگەکان خراونەتەڕوو، هەنگاوەکانی ئەنجامدانی پێکدێن لە :

**١- دانانی بڕگەکانی ناوڕاپرسیەکە ودارشتنەوەیان.**

**٢- ڕێکخستنەوەی سەرجەم بڕگەکان**

**٣- بڵاوکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی وکۆکردنەوەی فۆرمەکان.**

**٤- دەرهێنانی جێگیری پێوانەیی (الثبات).**

**٥- پێوانەکردنی ڕاستی ڕواڵەتی (الصدق).**

**١- دانانی بڕگەکان ناوڕاپرسیەکە**

پاش دانانی بڕگەکانی ناوڕاپرسیەکە ودارشتنەوەیان لەسەر بنەمای زانستی وڕێزمانی، کە پێکهاتووە لە (٦٧) پرسیار و دابەش بووە بەسەر (٤) تەوەردا ئەوانیش:

أ- زانیاری کەسی : پێکهاتووە لە (٦) بڕگەی تایبەت بە وەرگرتنی زانیاری کەسی بەرتوێژان.

ب- ڕادەی بەرکەوتنی بینەران بە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، پێکهاتووە لە (١٩) پرسیار، پەیوەستە بە ڕادەی بەرکەوتن وتەماشاکردنی بەرتوێژان.

ت- بۆچوونی بەرتوێژان بەرامبەر بە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، ئەم تەوەرە پێوانەکردنی بۆچوونی بەرتوێژانە بەرامبەر بە بەرنامە تەندروستیەکان پێکهاتووە لە (٢٣) پرسیارو پێوانەکردنەکە لە سەر بنەمای سیانی (هاوڕام، دڵنیانیم، هاوڕانیم) دانراوە.

ث- ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لە بڵاوکردنەوەی هشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەم تەوەرە لە (١٩) پرسیار پێکهاتووە، پێوانەکردنی ڕای بەرتوێژانە لەو بارەیەوە بە شێوەی پێوانەی سیانی (هاوڕام، دڵنیانیم، هاوڕانیم).

٢- **ڕێکخستنەوەی بڕگەکانی ناوفۆرمی ڕاپرسی:** دوای دانانی پرسیارەکان وڕێکخستنی بڕگەکان فۆرمی پێوانەی ئامادەکراو بەمەبەستی هەڵسەنگاندن وگونجاوی بڕگەکان دابەشکرا بەسەر (٥) پسپۆڕ لەبواری ڕاگەیاندن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی سەرجەم بڕگەکان.[1]

---

(١) هەڵسەنگێنەرانی زانستی

أ- پ. ی. د. حكيم عثمان حميد – زانكۆی پۆلیکنیکی سلێمانی.

ب- پ. ی.د. أبتيسام اسماعيل قادر- زانكۆی سلێمانی.

ت- پ.ی. د. ابراهيم سعيد فتح الله – زانكۆی سلێمانی.

ث- پ.ی.د. شێرکۆ جبار محمد - زانكۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

ج- پ .ی. د .کاروان محمد حسن- زانكۆی سلێمانی.

٣- **بڵاوكردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی ووەرگرتنەوەی**

پاش دارشتنەوەی كۆتا شێوەی ڕاپرسی كەلەپاشكۆدی (١) خراوەتەڕوو، توێژەر پرۆسەی ڕاپرسیەكەی ناوكارمەندان ونەخۆش ودكتۆرەكانی نەخۆشخانەی شار بەشێوەیەكی (عینە غیر الاحتمالیة) ، جۆری (عینة الصدفة) بڵاوكردەوە، وەپاش وەرگرتنەوەی فۆرم لەكۆی (٤٠٠) فۆرم (٣٨٠) فۆرم گەراونەتەوە ولەو ڕێژەیە ( ٤٩) فۆرم مەرجی زانستیان تێدا نەبووە نەچووەتە ناوپرۆسە ئاماریيەكانەوە، لەئەنجامدا (٣٣١) فۆرم مەرجی زانستیان تێدابوو بۆ ئەوەی زانیاریەكانیان كۆبكریتەوە و شیكاریان بۆ ئەنجام بدرێت.

٤- **دەرهێنانی جێگیری پێوانەیی**

توێژەر(ألفا كرۆنباخ)ی بۆتاقیكردنەوەی پێوەرەكانی فۆرمی ڕاپرسیەكەی بەگشتی بەكارهێناوە، دەركەوت كە بەهای جێگیری (٠.٧٦٥)، كەبەهایەكی باش دادەنرێت، ئاماژەیە بۆجێگیری بڕگەكان.

**خشتەی (٧) : جێگیری بڕگەكان**

| ژمارەی بڕگەكان | ألفا كرۆنباخ |
|---|---|
| ١٠٩ | ٠.٧٦٥ |

٥- **پێوانەكردنی ڕاستی ڕواڵەتی (الصدق)**

باشترین ڕێگە بۆپێوانەكردنی ڕاستی ڕواڵەتی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپرسیە لەلایەن چەند شارەزایەكی بوارەكەوە، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی فۆرمەكە بریاردان لەسەر كۆتا شێوەی فۆرمەكە، فۆرمێكی تایبەتی بەهەڵسەنگاندنی سەرجەم بڕگەكان ئامادەكراوە ودراوە بەبەپسپۆڕان بەمەبەستی هەڵسەنگاندن، فۆرمی هەڵسەنگاندن لەپاشكۆی ژمارە (٢) خراوەتەڕوو، بۆمەبەستی دارشتنەوەی سەرجەم بڕگەكان توێژەر تێبینی وپێشنیارەكانی سپۆرانی بەهەند وەردەگرتووە وگۆرانكاری پێویست لەبڕگەكانی فۆرمەكەدا دەكراوە، بەهای هەریەكێك لەبڕگەكان دیاریكراوە، لەكۆی هەڵسەنگاندنی سەرجەم بڕگەكان بڕگەكانی (٣،١٩) لابراون، ڕێژەی ڕەزامەندبوونی شارەزایان پێكهاتووە لە(٨٠%)، بڕوانە خشتەی (٨).

**خشتەی (٨): ژمارەی شارەزاییان وڕێژەی ڕەزامەند بوون وڕەزامەند نەبوونیان لەسەر سەرجەم پرسیارەكان ودیاریكردنی ڕێژەی سەدیان.**

| ژ. بڕگەكان | ژمارەی پرسیار | شارەزایان | | % |
|---|---|---|---|---|
| | | ڕەزامەندن | ڕەزامەند نین | |
| ١، ٢، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١ | ٥٩ | ٥ | ٠ | %١٠٠ |
| ٣، ١٩ | ٢ | ٤ | ١ | %٨٠ |

## ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان

ڕادەی بەرکەوتنی بەرتوێژان بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەڕێگەی (١٩) خشتەوە خراوەتەڕووشیکردنەوەی داتاکانی بۆکراوە.

**١- ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

خشتەی خوارەوە ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان پیشاندەدات بۆبەرنامە تەندروستیەکان، وەک دیارە (٤٢%) بەرتوێژان بەپێی کات تەماشا دەکەن و(٣٤.١%) تاڕادەیەک تەماشادەکەن و(٢٣.٩%) بەردەوانم تەماشادەکەن، سەرجەمیان بەناوەندە ژمێرەی (٢.٨٢)ولادانی پێوەری(٠.٧٩٢)، لەبەرئەوەی زۆرینەی بەرتوێژان کەسانێکن خاوەنی کارن وزۆرینەی کاتەکانیان بۆکارەکانیان تەرخان دەکەن بۆیە بەپێی کات تەماشای بەرنامەکان دەکەن، بڕوانە خشتەی(٩).

**خشتەی (٩): ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەکەناڵە ئاسمانیەکان**

| ڕادەی تەماشاکردن | چ | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٧٩ | ٢٣.٩ | | |
| تاڕادەیەک | ١١٣ | ٣٤.١ | | |
| بەپێی کات | ١٣٩ | ٤٢.٠ | ٢.٨٢ | ٠.٧٩٢ |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**٢- پشت بەستنی بەرتوێژان بەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان**

ئەم خشتەیە پشت بەستنی بەرتوێژان بەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بۆتەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە پیشاندەدات، لەکۆی (٣٣١) بەرتوێژ، لەبەرئەوەی بەرتوێژان مافی ئەوەیان هەبووە زیاد لەبژاردەیەکیان هەبێت بۆیە ژمارەی دووبارەبونەوە زیاترە لەژمارەی بەرتوێژان، وەک لەخشتەکەدا دیارە کەناڵی (NRT) بەپلەی یەکەم دێت (١٦٨) بەرتوێژ بینەری ئەوکەناڵەن کەدەکاتە (٢٤.٩٦%)ی بەرتوێژان، کەناڵی سپێدە کەمترین ڕێژەی هەیە (١.٦٨%)ی بەرتوێژان ئەم کەناڵەیان هەڵبژاردووە، بەپلەی دووەم کەناڵی(NET TV) دێت کەڕێژەی (١٤.٤١%) بەرتوێژان تەماشای ئەم کەناڵە دەکەن بۆسودوەرگرتن لەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەدوای ئەویش کەناڵی گەلی کوردستان دێت بەڕێژەی (١٢.٠٤%) ی بەرتوێژان ودواتریش کەناڵەکانی دیکە بەپلەوڕێژەی جیاواز دێن، بڕوانە خشتەی(١٠ ).

**خشتەی (١٠): پشت بەشتنی بەرتوێژان بەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان بۆتەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

| کەناڵ | چ | % | پلە |
|---|---|---|---|
| کوردسات | ٤٥ | ٦.٦٩ | شەشەم |
| کوردسات نیوز | ٣٤ | ٥.٠٥ | نۆیەم |
| گەلی کوردستان | ٨١ | ١٢.٠٤ | سێیەم |
| NRT | ١٦٨ | ٢٤.٩٦ | یەکەم |
| ڕووداو | ٥٤ | ٨.٠٢ | چوارەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| K٢٤ | ٣٠ | ٤.٤٦ | دەیەم |
| کوردستان تی ڤی | ١٣ | ١.٩٣ | دوانزەیەم |
| سپێدە | ١١ | ١.٦٤ | سیانزەیەم |
| پەیام | ١٩ | ٢.٨٢ | یانزدەیەم |
| کەرکوك | ٣٥ | ٥.٢ | هەشتەم |
| Net TV | ٩٧ | ١٤.٤١ | دووەم |
| AVA TV | ٣٦ | ٥.٣٥ | حەوتەم |
| Kurd max | ٥٠ | ٧.٤٣ | پێنجەم |
| کۆ | ٦٧٣ | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لەوەلامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**٣- بایەخی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

زیادبوونی بایەخی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان بەپێی چەند ئەگەرێک گۆڕانکاری بەسەردادێت، وەک لەخشتەکەدا دیارە بەرتوێژان لەکاتی نەخۆشکەوتنی کەسانی چواردەوریان بەپلەی یەکەم گرنگی بەبەرنامەکان دەدەن وبەڕێژەی (٢٧.٥%) ئەوکاتەیان هەڵبژاردووە، دواتر لەکاتی بڵاوبونەوەی پەتا ونەخۆشیە درمەکان(٢٥.٤%) بەرتوێژان هەڵیانبژاردووە دواتریش لەکاتی هەستکردن بەنەخۆشی بەڕێژەی (٢٥.١%) وکاتی هەستکردن بەکەمی زانیاری تەندروستی (٢٢.١%) پێکدەهێنن، هەرچەندە جیاوازیەکی بەرچاو لەنێوان ئەگەرەکاندا نەبوو چونکە سەرجەمیان گرنگن وبەستراون پێکەوە، وە سەرجەم ئەگەرەکان بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٤٤) ولادانی پێوەری (١.٠٩٢)، بڵاوبونەوەی نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان وا لەوەرگر دەکات کەبۆ پاراستنی خودی خۆی وئاگاداربوون لەتەندروستی کەسانی چواردەوری بەردەوام بەدواداچوون بکات بۆبابەتە تەندروستیە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت لەکاتی بڵاوبونەوەی نەخۆشیە لەناکاو وپەتا گوێزەرەوەکاندا، بڕوانە خشتەی (١١).

**خشتەی (١١): زیادبوونی بایەخ بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لای بەرتوێژان**

| بایەخ بۆبەرنامە تەندروستیەکان | چ | % | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| لەکاتی نەخۆشکەوتنم | ٨٣ | ٢٥.١ | ٢.٤٤ | ١.٠٩٢ |
| لەکاتی نەخۆشکەوتنی کەسانی چواردەورم | ٩١ | ٢٧.٥ | | |
| بەکاتی بڵاوبونەوەی پەتا ونەخۆشییەکان | ٨٤ | ٢٥.٤ | | |
| بەکاتی هەستکردنم بەکەمی زانیاری تەندروستی | ٧٣ | ٢٢.١ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**٤- کاتی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

لەخشتەکەدا دەردەکەوت بەرتوێژان بەڕێژەی (٣٣.٥%) لەکاتی شەواندا تەماشای بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنەکان دەکەن و لەبەیانیاندا بەڕێژەیەکی زۆرکەم کەدەکاتە(٩.١%) بینەری بەرنامەکانن لەکاتی

ئێوارانـدا بەڕێژەی (٢٦.٣%) تەماشـای بەرنامـەکـان دەکـەن وبەشێکیش لەبەرتـوێژان لەهەرکاتێکدا بۆیـان بگونجێت تەماشـادەکەن، بەناوەنـدەژمێرەی (٣.٤٥) ولادانــی پێـوەری (١.١٩١)، بەرتــوێژان بەهـۆی سەرقاڵی وکارکردن لەڕۆژدا کەمتر تەماشای بەرنامەکان دەکەن بەڵام لەبەر ئەوەی کاتی ئێواران وشـەوان کـاتی پشووە وخێزانەکان لەماڵەکانیاندا پێکەوە بینەری بەرنامەکـان دەبن بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری تەندروستی وزیادوونی هۆشیاری لەبارەی نەخۆشیە جۆراوجۆرەکانەوە، بڕوانە خشتەی (١٢).

**خشتەی (١٢): کاتی گونجاو بۆتەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

| کاتی گونجاو بۆ تەماشاکردن | چ | % | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەیانیان | ٣٠ | ٩.١ | ٣.٤٥ | ١.١٩١ |
| نیوەڕوان | ٣٦ | ١٠.٩ | | |
| ئێواران | ٨٧ | ٢٦.٣ | | |
| شەو | ١١١ | ٣٣.٥ | | |
| هەرکاتێک بێت | ٦٧ | ٢٠.٢ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**٥- شێوازی پەسەند بۆتەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان**

تەماشـاکردنی بەرنـامە تەندروسـتیەکان هەر کەسـێک ئارەزوودەکـات بەجۆرێـک و بەتەنهـا یـان لەگەڵ کەسـانی چـواردەور تەماشـابکات، بەرتـوێژان بەڕێـژەی (٤٠.٥%) پێیـان خۆشـە لەگەڵ خێزانەکانیـان تەماشای بەرنامە تەندروستیەکان بکەن وبەڕێژەی ( ٣٧.٢%) لەگەڵ هاوڕێکانیان و بەڕێژەی (٢٢.٤%) بەتەنهـا کەسـەرجەیان بەناوەنـدە ژمێـرەی (٢.١٥) ولادانـی پێـوەری (٠.٧٥٨)، زۆرینـەی بەرتـوێژان لەشـەوان وئێـواران تەماشـای کەناڵەکـان دەکەن لەوکاتەشـدا خێزانەکـان پـێکەوە کۆبـونەتەوە ولەمـاڵەوەن چونکە کاتی پشووە هەر بۆیە زۆرینەی لەگەڵ خێزانەکانیان تەماشا دەکەن، بڕوانە خشتەی (١٣).

**خشتەی (١٣): لەگەڵ کێ بەپەسەندی دەزانیت بۆتەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان**

| تەماشـای بەرنـامە تەندروستیەکان | چ | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەتەنها | ٧٤ | ٢٢.٤ | ٢.١٥ | ٠.٧٥٨ |
| خێزان | ١٣٤ | ٤٠.٥ | | |
| هاوڕێکانم | ١٢٣ | ٣٧.٢ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**٦- ڕادەی گفتوگۆ کردن لەبارەی تەوەرە تەندروستیە پێشکەشکراوەکان**

پـاش تەماشـاکردنی بەرنـامە تەندروسـتیە تەلەفزیۆنیەکـان گفتوگـۆ لەبـارەی بـابەت وتەوەری باسـکراوی ناوبەرنامەکـان لای بەرتـوێژان و بەزۆرینـەی هەڵبـژاردە (تاڕادەیەک)یـان هەڵبـژاردووە کەزیـاتر لەنیوەی بەرتوێژان (٥٠.٥%) پێکدەهێنن، بەبەردەوامی ڕێژەی (٢٥.٤%) وکەم (٢٤.٢) پێکدەهێنن سـەرجەمیان بەناوەنـدە ژمێرەیـی (١.٩٩) و بەلادانــی پێـوەری (٠.٧٠٥)، بـابەت وتەوەرە باسـکراوەکانی ناوبەرنـامە

تەندروستیەکان جێگەی مشتومڕە بەبەردەوامی بەرتوێژان تاڕادەیەک گفتوگۆ لەبارەی بابەتەکانەوە دەکەن جێگەی سەرنجیان بووە، بڕوانە خشتەی (١٤).

**خشتەی (١٤): پاش بینینی بەرنامە تەندروستیەکان ڕادەی گفتوگۆکردن لەبارەی تەوەرە پێشکەشکراوەکان لەچ ئاستێکدایە.**

| ڕادەی گفتوگۆ کردن | چ | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەردەوام | ٨٤ | ٢٥.٤ | ١.٩٩ | ٠.٧٠٥ |
| تاڕادەیەک | ١٦٧ | ٥٠.٥ | | |
| کەم | ٨٠ | ٢٤.٢ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**٧- باشترین بەرنامەی تەندروستی لای بینەران**

وەک لەم خشتەیەدا دەدەکەوێن ڕادەی تەماشاکردنی وەرگران دەردەخات بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەکەنا لەئاسمانیە کوردییەکاندا، بەرنامەی (هێلسی ستوری) بەپلەی یەکەم دێت و بەڕێژەی (٢٥.٦٥%) تەماشا دەکریت لەلایەن بەرتوێژانەوە، لەبەرامبەردا بەرنامەی (نۆرینگە) بەڕێژەی (٣.٤٤%) لەنزمترین ئاستدایە، لەکۆی (١١) بەرنامەی تایبەتمەندی تەندروستی سەرجەمیان بینەری تایبەتی خۆیان هەبووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بەرنامەی هێلسی ستۆری تایبەت بەکەناڵی ئێن ئارتی پلەی یەکەمە ویەکسانە بەڕادەی تەماشاکردنی کەناڵەکە لەبەرئەوەی کەناڵی ئێن ئارتی بەپلەی یەکەم دێت لەڕێژەی تەماشاکردن لەلایەن بەرتوێژانەوە وەك لەخشتەی (١٥) خراوەتەڕوو، سەرجەمی بەرنامەکان تایبەتن بەتەندروستی وبەشێکیان لەدوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە پەخش دەکرێن و بەئامانجی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، بڕوانە خشتەی (١٥).

**خشتەی (١٥): باشترین بەرنامە تەندروستیەکان لەکەناڵە تەلەفزیۆنیە ئاسمانیە کوردییەکان**

| بەرنامە | چ | % | پلە |
|---|---|---|---|
| ستۆدیۆ ١٩ | ٣٨ | ٦.٥٤ | حەوتەم |
| ساڕێژ | ٦٦ | ١١.٣٦ | چوارەم |
| کۆڤید١٩ | ٦٨ | ١١.٧٠ | سێیەم |
| نۆڕین | ٢٥ | ٤.٣٠ | دەیەم |
| نۆڕینگە | ٢٠ | ٣.٤٤ | یانزەیەم |
| لەگەڵ د.کامەران قەرەداغی | ٤٠ | ٦.٨٨ | شەشەم |
| پارێز | ٣١ | ٥.٣٤ | نۆیەم |
| نیشانە | ٧٠ | ١٢.٠٤ | دووەم |
| هێڵسی ستۆری | ١٤٩ | ٢٥.٦٥ | یەکەم |
| دۆکتەرس | ٣٣ | ٥.٦٨ | هەشتەم |
| تەندروستیت | ٤١ | ٧.٠٦ | پێنجەم |
| کۆ | ٥٨١ | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لەوەلامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

٨- **هۆکارەکانی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

هۆکارەکانی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی بۆچوونی بەرتوێژان دەگۆڕێت، وەک لەخشتەی سەرەوە ڕوونکراوەتەوە هۆکاری زیادکردنی هۆشیاری تەندروستی وزانینی دواهەمین زانیاری تەندروستی بەڕێژەیەکی زۆر بەرتوێژان هەڵیانبژاردووە، هەروەها هۆکاری خۆپارێزی لەنەخۆشیەکان بەڕیژەی (١٤%) کە کەمترین ڕێژەی هۆکارەکانە بەناوەندە ژمێرەیی (٠.١٧) ولادانی پێوەری (٠.٣٥٧)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەتوێژینەوەکە لەکاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەنجامدراوە وبەرتوێژان سودیان لەبەرنامە تەندروستیەکان بۆئەو مەبەستانە وەرگرتووە چونکە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەشێوەیەکی کتوپڕ وبەبێ هەبوونی زانیاری زانستی بڵاوبۆتەوە وکەس زانیاری تەواوی لەبارەیەوە نیە بۆیە پێویستەکە هەمووان زانیاری وەربگرن لەوبارەیەوە، بڕوانە خشتەی (١٦).

**خشتەی (١٦): هۆکارەکانی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە لەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان.**

| ئەگەرەکان | ج | % | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| زیادکردنی هۆشیاری تەندروستی وڕۆشنبیری گشتی | ١٣٩ | ٣٤.٦ | ٠.٤٢ | ٠.٤٩٤ |
| زانسنی دواهەمین هەواڵ وزانیاری تەندروستی | ١٤٠ | ٣٤.٨ | ٠.٤٢ | ٠.٤٩٥ |
| خۆپارێزی لەنەخۆشیەکان | ٥٦ | ١٤ | ٠.١٧ | ٠.٣٥٧ |
| بۆ بەدەستهێنانی تەندروستیەکی باشتر | ٦٧ | ١٦.٦ | ٠.٢٠ | ٠.٤٠٢ |
| کۆی گشتی | ٤٠٢ | ١٠٠.٠ | | |
| "بەرتوێژان زیاد لەوەلامێکیان هەڵبژاردووە" | | | | |

٩- **ئاستی سودبینین لەزانیارییەکانی بەرنامە تەندروستیەکان**

ئەوەی لەخشتەی خوارەوەدا دەبینرێت ئاستی سودبینینی بەرتوێژانە لەزانیارییەکانی ناو بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەڕێژەی(٤٠.٨%)ی بەرتوێژان تاڕادەیەك سودیان بینیوە لەزانیارییەکانی ناو بەرنامەکان و(٣٢.٣%)ی بەرتوێژان زۆر بەکەمی سودیان وەرگرتووە، (٢٦.٩%)ی بەرتوێژان زۆر سودیان لەزانیارییەکان وەرگرتووە، وە هەروەها (٢٦.٩%) زۆر کەم سودمەند بوون، سەرجەمیان بەناوەندە ژمێرەی (٢.٠٥) و لادانی پێوەری (٠.٧٦٩)، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەو بابەتانەی کە لەناو بەرنامەکاندا باسکراوە کەتاچ ڕادەیەك لەئاستی چاوەڕوانە بەرتوێژاندا بووە، بڕوانە خشتەی (١٧).

**خشتەی (١٧): ئاستی سودبینین لەزانیارییەکانی ناوبەرنامە تەندروستیەکانی کەناڵە ئاسمانیەکان**

| ئاستی سودبینین | ج | % | ناوەندژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | ١٠٧ | ٣٢.٣ | ٢.٠٥ | ٠.٧٦٩ |
| تاڕادەیەک | ١٣٥ | ٤٠.٨ | | |
| زۆر کەم | ٨٩ | ٢٦.٩ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

## ١٠- سوودی بەرنامە تەندروستیەکان بۆبینەران

ئەوسودانەی کە بەتوێژان بینیویانە لەبەرنامە تەندوستیەکان دابەش بووە بەسەر چەند سوێکی جیاوازدا بەڵام بەپلەی یەکەم فراوانکردنی ئاسۆی زانیارییەکانە لای بەرتوێژان کە بەرێژەی (٤١.٤%) ی بەرتوێژان سودیان لێبینیوە کەمترین سود (١.٩٩%) کە هەمووبژاردەکانە، ئەگەرەکانی دیکە لەنێوان ئەو دوو ڕێژەیەدان، ئەوەی جێگەی سەرنجە بەرتوێژان تەماشای بەرنامەکانیان کردووە بەئامانجی فراوانکردنی ئاسۆی زانیارییە تەندروستیەکانە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بەرنامە تەندروستیەکان زانیاری تەندروستی بەسوودیان بڵاوکردۆتەوە بۆوەرگران وئامانجیان بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیە، بڕوانە خشتەی (١٨).

**خشتەی(١٨) ئەوسودانە چین کەبەرتوێژ بینیوێتی لەبەرنامە تەندروستیەکان**

| سود بینینی بەرتوێژان لەبەرنامە تەندروستیەکان | ج | % | پلە |
|---|---|---|---|
| ئاشنابوون بەزانیاریە تەندروستیە تازەکان | ٩٨ | ٢٤.٣٢ | دووەم |
| فراوانکردنی ئاسۆی زانیاری تەندروستی | ١٦٧ | ٤١.٤٤ | یەکەم |
| دورکەوتنەوە لەڕەفتاری ناتەندروست | ٥٩ | ١٤.٦٤ | سێییەم |
| وەرگرتنی ڕێنمایی وئاراستەی تەندروستی | ٥٢ | ١٢.٩ | چوارەم |
| بەدەستهێنانی زانیاری تەندروستی لەبارەی شیوازی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشی ونەخۆشدا | ١٩ | ٤.٧١ | پێنجەم |
| هەموویان | ٨ | ١.٩٩ | شەشەم |
| کۆ | ٤٠٣ | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لەوەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

## ١١- هۆکارەکانی لاوازی سوودی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان

ئەوەی لەم خشتەیە دەردەکەوێت هۆکاری (زۆرکەم) تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکانە، هۆکارەکان بەپلەی یەکەم هۆکاری کەم تەماشاکردن دەگەرێتەوە بۆقورسی وتێنەگەشتن لەبابەتەکان بەرێژەی (٣٢.٢٦%) بەرتوێژان هەڵیان بژاردووە لەدوای ئەو پێشکەشکردنی زانیاری کۆن وڕووکەشانە کەرێژەی (٢١.٩٣%) بەرتوێژان پێکدەهێنێت، وەهەروەها ئەگەرەکانی دیکەش بەرێژەی جۆراوجۆر بەرتوێژان بەهۆکاری کەم تەماشاکردن هەڵیانبژاردووە، ئەوەی دەبینرێت قورسی وتێنەگەشتنی بابەتەکان ودووبارە بوونەوەی زانیارییەکان هۆکاری سەرەکین ئەمەش ئاستی بەرنامە تەندروستیەکان دەردەخات وتوانایان لەگەیاندنی زانیارییەکان و لەنوێی بابەتەکاندا کە بینەر بەردەوام بینەری بابەتێك دەبێت کە زانیاری نوێی تێدا بێت و بەزمانێکی سادە وئاسان پێشکەش بکرێت، بڕوانە خشتەی (١٩).

**خشتەی (١٩): ئەگەر ئاستی سودبینین (زۆرکەم) بوو، هۆکارەکانی چین لای بەرتوێژان**

| هۆکاری کەمی سودبینین لای بەرتوێژان | ج | % | پلە |
|---|---|---|---|
| قورسی تێگەشتن لەبابەتەکان | ١٨١ | ٣٢.٢٦ | یەکەم |
| ناڕوونی لەقسەی پێشکەشکاری بەرنامەکان | ٩٩ | ١٧.٦٥ | سێیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناڕوونی لەقسەی میوانی بەرنامەکان | ٦٤ | ١١.٤١ | چوارەم |
| هەژاری لەخستنەڕووی بەڵگە وسەلماندنی زانستی | ٤٠ | ٧.١٣ | شەشەم |
| پێشکەشکردنی زانیاری کۆن وڕوکەشانە | ١٢٣ | ٢١.٩٣ | دووەم |
| کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکە بۆمن گونجاونیە | ٥٤ | ٩.٦٢ | پێنجەم |
| کۆ | ٥٦١ | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لەوەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**١٢- ئاستی بڕوابوون بەزانیارییەکانی ناو بەرنامە تەندروستیەکان**

خشتەی خوارەوە ئاستی باوەڕبوونی بەرتوێژان دەردەخات بەزانیارییەکانی ناوبەرنامە تەندروستیەکان لای بەرتوێژان، زۆرینەی بەرتوێژان بەڕێژەی (٧٦.١٣%)ی بەرتوێژان (تاڕادەیەك بڕوایان پێیەتی)، لە(١٧.٥٣%)ی بەرتوێژان بڕوایان بەبەرنامە تەندروستیەکان هەیە وبەڕێژەی (٦.٣٤%)ی بەرتوێژان بڕواییان بەزانیارییەکانی ناوبەرنامە تەندروستیەکان هەیە، کە سەرجەمیان بەناوەندە ژمێرەی (٢.١١) و بەلادانی پێوەری (٠.٢٢٧)، ئەوەی لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبینریت ڕادەی باوەڕبوونی بەرتوێژانە بەوزانیارییانەی کەلەناو بەرنامە تەندروستیەکاندا پەخش دەکریت بەئامانجی بڵاوکردنەوەی زانیاری تەندروستی وهۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە لەبەرامبەر تەندروستی خۆیان وکەسانی دوروبەریان، ئەوڕێژەیەی بەرتوێژان کە تاڕادەیەك باوەڕیان بەزانیارییەکان هەیە دەریدەخات کە بەرنامە تەندروستیەکان سەرکەوتووبوون لەبڵاوکردنەوەی ئەوزانیاریاریەکان دا، بڕوانە خشتەی (٢٠).

**خشتەی (٢٠): ئاستی بڕوابوون بەزانیارییەکانی ناوبەرنامە تەندروستیەکان لەلای بەرتوێژان**

| ئاستی بڕوابون | چ | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بڕوام پێیەتی | ٥٨ | ١٧.٥٣ | ٢.١١ | ٠.٤٧٦ |
| تاڕادەک بڕوام پێیەتی | ٢٥٢ | ٧٦.١٣ | | |
| بڕوام پێینییە | ٢١ | ٦.٣٤ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**١٣- کاریگەری بەرنامە تەندروستیەکان لەزیادکردنی هۆشیاری تەندروستی .**

کاریگەری بەرنامە تەندروستیەکان لەزیادکردنی هۆشیاری تەندروستی لای بەرتوێژان لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٤٣.٢%) بەرتوێژان تاڕادەیەك بەرنامە تەندروستیەکان کاریگەری هەبووە لەزیادبوونی هۆشیارییان بەرامبەر بەتەندروستی خۆیان وکەسانی دەروبەریان، ڕێژەی (٣٧.٢%)ی بەرتوێژان کاریگەری بەرنامە تەندروستیەکان بەتەواوی بەسەر ڕەفتار وکرداریانەوە دەرکەوتووە ولە ( ١٩.٦%) ڕێژەی کاریگەری لەسەریان کەم بووە، سەرجەمیان بەناوەندە ژمێرەی (٢.١٨) بەلادانی پێوەری (٠.٧٣٤)، ئامانجی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیە پێی وەڵامی بەرتوێژان بەرنامە تەندروستیەکان توانیویانە ئەوئامانجە بەدەست بهێنن چونکە ڕێژەی هەرە زۆری بەرتوێژان پێیان وابووە کە بەرنامە تەندروستیەکان تارادەیەك یان بەتەواوی کاریگەری هەبووە لەفراوانبوونی ڕادەی هۆشیاری تەندروستیان، بڕوانە خشتەی (٢١).

**خشتەی (٢١): کاریگەری بەرنامە تەندروستیەکان لەزیادکردنی هۆشیاری تەندروستی**

| کاریگەری بەرنامە تەندروستیەکان | چ | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٣ | ٣٧.٢ | ٢.١٨ | ٠.٧٣٤ |
| تارادەیەک | ١٤٣ | ٤٣.٢ | | |
| نازانم | ٦٥ | ١٩.٦ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**١٤- جۆری کارگەرییە تەندروستیە بەجێماوەکان لەسەر بینەران**

بەرنامە تەندروستیەکان ئایا لەتوانایاندایە لەدوای خۆیان کاریگەری بەجێبهێڵن بەسەر بەرتوێژانەوە ئەوەی لەوەڵامەکاندا دەبینرێت کاریگەری ئەرێنی وجێگەی بایەخە، ڕێژەی(٣٧.١٦%) ی بەرتوێژان بەرنامە تەندروستیەکان یارمەتیدەربوون بۆئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی، بەڕێژەی (٣٤.٤٧%) بەرنامە تەندروستیەکان هۆکاربوون بۆزیادبوونی ڕۆشنبیری تەندروستی، وەهەروەها ئەگەرەکانی دیکەش کە لەخشتەکەدا برەکانیان دیاری کراوە. کاتێك بەرنامەیەکی تەندروستی ئامادە وپێشکەش دەکرێت دەبێت ڕادەی کاریگەرێتیەکانی هەڵبسەنگێنرێت چونکە پەیامی سەرکەوتووئەو پەیامەیە کەکاریگەری بەجێدەهێڵێت لەسەر وەرگر، سەرجەم کاریگەرییەکان ئەرێنین کەواتە بەرنامەتەندروستیەکان توانیویانە پێویستیەکانی وەرگران پڕبکەنەوە لەزانیاری وبڵاوکردنەوەی هۆشیاردا ، بڕوانە خشتەی (٢٢).

**خشتەی (٢٢): کاریگەرییەکانی دوای تەماشاکردنی بەرنامەی تەندروستی لای وەرگران**

| کاریگەری دوای تەماشاکردن | چ | % | پلە |
|---|---|---|---|
| یارمەتیدەرە لەکەمککردنەوەی مەترسیەکانی توشبوون بەنەخۆشیەکان | ٦٨ | ١٦.٦٣ | سێیەم |
| یارمەتیدەرە لەهاندانم بۆئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی | ١٥٢ | ٣٧.١٦ | یەکەم |
| زیادبوونی ڕۆشنبیری تەندروستی | ١٤١ | ٣٤.٤٧ | دووەم |
| ئاشنابوون بەڕێگای تەندروست سەبارەت بەمامەڵەکرد لەگەڵ نەخۆشیەکتوپڕەکان | ٤٤ | ١٠.٧٦ | چوارەم |
| ئاشنابوونم بەشێوازی مامەڵەکردنم لەگەڵ نەخۆشیە درێژخایەنەکاندا | ٤ | ٠.٩٨ | پێنجەم |
| کۆ | ٤٠٩ | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لەوەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**١٥- ئەرکی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

ئەرکەکانی بەرنامە تەندروستیەکان بەڕای بەرتوێژان بەپلەی یەکەم ڕێنماییی وهۆشیارییە کە ڕێژەی (٣١.٢٥%) پێکدەهێنێت، بەهەمان شێوە (٢٩.١٦%)ی بەرتوێژان پێیان وابووە کەئەرکی بەرنامە تەندروستیەکان هەواڵ وزانیاری بڵاوکردنەوەیە، هەروەها ئەرکەکانی دیکەش وەك ئەوەی بەڕێژەی جیاواز وناوەندە ژمێرەی جیاواز لەلایەن بەرتوێژانەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام هەواڵ وزانیاری وڕێنمایی وهۆشیاری لەگرنگترین ئەرکەکانن لەلای بەرتوێژان چونکە وەرگر کاتێك تەماشای بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەکات ئامانجێتی زانیاری وهەواڵی نوێی دەست بکەویت، بەرنامەی تەندروستی بەرنامەیەکی

تایبەتمەندە بەبواری تەندروستی وبابەتەکانی هەر بۆیە وەرگران بەردەوام هەوڵدەدەن زۆرترین ڕێنمایی وهۆشیاری ولێوەربگرن،وە(١١.٠٤%)ی بەرتوێژان پیان وایە کەبەرنامە تەندروستیەکان لەپاڵ کاری خۆیان هەوڵ دەدەن کار بکەن بۆبازارسازی بۆپزیشك ونەخۆشخانەکان لەناوبەرنامە تەندروستیەکاندا کاردەکرێت بۆناساندنی پزیشکە نوێکان ونەخۆشخانە تایبەتەکان، بڕوانە خشتەی (٢٣).

**خشتەی (٢٣): ڕای بەرتوێژان لەبارەی ئەرکەکانی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان.**

| ئەرکەکانی بەرنامە تەندروستیەکان | چ | % | پلە |
|---|---|---|---|
| هەواڵ وزانیاری | ١٤٠ | ٢٩.١٦ | دووەم |
| فێرکاری | ٤٥ | ٩.٣٨ | پێنجەم |
| ڕێنمایی وهۆشیاری | ١٥٠ | ٣١.٢٥ | یەکەم |
| ڕۆشنبیرکردن | ٥١ | ١٠.٦٣ | چوارەم |
| کات بەسەربردن | ٤١ | ٨.٥٤ | شەشەم |
| بازارسازی بۆپزیشک ونەخۆشخانەکان | ٥٣ | ١١.٠٤ | سێیەم |
| کۆ | ٤٠٨ | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لەوەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**١٦- بایەخی بەرنامە تەندروستیەکان بۆبابەتە تەندروستیەکان**

ئەم خشتەیەی خوارەوە دیارترین تەوەرەکانی بەرنامە تەندروستیەکانە کە لەئێستادا لەناوبەرنامە تەندروستیەکان باسیان لێوەدەکرێت، ڕێژەیەکی زۆری بەرتوێژان پێیان وایە کۆرۆنا ڤایرۆس پلەی یەکەمی تەوەرەکان پێکدەهێنێت بەڕێژەی (٤٨.٤٦%)، بەپلەی دووەم نەخۆشیە درێژخایەنەکانە بەڕێژەی (١٩.٣٩%)ی بەرتوێژان پێکدەهێنێت، هەروەها نەخۆشیە (بۆماوەییەکان، دەرونیەکان، جەستەییەکان) ڕێژەکانیان نزیکە وجیاوازییەکی کەم لەنێوانیاندایە، لەبەر ئەوەی کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی توێژینەوەکە کاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە ولەوکاتەدا زۆرینەی کەناڵەکانی بەرنامەی تایبەتیان بۆبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی پەخش دەکرد، بڕوانە خشتەی (٢٤)

**خشتەی (٢٤): دیارترین تەوەرەکان کەلەئێستادا بەرنامەکان زانیاریان لەسەر بڵاودەکەنەوە .**

| دیاریترین تەوەرەکان | چ | % | پلە |
|---|---|---|---|
| کۆرۆنا ڤایرۆس | ٢٠٥ | ٤٨.٤٦ | یەکەم |
| نەخۆشیە درێژخایەنەکان | ٨٢ | ١٩.٣٩ | دووەم |
| نەخۆشیە بۆماوەییەکان | ٤٤ | ١٠.٤٠ | پێنجەم |
| نەخۆشیە دەرونیەکان | ٤٥ | ١٠.٦٤ | چوارەم |
| نەخۆشیە جەستەییەکان | ٤٧ | ١١.١١ | سێیەم |
| کۆ | ٤٢٣ | ١٠٠ | |
| "بەرتوێژان زیاد لەوەڵامێکیان هەڵبژاردووە" | | | |

**١٧- ئاستەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی**

بەرای بەرتوێژان بەرنامە تەندروستیەکان بەپلەی یەکەم کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی خێزان دەکات کە بەرێژەی (٥٠.٢%)ی بەرتوێژان ئەو ڕایەیان هەیە ودواتر بەرێژەی (١٩.٩%) کار لەسەر ڕۆشنبیرکردنی تاك دەکات، (١٧.٢%) کار لەسەر ڕۆشنبیری توێژەکان دەکات و(١٢.٧%) کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە دەکات، سەرجەمیان بەناوەندە ژمێرەیی(٢.٢٣) و بەلادانی پێوەری (٠.٩١١)، خێزان بناغەی پەروەردەی تاکەکانە وقوتابخانەی یەکەمە، چونکە دواتر هەرتاکێك لەم کۆمەڵگەیە پەروەردەی خێزانێکە و لەخێزانێکەوە هاتووە، خێزانێکی تەندروست دروستکەری تاکێکی تەندروست وکۆمەڵە وکۆمەڵگەیەکی تەندروستە، بڕوانە خشتەی (٢٥).

**خشتەی (٢٥): ئاستەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تەندروستی لای بەرتوێژان**

| ئاستەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری | چ | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی تاك | ٦٦ | ١٩.٩ | ٢.٢٣ | ٠.٩١١ |
| ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی خێزان | ١٦٦ | ٥٠.٢ | | |
| ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی کۆمەڵەکان (توێژەکان) | ٥٧ | ١٧.٢ | | |
| ئاستی ڕۆشنبیری تەندروستی هەمووکۆمەڵگە | ٤٢ | ١٢.٧ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**١٨- بەرنامە تەندروستیەکان ڕۆڵیان هەیە لەبڵاوکردنەوە هۆشیاری تەندروستی**

ئەوەی لەخشتەکەدا دەردەکەوێت ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا لەدیدی بەرتوێژانەوە، بەناوەندە ژمێرەی (٢.١٨) و لادانی پێوەری (٠.٧٣١)، ڕێژەی (٤٣.٥%)ی بەرتوێژان پێیان وایە کە بەرنامە تەندروستیەکان تاڕادەیەك ڕۆڵیان هەبووە لەبلاوکلادنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا، ڕێژەی (٣٧.٢%) پێیان وایە بەرنامە تەندروستیەکان ڕۆڵێکی زۆریان هەبووە لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاریدا، ڕێژەی (١٩.٣%) کە ڕێژەیەکی کەمە ڕایان وایە بەرنامە تەندروستیەکان زۆر بەکەمی ڕۆڵیان هەبووە لەبلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا، دیدی بەرتوێژان بۆڕۆڵی بەرنامەکان بەشێوەیەکی ئەرێنیە وپێیان وایە کە بەرنامەکان سەرچاوەیەکی باشن بۆبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری وهۆشیاری تەندروستی، بڕوانە خشتەی (٢٦).

**خشتەی (٢٦):تاچەند بەرنامە تەندروستیەکان ڕۆڵیان هەیە لەبڵاوکردنەوە وزۆربوونی هۆشیاری تەندروستی لای هاوڵاتیان لەدیدی بەرتوێژانەوە**

| ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەك هۆشیاری تەندروستی | چ | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | ١٢٣ | ٣٧.٢ | ٢.١٨ | ٠.٧٣١ |
| تاڕادەیەك | ١٤٤ | ٤٣.٥ | | |
| زۆر کەم | ٦٤ | ١٩.٣ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

**١٩- ئاستی پشت بەستنی بینەران بە ئامرازەکانی تر**

بێجگە لەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان کەناڵی ناوخۆی وئاسمانی بیانی وکەناڵی ئەلکترۆنی بوونی هەیە، ڕادەی تەماشاکردنی بەرتویژان بۆکەناڵە ئاسمانیە بیانیەکان ( ٦٥%) بەرتوێژان پێکدەهێنێت کە لەپاڵ تەماشاکردنی کەناڵە کوردییەکان سود لەکەناڵە بیانیەکانیش وەردەگرن بۆوەرگرتنی زانیاری تەندروستی، بەڕێژەی (٢٤.٨%) تەماشای کەناڵە ناوخۆییەکان دەکەن و(١٠.٣%) بەرتوێژان تەماشای کەناڵە ئەلکترۆنیەکان دەکەن سەرجەمیان بەناوەندە ژمێرەی (١.٨٥) وبەلادانی پێوەری (٠.٥٧٥)، ئەوەی لەم خشتەیەدا دەبینرێت ئاستی تەماشاکردنی بەرتوێژانە بۆکەناڵە جیاوازەکان لەپاڵ کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان، بەهۆی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە وفراوانبوونی ئاستی ڕۆشنبیری وتێگەشتنی وەرگران لەزمانە جیاوازەکان هۆکارێکن بۆتەماشاکردنی بەرتوێژان بۆکەناڵە جیاوازەکان، لەلایەکی دیکەوە وەرگران مەبەستیانە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی جیهان بن بۆئەمەش سود لەکەناڵە جۆراوجۆرەکان وەردەگرن، بڕوانە خشتەی (٢٧).

**خشتەی (٢٧): تەماشاکردنی کەناڵەکانی دیکە بێجگە لەکەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان**

| تەماشاکردنی کەناڵەکانی دیکە | چ | % | ناوەندەژمێرە | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| کەناڵە ناوخۆییەکان | ٨٢ | ٢٤.٨ | ١.٨٥ | ٠.٥٧٥ |
| کەناڵە ئاسمانیەکان | ٢١٥ | ٦٥.٠ | | |
| کەناڵە ئەلکترۆنیەکان | ٣٤ | ١٠.٣ | | |
| کۆ | ٣٣١ | ١٠٠ | | |

## تەوەری دووەم: ئاستی تەماشاکردن وبۆچون وڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی دابەشبوونی دیمۆگرافی بەرتوێژان.

لەم تەوەرەدا ئاستی تەماشاکردنی بەرتوێژان بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی زانیارییە کەسیەکان هەروەها بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەرنامە تەندروستیەکان وڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا بەپێی دابەشبوونی زانیارییە کەسیەکان لە چوارچێوەی (٢١) خشتەدا خراونەتەڕوو و دابەش بووە بەسەر سێ باسدا ئەوانیش:

**یەکەم /ئاستی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی دابەشبوونی دیمۆگرافی.**

**دووەم / بۆچوونی بەرتوێژان بەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی دیمۆگرافی**

**سێیەم / ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی دیمۆگرافی.**

## یەکەم /ئاستی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی دابەشبوونی دیمۆگرافی.

### ١- ڕادەی تەماشاکردن بەپێی ڕەگەز

بۆ بەئاگابوون ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەنێوان هەردووڕەگەزی (نێر ومێ)، توێژەر (Ttest)ی بەکارهێناوە، بەبەهای (٩.١٠)، نمرەی ئازادی (٣٢٩)، ئاماژەی(٠.٣٦٤)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان هەردووڕەگەز بۆڕادەی تەماشاکردنیان بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، ئەوا لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا هیچ جیاوازیەک نیە ووەک یەک (تاڕادەیەک) تەماشای بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکانیان کردووە، بڕوانە خشتەی (٢٨).

**خشتەی (٢٨): ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان لەلایەن بەرتوێژانەوە بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | چ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تایی | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٢١٣ | ٢.٨٥ | ٠.٨٢٠ | ٣٢٩ | ٩.١٠ | ٠.٣٦٤ |
| مێ | ١١٨ | ٢.٧٧ | ٠.٧٥٦ | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | |

### ٢- ڕادەی تەماشاکردن بەپێی پیشە

ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بەپێی پیشە بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەهای F (٣.٧٩٣)، بەنمرەی ئازادی (٥-٣٢٥) وئاماژەی (٠.٠٠٢)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بەپێی پیشەیان بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نیە و(ئاماژە) کەمترە لە(٠.٠٥)، هۆکاری ئەم ئاماژدار نەبوونیە دەگەرێتەوە بۆبڕگەکانی ( فەرمانبەران، خوێندکاران، خانەنشینان) جیاوازی بۆچونەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (٢.٣١٤)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (٠.٦١٠)، بڕوانە خشتەی(٢٩).

**خشتەی (٢٩): ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان لەلایەن بەرتوێژانەوە بەپێی پیشە**

| پیشە | چ | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەر | ٧١ | ٣.٠١ | لەناوگروپ | ٢.٣١٤ | ٥ | ٣.٧٩٣ | ٠.٠٠٢ |
| کەرتی تایبەت | ٥٦ | ٢.٦٣ | | | | | |
| کاسب | ٦٧ | ٢.٦٩ | | | | | |
| خوێندکار | ٩٦ | ٢.٩٦ | لەگەڵ گروپ | ٠.٦١٠ | ٣٢٥ | | |
| بێکار | ٣٥ | ٢.٥٧ | | | | | |
| خانەنشین | ٦ | ٣.٣٣ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

**٣- ناوەندی جیاوازی وئاماژە بەپێی پیشە**

لەم خشتەیەدا ئاستی ئاماژەداری وناوەندی جیاوازی هەریەک لەبڕگەکانی (فەرمانبەران، خانەنشینان، خوێندکاران) لەبەر بەرزی ڕێژەی ناوەندە ژمێرەییان لەگەڵ بڕگەکانی دیکە خراوەتەڕوو بەجۆرێك کەئەم سێ بڕگەیە لەگەڵ یەکتر ئاماژەدارن وڕێژەی ئاماژەداریان زیاترە لە(٠.٠٥)، بەپێچەوانەوە لەگەڵ بڕگەکانی (کەرتی تایبەت، کاسب، بێکار) ئاماژەدارنیە وجیاوازن لەڕادەی تەماشاکردنیان بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان وەك دیارە هەرسێ بڕگەی (خوێندکار وفەرمانبەران وخانەنشینان) بەڕێژەیەکی زیاترتەماشای بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەخوێندکاران وفەرمانبەران وخانەنشینان لەساڵی ( ٢٠٢٠ -٢٠٢١) بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وداخستنی خوێندنگا وفەرمانگەکان خوێندکاران وفەرمانبەران لەگەڵ خانەنشینان زۆرینەی کاتەکانیان لەماڵەکاندا بردۆتە سەر وئەوەش هۆکار بووە بۆزیاتر تەماشاکردنی تەلەفزیون وبەرنامە تەندروستییەکان، بڕوانە خشتەی (٣٠).

**خشتەی(٣٠): ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندرستیەکان بەپێی پیشە وجیاوازیان لەگەڵ پیشەکانی تر**

| پیشە | پیشە | ناوەندی جیاوازی | ئاماژە |
|---|---|---|---|
| فەرمانبەر | کەرتی تایبەت | ٠.٨٩٠ | ٠.٠٠٦* |
| | کاسب | ٠.٣٢٨ | ٠.٠١٤* |
| | خوێندکار | ٠.٠٥٦ | ٠.٦٤٩ |
| | بێکار | ٠.٤٤٣ | ٠.٠٠٦* |
| | خانەنشین | ٠.٣١٩ | ٠.٣٣٧ |
| خوێندکار | فەرمانبەر | ٠.٠٥٦ | ٠.٦٤٩ |
| | کەرتی تایبەت | ٠.٣٣٣ | ٠.٠١٢* |
| | کاسب | ٠.٢٧٢ | ٠.٠٣٠* |
| | بێکار | ٠.٣٨٧ | ٠.٠١٣* |
| | خانەنشین | ٠.٣٧٥ | ٠.٢٥٥ |
| خانەنشین | فەرمانبەر | ٠.٣١٩ | ٠.٣٣٧ |
| | کەرتی تایبەت | ٠.٧٠٨ | ٠.٠٣٦* |
| | کاسب | ٠.٦٤٧ | ٠.٠٥٣ |
| | خوییندکار | ٠.٣٧٥ | ٠.٢٥٥ |
| | بییکار | ٠.٧٦٢ | ٠.٠٢٨* |

**٤- ڕادەی تەماشاکردن بەپێی ئاستی خوێندن**

ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندن بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەهای F (٥.١٠٤)، بەنمرەی ئازادی (٥-٣٢٥) وئاماژەی (٠.٠٠٠)، جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندنیان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نیە و(ئاماژە) کەمترە لە(٠.٠٥)، ئەم جیاوازیەش بڕگەکانی (خوێندنی باڵا، بەکالوریوس) دروستیان کردووە، جیاوازی بۆچونەکان لەناو گروپ بەناوەندی مربعاتی (٣.٠٥٥)، وە لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (٠.٥٩٩)، بڕوانە خشتەی (٣١).

**خشتەی(٣١):ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی ئاستی خوێندن**

| ئاستی خوێندن | ژ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢٩ | ٢.٥٩ | لەناوگروپ | ٣.٠٥٥ | ٥ | ٥.١٠٤ | ٠.٠٠٠ |
| بنەڕەتی | ٤٩ | ٢.٧٦ | | | | | |
| ئامادەیی | ٩٦ | ٢.٧١ | | | | | |
| پەیمانگا | ٨٥ | ٢.٧٨ | لەگەڵ گروپ | ٠.٥٩٩ | ٣٢٥ | | |
| بەکالوریوس | ٣٩ | ٣.٠٠ | | | | | |
| خوێندنی باڵا | ٣٣ | ٣.٣٩ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

**٥- ناوەندی جیاوازی وئاماژەداری بەپێی ئاستی خوێندن**

لەم خشتەیەدا ئاستی ئاماژەداری وناوەندی جیاوازی هەریەک لەبڕگەکانی (خوێندنی باڵا، بەکالوریۆس) لەبەر بەرزی ڕێژەی ناوەندە ژمێرەییان لەگەڵ بڕگەکانی دیکە خراوەتە ڕووبە جۆرێك کە ئەم دووبڕگەیە لەگەڵ یەکتر ئاماژەدارن ورێژەی ئاماژەداریان زیاترە لە(٠.٠٥)، بەپێچەوانەوە لەگەل بڕگەکانی (نەخوێندەوار، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگا) ئاماژەدارنیە لەبەر ئەوەی ڕێژەی ئاماژەدارییان کەمترە لە(٠.٠٥) وجیاوازن لەڕادەی تەماشاکردنیان بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، جیاوازیەکانی ئاستی خوێندنی (خوێندنی باڵا وبەکالۆریۆس) هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆبەرزی ئاستی ڕۆشنبیری ئەوتویژانە ورادەی تێگەشتنیان لەگرنگی تەندروستی وسودوەرگرتن لەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەتایبەت لەکاتی هەبوونی ڕووداوێکی جیاواز وبڵاوبوونەوەی پەتا لەناکاوەکان، کە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانیان وەك سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری هەڵبژاردووە، بڕوانە خشتەی (٣٢).

**خشتەی (٣٢): ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندوستیەکان بەپێی ئاستی خوێندن وجیاوازیان لەگەڵ ئاستەکانی دیکە خوێندن**

| ئاستی خوێندن | ئاستی خوێندن | ناوەندی جیاوازی | ئاماژە |
|---|---|---|---|
| خوێندنی باڵا | نەخوێنەوار | ٠.٨٠٨ | *٠.٠٠٠ |
| | بنەڕەتی | ٠.٦٣٩ | *٠.٠٠٠ |
| | ئامادەیی | ٠.٦٨٦ | *٠.٠٠٠ |
| | پەیمانگا | ٠.٦١٧ | *٠.٠٠٠ |
| | بەکالوریوس | ٠.٣٩٤ | *٠.٠٣٢ |
| بەکالوریوس | نەخوێندەوار | ٠.٤١٤ | *٠.٠٣٠ |
| | بنەرەتی | ٠.٢٤٥ | ٠.١٤١ |
| | ئامادەیی | ٠.٢٩٢ | *٠.٠٤٨ |
| | پەیمانگا | ٠.٢٢٤ | ٠.١٣٠ |
| | خوێندنی باڵا | -٠.٣٩٤ | *٠.٠٣٢ |

**٦- ڕادەی تەماشاکردن بەپێی تەمەنی بەرتوێژان**

ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بەپێی تەمەن بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەهای F (٣.٨٠٥)، بەنمرەی ئازادی (٥-٣٢٥) وئاماژەی (٠.٠٠٢)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری هەیە لەنێوان ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بەپێی جیاوازی تەمەنیان بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار نیە و(ئاماژە) کەمترە لە(٠.٠٥)، هۆکاری ئەم ئاماژدار نەبوونیە دەگەڕێتەوە بۆبڕگەکانی (٢٠-٢٩، ٦٠ زیاتر) جیاوازی ڕێژەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (٢.٣٢١)، وە لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (٠.٦١٠)، بڕوانە خشتەی (٣٣).

**خشتەی (٣٣): ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان لەلایەن بەرتوێژانەوە بەپێی تەمەن**

| تەمەن | چ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر ٢٠ | ٤٠ | ٢.٧٠ | لەناوگروپ | ٢.٣٢١ | ٥ | ٣.٨٠٥ | ٠.٠٠٢ |
| ٢٠-٢٩ | ١٢٨ | ٣.٠٣ | | | | | |
| ٣٠-٣٩ | ٨١ | ٢.٧٤ | | | | | |
| ٤٠-٤٩ | ٤٣ | ٢.٦٣ | لەگەڵ گروپ | ٠.٦١٠ | ٣٢٥ | | |
| ٥٠-٥٩ | ٣٠ | ٢.٥٣ | | | | | |
| ٦٠ زیاتر | ٩ | ٣.١١ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

**٧- ناوەندی جیاوازی وئاماژە بەپێی تەمەن**

لەم خشتەیەدا ئاستی ئاماژە وناوەندی جیاوازی هەریەک لەبڕگەکانی (٢٠-٢٩، ٦٠ کەمتر) لەبەر بەرزی ڕێژەی ناوەندە ژمێرەییان لەگەڵ بڕگەکانی دیکە خراوەتە ڕووبەجۆرێك کە ئەم دووبڕگەیە لەگەڵ یەکتر ئاماژەدارن وڕێژەی ئاماژەیان زیاترە لە(٠.٠٥)، بەپێچەوانەوە لەگەل بڕگەکانی (کەمتر لە٢٠، ٣٠-٣٩، ٤٠-٤٩، ٥٠-٥٩) ئاماژەدارنیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ڤایرۆسەکە دەبێتە هۆی مردنی ڕێژەیەکی زۆر لەکەسانی بەتەمەن بۆیە کەسانی بەتەمەن زیاتر تەماشای بەرنامەکان دەکەن وهەروەها گەنجانی تازەپێگەشتوو ئارەزووی زانین ووەرگرتنی زۆرترین زانیاریان هەیە دەربارەی هەر ڕووداو نەخۆشیەکی کتوپڕ کە لەجیهاندا سەرهەڵدەدات، بڕوانە خشتەی (٣٤).

**خشتەی (٣٤): ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی تەمەن وجیاوازیان لەگەڵ ئەوانیتر**

| تەمەن | تەمەن | ناوەندی جیاوازی | ئاماژە |
|---|---|---|---|
| ٢٠-٢٩ | کەمتر ٢٠ | ٠.٣٣١ | ٠.٠٢٠* |
| | ٣٠-٣٩ | ٠.٢٩١ | ٠.٠٠٩* |
| | ٤٠-٤٩ | ٠.٤٠٣ | ٠.٠٠٤* |
| | ٥٠-٥٩ | ٠.٤٩٨ | ٠.٠٠٢* |
| | ٦٠ زیاتر | ٠.٠٨٠ | ٠.٧٦٧ |
| ٦٠ زیاتر | کەمتر ٢٠ | ٠.٤١١ | ٠.١٥٥ |
| | ٢٠-٢٩ | ٠.٠٨٠ | ٠.٧٦٧ |
| | ٣٠-٣٩ | ٠.٣٧٠ | ٠.١٧٨ |
| | ٤٠-٤٩ | ٠.٤٨٣ | ٠.٠٩٢ |
| | ٥٠-٥٩ | ٠.٥٧٨ | ٠.٠٥٢ |

### ٨- ڕادەی تەماشاکردن بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون

بۆ بەئاگابوون ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەنێوان شوێنی نیشتەجێبوونی (ناوشار، دەرەوەی شار)، توێژەر (T test)ی بەکارهێناوە، بەبەهای (٠.٥٢٨)، نمرەی ئازادی (٣٢٩)، ئاماژەی(٠.٥٩٨)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان شوێنی نیشتەجێبوونی بەرتوێژان بۆڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدار، (ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، هیچ جیاوازیەک نیە بەرتوێژانی دەرەوەی شار وناوشار وەك یەك تەماشای بەرنامە تەندروستیەکان دەکەن، ئەمەش گرنگی بابەتە تەندروستیەکان لای وەرگران کە لەهەرشوێنێك بن وەرگرێکی بەردەوامی بەرنامەکان وبەتایبەت لەکاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا ئەودیاردەیە بەڕوونی دەرکەوت ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی دانیشتوانی دەرەوەی شار وەك دانیشتوانی ناوشار خزمەتگوزاری کارەبایان هەیە ولەهەمووماڵێکدا تەلەفزیۆن بوونی هەیە وڕێژەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن لەدەرەوەی شار زیاترە لەناوشار بەهۆی شێوازی ژیانیان ومانەوەیان لەماڵەکانیاندا، بڕوانە خشتەی (٣٥).

**خشتەی (٣٥): ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون**

| نیشتەجێ بوون | چ | ناوەندی ژمێرە | لاداني پیوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تایی | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوشار | ٢١٩ | ٢.٨١ | ٠.٨٠٧ | ٣٢٩ | ٠.٥٢٨ | ٠.٥٩٨ |
| دەرەوەی شار | ١١٢ | ٢.٨٦ | ٠.٧٨١ | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | |

### ٩- ڕادەی تەماشاکردن بەپێی باری کۆمەڵایەتی

ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بەپێی باری کۆمەڵایەتی بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەهای F (١.٥٥٩)، بەنمرەی ئازادی (٣-٣٢٧) وئاماژەی (٠.١٩٩)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە لەنێوان ڕادەی تەماشاکردنی بەرتوێژان بەپێی جیاوازی باری کرمەڵایەتیان بۆبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە و(ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، جیاوازی ڕێژەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (٠.٩٨٦)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (٠.٦٣٣)،کەواتە هیچ جیاوازیەك نابینرێت لەڕادەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بەپێی جیاوازی ئاستی کۆمەڵایەتی بەرتوێژان، بڕوانە خشتەی (٣٦).

**خشتەی (٣٦):ڕادەی تەماشاکردنی بەرنامەکان لەلایەن بەرتوێژانەوە بەپێی باری کۆمەڵایەتی**

| باری کۆمەڵایەتی | چ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | ١٠٧ | ٢.٨٦ | لەناوگروپ | ٠.٩٨٦ | ٣ | ١.٥٥٩ | ٠.١٩٩ |
| خێزاندار | ١٦٠ | ٢.٨٣ | | | | | |
| هاوسەر مردووە | ٣٥ | ٢.٥٧ | لەگەڵ گروپ | ٠.٦٣٣ | ٣٢٧ | | |
| جیابوەوە | ٢٩ | ٢.٩٧ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

## دووەم / بۆچوونی بەرتوێژان بەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی دیمۆگرافی

### ١- بۆچوونی بەرتوێژان بەپێی ڕەگەز

بۆ بەئاگابوون لەبۆچوونی هەردووڕەگەزی (نێر ومێ) بەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، توێژەر (T test)ی بەکارهێناوە، بەبەهای تایی(٠.٨٨٦)، بەنمرەی ئازادی (٣٢٩) ئاماژەی(٠.٣٧٧)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچووهەردووڕەگەز لەبەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، هەردوو ڕەگەز بۆچونیان وەک یەکە لەبارەی بەرنامە تەندروستیەکان، بڕوانە خشتەی (٣٧).

**خشتەی(٣٧): بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | چ | ناوەندی ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تایی | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٢١٣ | ٥٣.٠٦٦ | ٤.٩٦١ | ٣٢٩ | ٠.٨٨٦ | ٠.٣٧٧ |
| مێ | ١١٨ | ٥٢.٤٠٦ | ٧.١٨٧ | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | |

### ٢- بۆچونی بەرتوێژان بەپێی پیشە

بۆچوونی بەرتوێژان بەپێی پیشە بەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەبەهای F (١.٤٧٧)، بەنمرەی ئازادی (٥-٣٢٥) وئاماژەی (٠.١٩٧)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچوونی بەرتوێژان بەپێی پیشەیان لەبەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژدارە، (ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، جیاوازی بۆچونەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (٥٠.٠٨٢)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (٣٣.٩٠٨)، بڕوانە خشتەی (٣٨).

**خشتەی (٣٨): بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی پیشە**

| پیشە | چ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەر | ٧١ | ٥١.٤٠٨ | لەناوگروپ | ٥٠.٠٨٢ | ٥ | ١.٤٧٧ | ٠.١٩٧ |
| کەرتی تایبەت | ٥٦ | ٥٢.٥٥٣ | | | | | |
| کاسب | ٦٧ | ٥٣.٢٨٣ | | | | | |
| خوێندکار | ٩٦ | ٥٣.٢٣٩ | لەگەڵ گروپ | ٣٣.٩٠٨ | ٣٢٥ | | |
| بێکار | ٣٥ | ٥٤.٢٥٧ | | | | | |
| خانەنشین | ٦ | ٥٢.٣٣٣ | | | | | |
| کۆ | ١٦٠ | | | | | | |

### ٣- بۆچونی بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندن

بۆچوونی بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندن بەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەبەهای F (٠.٦١١)، بەنمرەی ئازادی (٥ - ٣٢٥) وئاماژەی (٠.٦٩١)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچوونی بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندنیان لەبەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، زیاترە لە(٠.٠٥)، جیاوازی بۆچونەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (٢٠.٩٩٨)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (٣٤.٣٥٦)، بڕوانە خشتەی (٣٩).

**خشتەی (٣٩):بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی ئاستی خوێندن**

| ئاستی خوێندن | چ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێنەوار | ٢٩ | ٥٤.٤٤٨ | لەناوگروپ | ٢٠.٩٩٨ | ٥ | ٠.٦١١ | ٠.٦٩١ |
| بنەڕەتی | ٤٩ | ٥٣.٠٢٠ | | | | | |
| ئامادەیی | ٩٦ | ٥٢.٨٦٤ | | | | | |
| پەیمانگا | ٨٥ | ٥٢.٦١١ | لەگەڵ گروپ | ٣٤.٣٥٦ | ٣٢٥ | | |
| بەکالوریوس | ٣٩ | ٥٢.٢٨٢ | | | | | |
| خویندنی باڵا | ٣٣ | ٥٢.٢٤٢ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

### ٤- بۆچونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن

بۆچوونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن بەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەبەهای F (٠.٣٨١)، بەنمرەی ئازادی (٥-٣٢٥) وئاماژەی (٠.٨٦٢)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچوونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن لەبەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، جیاوازی بۆچونەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (١٣.١٤٥)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (٣٤.٤٧٦)، بڕوانە خشتەی (٤٠).

**خشتەی (٤٠): بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەپێی تەمەن**

| تەمەن | چ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە٢٠ | ٤٠ | ٥٢.٢٥٠ | لەناوگروپ | ١٣.١٤٥ | ٥ | ٠.٣٨١ | ٠.٨٦٢ |
| ٢٠-٢٩ | ١٢٨ | ٥٢.٦٤٠ | | | | | |
| ٣٠-٣٩ | ٨١ | ٥٢.٨٥١ | | | | | |
| ٤٠-٤٩ | ٤٣ | ٥٣.١١٦ | لەگەڵ گروپ | ٣٤.٤٧٦ | ٣٢٥ | | |
| ٥٠-٥٩ | ٣٠ | ٥٤.٠٣٣ | | | | | |
| ٦٠ زیاتر | ٩ | ٥٢.٥٥٥ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

**٥- بۆچونی بەرتوێژان بەپێی شوێنی نیشتەجێوون**

بۆچوونی بەرتوێژان بەپێی شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە(ناوشار، دەرەوەی شار) بەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، توێژەر (Ttest)ی بەکارهێناوە، بەبەهای (١.٤٩٥)، ئاماژەی (٠.١٣٦)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچوونی هەردووبەرتوێژان بەپێی شوێنی نیشتەجێبونیان لەبەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە)زیاترە لە(٠.٠٥)، ئەمەیش پەیوەستە بەوەی کەبەرتوێژان لەهەرشوێنێک نیشتەجێبن هۆکارنابێت بۆگۆڕینی ڕاوبۆچوونیان بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیەکان، بڕوانە خشتەی (٤١).

**خشتەی (٤١): بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیەکان بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون**

| نیشتەجێبوون | چ | ناوەندی ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تایی | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوشار | ٢١٩ | ٥٣.١٧٣ | ٥.٨٤٣ | ٣٢٩ | ١.٤٩٥ | ٠.١٣٦ |
| دەرەوەی شار | ١١٢ | ٥٢.١٦٠ | ٥.٨١٣ | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | |

**٦- بۆچونی بەرتوێژان بەپێی باری کۆمەڵاتی**

بۆچوونی بەرتوێژان بەپێی باری کۆمەڵایەتیان بەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەبەهای F (١.٨٨٣)، بەنمرەی ئازادی (٥-٣٢٧) وئاماژەی (٠.١٣٢)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچووبەرتوێژان بەپێی باری کۆمەڵایەتیان لەبەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، جیاوازی بۆچونەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (٦٣.٧٨٢)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (٣٣.٨٨١)، بڕوانە خشتەی (٤٢).

**خشتەی (٤٢):بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیەکان بەپێی باری کۆمەڵایەتی**

| باری کۆمەڵایەتی | چ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | ١٠٧ | ٥١.٩١٥ | لەناوگروپ | ٦٣.٧٨٢ | ٣ | ١.٨٨٣ | ٠.١٣٢ |
| خێزاندار | ١٦٠ | ٥٢.٩٥٠ | | | | | |
| هاوسەری مردووە | ٣٥ | ٥٣.٨٨٥ | لەگەڵ گروپ | ٣٣.٨٨١ | ٣٢٧ | | |
| جیابووەوە | ٢٩ | ٥٤.٢٧٥ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

## سێیەم / ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی دیمۆگرافی

### ١- ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی ڕەگەز

بۆ بەئاگابوون لەبۆچوونی هەردووڕەگەزی (نێر ومێ) بەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، توێژەر (Ttest)ی بەکارهێناوە، بەبەهای (٠.٢٢٢)، نمرەی ئازادی (٣٢٩)، ئاماژەی(٠.٨٢٥)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچووهەردووڕەگەز لەبەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، ئەمەیش پەیوەستە بەوەی کەهەردووڕەگەز وەک یەک تەماشای بەرنامە تەندروستیەکان دەکەن وبۆچونیان وەک یەکە لەبارەی بەرنامە تەندروستیەکان، لەنێوان هەردووڕەگەزدا جیاوازی نیە وبۆچونیان وەك یەکە لەبەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەمەش لەبەر ئەوەی پەتای کۆرۆنا ڤایرۆس پەتایەکی جیهانیەوە جیاوازی ناکات لەنێوان ڕەگەزی نێر ومێ ومەترسیە بۆسەرجەم مرۆڤایەتی لەبەر ئەوە هەردووڕەگەز بەیەك شێوە ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان هەڵدەسەنگێنن لەوبارودۆخەدا. بڕوانە خشتەی (٤٣).

**خشتەی(٤٣): ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | چ | ناوەندی ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تایی | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٢١٣ | ٣٩.٦١٠ | ٣.٥٦٢ | ٣٢٩ | ٠.٢٢٢ | ٠.٨٢٥ |
| مێ | ١١٨ | ٣٩.٧٠٤ | ٣.٨١٤ | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | |

### ٢- ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی پیشە

بۆچوونی بەرتوێژان بەپێی پیشە بەرامبەر بەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەبەهای F (٠.٨٧٤)، بەنمرەی ئازادی (٥-٣٢٥) وئاماژەی (٠.٤٩٩)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچوونی بەرتوێژان بەپێی پیشەیان لەبەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، جیاوازی بۆچونەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (١١.٦٦٣)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (١٣.٣٤٠)، ئەمەش لەبەر گرنگی وگشتگیریی بابەتەکە لەناوکۆمەڵگەدا، بڕوانە خشتەی(٤٤).

**خشتەی (٤٤): ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی پیشە**

| پیشە | چ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فەرمانبەر | ٧١ | ٤٠.٠١٤ | لەناوگروپ | ١١.٦٦٣ | ٥ | ٠.٨٧٤ | ٠.٤٩٩ |
| کەرتی تایبەت | ٥٦ | ٣٨.٩٦٤ | | | | | |
| کاسب | ٦٧ | ٣٩.٣٨٨ | | | | | |
| خوێندکار | ٩٦ | ٤٠.٠٣١ | لەگەڵ گروپ | ١٣.٣٤٠ | ٣٢٥ | | |
| بێکار | ٣٥ | ٣٩.٣٤٢ | | | | | |
| خانەنشین | ٦ | ٤٠.٠٠٠ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

**٣- ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی ئاستی خوێندن**

بۆچوونی بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندن بەرامبەر بەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەبەهای F (٠.٥٥٥)، بەنمرەی ئازادی (٥-٣٢٥) وئاماژەی (٠.٧٣٤)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە لەنێوان ڕاوبۆچوونی بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندنیان لەبەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەداره، (ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، جیاوازی بۆچونەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (٧.٤٤٧)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (١٣.٤٠٥)، لەبەر ئەوەی ئەمە پەتایەکی نوێیبە وهیچ شارەزاییەك وزانیاریەك نەبووە لەبارەیەوە هەر بۆیە بۆچوونی سەرجەم ئاستەکان وەك یەکە هەموان سودیان لەبەرنامە تەندروستیەکان وەرگرتووە بۆوەرگرتنی زانیاری دەربارەی ڤایرۆسەکە وشێوازەکانی خۆپارێزی، بڕوانە خشتەی(٤٥).

**خشتەی (٤٥): ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی ئاستی خوێندن**

| ئاستی خوێندن | چ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢٩ | ٣٩.٥١٧ | لەناو گروپ | ٧.٤٤٧ | ٥ | ٠.٥٥٥ | ٠.٧٣٤ |
| بنەڕەتی | ٤٩ | ٣٩.٢٢٤ | | | | | |
| ئامادەیی | ٩٦ | ٤٠.٠٨٣ | | | | | |
| پەیمانگا | ٨٥ | ٣٩.٣٤١ | لەگەڵ گروپ | ١٣.٤٠٥ | ٣٢٥ | | |
| بەکالوریوس | ٣٩ | ٣٩.٦٤١ | | | | | |
| خوێندنی باڵا | ٣٣ | ٣٩.٨٧٨ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

**٤- ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی تەمەن**

بۆچوونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن بەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەبەهای F (٠.٥٨٦)، بەنمرەی ئازادی (٥-٣٢٥) وئاماژەی (٠.٧١١)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچوونی بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندنیان لەبەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە زیاترە لە(٠.٠٥)، جیاوازی بۆچونەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (٧.٨٤٧)، و لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (١٣.٣٩٩)، لەبەر ئەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا مەترسی بۆسەر ژیانی مرۆڤایەتی هەبوو لەتەمەن جیاوازەکاندا بۆیە بەرتوێژان لەتەمەنە جیاوازەکاندا وەرگری بەرنامە تەندروستیەکان بوون هەر کەسێك بەپێی تەمەنی زانیارییەکانی وەردەگرت بۆنمونە تەمەنی نێوان (٥٠ – ٦٠ زیاتر ) زۆرترین مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە لەبەر ئەوەی ئەوکەسانەی لەم تەمەنەدا کەسانێکن بەرگری لەشیان کەم بۆوەتەوە ڤایرۆسەکە خێراتر کاریگەری لەسەریان دروست دەکات بڕوانە خشتەی (٤٦).

**خشتەی (٤٦): ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی تەمەن**

| تەمەن | ژ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر ٢٠ | ٤٠ | ٣٩.٣٢٥ | لەناوگروپ | ٧.٨٤٧ | ٥ | ٠.٥٨٦ | ٠.٧١١ |
| ٢٠-٢٩ | ١٢٨ | ٣٩.٩٢٩ | | | | | |
| ٣٠-٣٩ | ٨١ | ٣٩.٣٧٠ | | | | | |
| ٤٠-٤٩ | ٤٣ | ٣٩.٩٧٦ | لەگەڵ گروپ | ١٣.٣٩٩ | ٣٢٥ | | |
| ٥٠-٥٩ | ٣٠ | ٣٩.٤٦٦ | | | | | |
| ٦٠ زیاتر | ٩ | ٣٨.٤٤٤ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

**٥- ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون**

بۆ بەئاگابوون لەبۆچوونی بەرتوێژانی (ناوشار، دەرەوەی شار) بەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، توێژەر (T test)ی بەکارهێناوە، بەبەهای (٠.٨٦٢)، نمرەی ئازادی (٣٢٩)، ئاماژەی(٠.٣٩٠)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچوونی هەردووڕەگەز لەبەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە وزیاترە لە(٠.٠٥)، لەنێوان بینەرانی دەرەوەی شار وناوشار هیچ جیاوازییەك نیە وهەدووکیان یەک بۆچونیان هەیە لەبارەی ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکانەوە لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڤایرۆسی کۆرۆنا بەتەواوی جیهاندا بڵاوبۆتەوە وسەرجەم شار وشارۆچکە وقەزا وناحیە ودێهاتەکانی گرتوەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی سەنتەری شارەکان قەرەباڵغترن ڤایرۆسەکە لەناوشاردا زیاتر بڵادەبێتەوە بەبەراورد بەدەرەوەی شار، بڕوانە خشتەی (٤٧).

**خشتەی (٤٧): ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون**

| شوێنی نیشتەجێبوون | چ | ناوەندی ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تایی | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوشار | ٢١٩ | ٣٩.٧٦٧ | ٣.٧٠٢ | ٣٢٩ | ٠.٨٦٢ | ٠.٣٩٠ |
| دەرەوەی شار | ١١٢ | ٣٩.٤٠١ | ٣.٥٤٤ | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | |

**٦- ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان بەپێی باری کۆمەڵایەتی**

بۆچوونی بەرتوێژان بەپێی باری کۆمەڵایەتی بەرامبەر بەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، توێژەر (ANOVA)ی بەکارهێناوە، بەبەهای F (١.٥٤٠)، بەنمرەی ئازادی (٣-٣٢٧) وئاماژەی (٠.٢٠٤)، دەرکەوت جیاوازی ئاماری نیە، لەنێوان ڕاوبۆچووبەرتوێژان بەپێی باری کۆمەڵایەتیان لەبەرامبەر ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەوپێیەی بەهای بەدەستهاتوو لەڕووی ئامارییەوە ئاماژەدارە، (ئاماژە) زیاترە لە(٠.٠٥)، جیاوازی بۆچونەکان لەناوگروپ بەناوەندی مربعاتی (٢٠.٤٠٠)، هەروەها لەگەڵ گروپ ناوەندی مربعاتی (١٣.٢٥٠)، لەبەر ئەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا پەتایەکی گوێزراوەیە بۆیە هەریەکێك لەتاکەکانی کۆمەڵگە بەباری کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانەوە خۆپارێزیان دەکرد لەپێناوپاراستنی گیانی کەسانی دەوروبەریان بۆئەوەی لەکاتی توشبوون بەڤایرۆسەکە خۆیان کەرەنتین بکەن ودووربن لەسەرجەم ئەندامانی خێزانەکە وبزانن چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ نەخۆشیەکەدا بکەن، بڕوانە خشتەی (٤٨).

**خشتەی (٤٨): ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی باری کۆمەڵایەتی**

| باری کۆمەڵایەتی | چ | ناوەندی ژمێرە | جیاوازی | ناوەندی مربعات | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | ١٠٧ | ٣٩.٤٥٧ | لەناوگروپ | ٢٠.٤٠٠ | ٣ | ١.٥٤٠ | ٠.٢٠٤ |
| خێزاندار | ١٦٠ | ٣٩.٤٣١ | | | | | |
| هاوسەر مردوو | ٣٥ | ٤٠.٢٢٨ | لەگەڵ گروپ | ١٣.٢٥٠ | ٣٢٧ | | |
| جیابوەوە | ٢٩ | ٤٠.٧٩٣ | | | | | |
| کۆ | ٣٣١ | | | | | | |

## تەوەری سێیەم : خستنەڕووی ئەنجامی بڕگەکانی پێوانە

**هەنگاوەکانی خستنەڕووی ئەنجامی بڕگەکانی پێوانە**

**١- ڕێکخستنی پێوانەکان**

**٢- شێوازی شیکاریکردنی پرسیارەکان :**

**یەکەم: شێوازی دووکۆمەڵەی لەیەک جیاواز**

**دووەم: شێوازی پەیوەندی نێوان یەک پرسیار بەکۆی پرسیارەکانەوە.**

**٣- کردە ئامارییە بەکارهاتووەکان**

**٤- شیکاری بڕگەکانی پێوانە:**

**یەکەم: بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

**دووەم: ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.**

**١- ڕێکخستنی پێوانەکان**

بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی پێوانەی بەرتوێژان ڕوون و ئاسان بێت، داوایان لێکراوە کەنیشانەی (✓) بۆ ئەو وەڵامە دابنێت کە هەڵبیژاردووە، لەبەر ئەوەی پێوانەکەمان پێوانەیەکی سیانیە (هاوڕام) ژمارە (١) وەرگرتووە (دڵنیانیم) ژمارە (٢) وە هەروەها (هاوڕانیم) ژمارە (٣) وەرگرتووە، ئەم ژمارانە بۆبڕگە ئەرێنی ونەرێنیەکان بەم جۆرەیە کە لە خشتەی (٤٩) دیاریکراوە

**خشتەی (٤٩) سەنگی وەڵامەکان**

| پلەی دڵنیایی لە وەڵامدانەوە / سەنگی ژمارە | هاوڕام | دڵنیانیم | هاوڕانیم |
|---|---|---|---|
| بڕگە ئەرێنیەکان | ٣ | ٢ | ١ |
| بڕگە نەرێنیەکان | ١ | ٢ | ٣ |

**٢- شێوازی شیکاریکردنی پرسیارەکان :**

بەمەبەستی ئەنجامدانی شیکاری ئەوداتایانەی کەتوێژەر لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی وفۆرمی پێوانەیی بەدەستیهێناوە، دووشێواز گیراونەتە بەر، کە بریتین لە :

**یەکەم: شێوازی دووکۆمەڵەی لەیەک جیاواز**

سەرجەم بڕگەکانی ناوفۆرمەکان کراون بەژمارە وبەشێوەی ستونی لەبەرزترینەوە بۆنزمترین ڕێکخرا، پاشان ڕێژەی (٢٧%) لەفۆرمەکان، ڕێژە بەرزەکان دیاریکراوە(٢٧%) لەفۆرمە ڕێژە نزمەکان دیاریکراون، کۆی ژمارەی فۆرمەکانی کۆمەڵەی بەرز لە(٨٩) فۆرم پێکدێت وکۆی ژمارەی فۆرمەکانی کۆمەڵەی نزم (٨٩) فۆرمە سەرجەمیان دەکاتە (١٧٨) فۆرم، دواتر توێژەر (ڕێژەی تائی) بۆهەردوو سامپڵە لەیەک جیاکان بەکارهێناوە بەمەبەستی دۆزینەوەی ناوەندە ژمێرە ولادانی پێوەری هەردوو

کۆمەڵەکە بۆهەمووپرسیارەکانی هەردوو تەوەری (سێیەم وچوارەم) کەپێکهاتوون لە(٤٢) پرسیار، وە (بەهای تائی) بریتین لە(١٧.٢٠٦) بۆتەوەری سێیەم و(٢٢.٠٠٤) بۆتەوەری چوارەم، وە ئەوڕێژەی (٢٧%) لەسەر بەرزترین ئاست ونزمترین ئاست بۆمەبەستی زانینی بەهێزی بڕگەکانە کەلەو ڕێگەیەوە دەگەینە دوو کۆمەڵەی جیاواز، تەوەری سێیەم بەناوەندە ژمێرەی (٢.٧٣٧) ولادانی پێوەری (٠.١٣٠) هەروەها تەوەری چوارەم بەناوەندە ژمێرەی (٢.٤٧٧) ولادانی پێوەری (٠.١٦٧)، بەڵام هەردوو تەوەر ڕێژەی ئاماژەیان یەکسانە بە(٠.٠٠٠) کەئەم ڕێژەیە کەمترە لەئاستی (٠.٠٥) ئەمەش دەیسەلمێنیت کەلەنێوان بڕگەکانی هەردووتەوەردا جیاوازی هەیە، بڕوانە خشتەی (٥٠).

**خشتەی (٥٠): هێزی پێوەری تەوەرەکان وناوەندە ژمێرە ولادانی پێوەری بۆکۆمەڵەی بەرز وکۆمەڵەی نزم وبەهای تائی وئاماژەی تەوەرەکان**

| ژ. بڕگە | کۆی ٢٧% بەرز علیا | | کۆی ٢٧% نزم دنیا | | Ttest | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرە | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرە | لادانی پێوەری | | |
| تەوەری سێیەم | ٢.٧٣٧ | ٠.١٣٠ | ١.٧٨٤ | ٠.٢٥٦ | ١٧.٢٠٦ | ٠.٠٠٠ |
| تەوەری چوارەم | ٢.٤٧٧ | ٠.١٦٧ | ١.٧٢٩ | ٠.٠٥٥ | ٢٢.٠٠٤ | ٠.٠٠٠ |

**دووەم: شێوازی پەیوەندی نێوان یەک پرسیار بەکۆی پرسیارەکانەوە.**

لەکاتی پێوانەکردندا هەتا پەیوەندی نێوان بڕگەکان زیاتر بێ بەکۆمەڵەکانەوە ئەگەری بەدەستهێنانی پێوانەی زیاتر دەبێت، ئاستی بەهێزی بڕگەکان بەم شێوازە بەهۆی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ژمارەی تاکەکانی سامپڵی توێژینەوە بۆهەموو پرسیارەکان، پەیوەندی لەنێوان ژمارەی گشتی بۆپێوانەکردن دەردەکەوێت، بۆئەنجامە ئامارییەکان توێژەر پشتی بەستووە بە پەیوەندی (پیرسون).

خشتەی (٤) ئاستی پەیوەندی هەر یەک لەبڕگەکان لەگەڵ بەهای گشتیدا دەخاتەڕوو لەپرسیارەکانی تەوەری سێییەمدا کەبۆچوونی بەرتوێژانە بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەکۆی (٢٣) بڕگە تەنها بڕگەی(١٧) ئاماژەدار نیە لەئاستی دیاریکراوی (٠.٠٥) بچوکترە، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە(٢٢) بڕگەکەی تر ئاماژەدارن وهیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نیە.

**خشتەی (٥١): ئاستی پەیوەندی نێوان بەهای بڕگەیەک لەگەڵ بەهای گشتی سەرجەم بڕگەکانی بۆچوونی بەرتوێژان بەرامبەر بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

| ژ. بڕگە | ئاستی پەیوەندی لەگەڵ بەهای گشتی | ئاماژە | ژ. بڕگە | ئاستی پەیوەندی لەگەڵ بەهای گشتی | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠.٥٢٣ | ئاماژەدارە | ١٣ | ٠.٥٢٧ | ئاماژەدارە |
| ٢ | ٠.٦٧٤ | ئاماژەدارە | ١٤ | ٠.٣٨٩ | ئاماژەدارە |
| ٣ | ٠.٦٣٥ | ئاماژەدارە | ١٥ | ٠.٣١٧ | ئاماژەدارە |
| ٤ | ٠.٥٦٥ | ئاماژەدارە | ١٦ | ٠.٣٨٨ | ئاماژەدارە |
| ٥ | ٠.٦٤١ | ئاماژەدارە | ١٧ | ٠.٠٠٣ | ئاماژەدار نیە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | ٠.٦٠٦ | ئاماژەدارە | ١٨ | ٠.٢٨١ | ئاماژەدارە |
| ٧ | ٠.٦٢٦ | ئاماژەدارە | ١٩ | ٠.١٨٧ | ئاماژەدارە |
| ٨ | ٠.٦٦٠ | ئاماژەدارە | ٢٠ | ٠.٢٧٩ | ئاماژەدارە |
| ٩ | ٠.٦٥٢ | ئاماژەدارە | ٢١ | ٠.٠٧١ | ئاماژەدارە |
| ١٠ | ٠.٦٥٧ | ئاماژەدارە | ٢٢ | ٠.١٨٧ | ئاماژەدارە |
| ١١ | ٠.٥٩٩ | ئاماژەدارە | ٢٣ | ٠.٢٣٢ | ئاماژەدارە |
| ١٢ | ٠.٦٣١ | ئاماژەدارە | | | |

ئاستی پەیوەندی هەر یەک لەبڕگەکان لەگەڵ بەهای گشتیدا دەخاتەڕوو لەپرسیارەکانی تەوەری چوارەمدا کەڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکانە لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەکۆی (١٩) بڕگە (٧) بڕگە ئاماژەدار نیە لەئاستی دیاریکراوی (٠.٠٥) بچوکترە، هەروەها (١٢) بڕگەکەی تر ئاماژەدارن و هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نیە چونکە ئاستی پەیوەندیان لەگەڵ بەهای گشتی زیاترە لە(٠.٠٥).، بڕوانە خشتەی (٥٢)

**خشتەی (٥٢): ئاستی پەیوەندی نێوان بەهای بڕگەیەک لەگەڵ بەهای گشتی سەرجەم بڕگەکانی ڕۆڵی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیدا**

| ژ. بڕگە | ئاستی پەیوەندی لەگەڵ بەهای گشتی | ئاماژە | ژ. بڕگە | ئاستی پەیوەندی لەگەڵ بەهای گشتی | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠.٠٠٩ | ئاماژەدار نیە | ١١ | ٠.٢١٤ | ئاماژەدارە |
| ٢ | ٠.٤٤٧ | ئاماژەدارە | ١٢ | ٠.٠٧٦ | ئاماژەدار نیە |
| ٣ | ٠.٥٤٩ | ئاماژەدارە | ١٣ | ٠.١٠٧ | ئاماژەدار نیە |
| ٤ | ٠.٤٦٢ | ئاماژەدارە | ١٤ | ٠.٣٧٥ | ئاماژەدارە |
| ٥ | ٠.٥٥٠ | ئاماژەدارە | ١٥ | ٠.٣٨٤ | ئاماژەدارە |
| ٦ | ٠.٤٩٩ | ئاماژەدارە | ١٦ | ٠.٤١١ | ئاماژەدارە |
| ٧ | ٠.٥٢١ | ئاماژەدارە | ١٧ | ٠.٣٦٨ | ئاماژەدارە |
| ٨ | ٠.٥١٣ | ئاماژەدارە | ١٨ | ٠.٠٨٧ | ئاماژەدار نیە |
| ٩ | ٠.٠٣٠ | ئاماژەدار نیە | ١٩ | ٠.٠٠٢ | ئاماژەدار نیە |
| ١٠ | ٠.٠٠٢ | ئاماژەدار نیە | | | |

**٣- کردە ئامارییە بەکارهاتووەکان**

بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکان وشیکاریکردنی زانیارییەکان وچارەسەرکردنی کێشەکان چەند ئامرازێکی ئاماری بەکارهێنراون پشت بەستراوە بەبەرنامەی ئاماری (SPSS) کەتایبەتە بەدەرهێنانی زانیارییە ئامارییەکان، لەڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە ئەم کارە ئامارییانە ئەنجامدراون:

١- ڕێژەی سەدی: دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆسەرجەم بڕگەکان .

٢- ڕێـژەی تـائی (T.test): بەکاردەهێنرێـت بـۆدوو بگـۆڕی جیـاوازی سـەربەخۆ بۆدەرهێنـانی کـردە ئامارییەکانی پەیوەندی بڕگەکان وهەروەها دیاری کردنی بڕگە ئاماژەدار وبێئاماژەکان وبۆ دیاریکردنی بەرزترین ونزمترین کۆمەڵە.

٣- کـردەی (ANOVA): بەکاردەهێنرێـت بۆسـێ بگـۆڕ وزیـاتر بەمەبەسـتی دۆزیـنەوەی بەهـای (F) ئەنجامدانی کردە ئامارییەکان.

٤- بەکارهێنانی پەیوەندی پیرسون: بۆزانینی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو کەبریتیە لەپەیوەندی گشت بڕگەکان لەگەڵ یەک بەیەکی بڕگەکان .

٥- بەکارهێنانی کردەی (ألفا کرونباخ): بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوانەی بڕگەکان بەکارهێنراوە.

٦- ناوەندی ژمێرە: بەکاردەهێنرێت بۆدیاریکردنی ناوەندی ژمارەکان بۆگۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون، باری کۆمەڵایەتی).

٧- کـردەی ئامـاری (LSD): بۆمەبەسـتی خسـتنەڕووی جیـاوازی ئامـاژەی هەریەک لەبڕگە ئاماژەدارەکـان لەگەڵ کۆی گشتی بڕگەکان.

٨- ڕێژەی تائی (T.test): بۆدۆزینەوەی ناوەندی گریمانەی هەردوو تەوەری (سێیەم وچوارەم) پێوانەکردنی بۆچونی بەرتوێژان وڕۆڵی بەرنامە تەندروستیەکان.

٩- بەکارهێنانی پێوانەی لیکارد: بۆسێ بژاردەیی(١ - ١.٦٦هاوڕانیم)، (١.٦٧ـ ٢.٣٣ دڵنیانیم)، (٢.٣٤- ٣ هاوڕام ).

## ٤- شیکاریکردنی بڕگەکانی پێوانە

پێکدێت لە شیکاری کردنی هەردوو تەوەری (سێیەم و چوارەم)ی فۆرمی ڕاپرسی بەرتوێژان

**یەکەم: بۆچونی بەرتوێژان بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان**

لەم تەوەرەدا کۆمەڵێك ئەنجـامی گشـتی دەربـارەی بۆچـونی بەرتـوێژان لەبەرامـبەر بەرنـامە تەندروسـتیە تەلەفزیۆنیەکان کە لەچوارچێوەی (٢٣) بڕگەدا بۆچونی بەرتوێژان وەرگیراوە.

توێژەر هەریەکێك لەبڕگەکـانی ڕوونکردوەتەوە وداتاکـانی خستوەتەڕووهەروەها ڕێژەی سـەدی وناوەنـدە ژمێـرە وریزبەنـدی هەریەکێـك لەبڕگەکـانی شیکارکردووە، تـوێژەر ئەنجامەکـانی لەسـەر چـوار بنەمـای سەرەکی دابەشکردووە ئەوانیش:

١- بۆچوونی بەرتوێژان دەربارەی گرنگی بەرنامە تەندروستیەکان تەلەفزیۆنیەکان

٢- بۆچونی بەرتوێژان دەربارەی ئەرکی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان.

٣- بۆچونی بەرتوێژان لەبارەی ڕۆڵ وکاریگەرییەکانی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان.

٤- بۆچونی بەرتوێژان لەبارەی هۆکارەکانی پەخشکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان.

بڕگەکان دابەشکراوە بەسەر دووجۆری سەرەکیدا ئەوانیش:

بـڕگە ئەرێنیەکـان: ئەوبڕگـانەن کە دەربـارەی بۆچـونی بەرتـوێژانە بەرامـبەر بەبەرنـامە تەندروسـتیەکان بەشێوەیەکی ئەرێنی.

بڕگە نەرێنیەکان: ئەوبڕگانەن کە بۆچونی بەرتوێژان دەردەخات بەرامبەر بەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەشێوەیەکی نەرێنی.
لەم تەوەرەدا توێژەر کاری بەیاسای لیکارد کردووە بۆسێ بژاردەیی پێوانەکانی بەم جۆرەیە:
(١ – ١.٦٦ ) هاوڕانیم
(١.٦٧- ٢.٣٣) دڵنیا نیم
(٢.٣٤ – ٣) هاوڕام

**یەکەم: بەرنامە تەندروستیەکان هاندەربوون لەفراوانبونی ئاستی هۆشیاری تەندروستی لەلام**

ڕێژەی (٨٨.٨%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان هەندەربوون لەفراوانبوونی ئاستی هۆشیاری تەندروستی لەلایان، (٨.٢%) دڵنیا نین لەوەی کەبەرنامە تەندروسیەکان هاندەر بوون یان نا، (٣%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر لەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان هاندەربوون فراوانبونی هۆشیاری تەندروستی لەلایان، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٨٦) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان هاندەربوون بۆفراوانبوونی ئاستی هۆشیاریان.

بەهۆی ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان لەئێستادا لەزۆرینەی کەناڵە ئاسمانی وناوخۆییەکان پەخشدەکرت وبەردەوام زانیاری دەگوێزێتەوە، بەردەوام وەرگران ئاراستەی ڕەفتاری دروستی تەندروستی دەکات ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەرنامەکان ببنە هاندەرێکی باشی وەرگرانیان لەفراوانبوونی ئاستی هۆشیاری تەندرویتیدا

**دووەم: بەرنامە تەندروستیەکان یارمەتیدەربوون بەپابەند بونم بەبنەما تەندروستیەکانەوە.**

ڕێژەی (٧٩.٨%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان یارمەتیدەربوون بەپابەندبوونیان بەبنەما تەندروستیەکانەوە، (١٧.٨%) دڵنیا نین لەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان یارمەتیدەر بوون یان نا، (٢.٤%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر لەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان یارمەتیدەربوون لەپابەندبون بەبنەما تەندروستیەکانەوە، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٧٧) ئاستی بڕگە کەبەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان یارمەتیدەربوون لەپابەندبونیان بەبەرنامە تەندروستیەکانەوە.

دووبارە وچەندبارەکردنەوەی بەردەوامی بنەما تەندروستیەکان لەڕێگەی بەرنامە تایبەتە تەندروستیەکانەوە هۆکارێکە بۆچاندنی بنەما تەندروستیەکان لەناخی وەرگراندا.

**سێیەم: بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەشدارن لەزیادبونی هەستی بەرپرسیارێتی سەلامەتی تەندروستی لای هاوڵاتیان.**

ڕێژەی (٨٠.١%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەشدارن لەزیادبوونی هەستی بەرپرسیارێتی سەلامەتی تەندروستی لای هاوڵاتیان، (١٥.٧%) دڵنیا نین لەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان بەشدارن لەزیادبونی هەستی بەرپرسیارێتی یان نا، (٤.٢%)ی بەرتوێژان

هـاوڕانین لەسـەر لەوەی کەبەرنـامە تەندروسـتیەکان بەشـداربوون لەزیـادبوونی هەسـتی بەرپرسـیارێتی سـەلامەتی لای هاوڵاتیـان، بەناوەنـدە ژمێرەیـی (٢.٧٦) ئاسـتی بـڕگەکە بەپێـی پێـوانەی لیکـارد ڕووە و(هــاوڕام)ە، ئەمەش دەیســەلمێنێت کە بەرتــوێژان هــاوڕان لەســەر ئەوەی کە بەرنــامە تەندروســتیە تەلەفزیۆنیەکان بەشدارن لەزیادبوونی هەستی بەرپرسیارێتی تەندروستی لای هاوڵاتیان.

**چـوارەم: پـاش تەماشـاکردنی بەرنـامە تەندروسـتەیەکان، هەنـدێک جـار خـۆم وەک ڕێنماییکـاری تەندروستی دەبینم لەناودەوروبەرەکەمدا.**

ڕێژەی (٧٨.٩%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پاش تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیەکان خۆیـان وەك ڕێنماییکـاری تەندروسـتی دەبیـنن لەناودەوروبەرکەیانـدا، (١٧.٥%) دڵنیـا نـین لەوەی کەپـاش تەماشـاکردنی بەرنـامە تەندروسـتیەکان خۆیـان وەك ڕێنماییکـار دەبیـنن یـان نـا، (٣.٦%)ی بەرتـوێژان هـاوڕانین لەسـەر لەوەی لەپـاش تەماشـاکردنی بەرنـامە تەندروسـتیەکان خۆیـان وەك ڕێنماییکـار ببـنن، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٧٥) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان پاش تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان خۆیان وەك ڕێنماییکاری تەندروستی دەبینن لەناودەوروبەرەکەیاندا.

تەماشـاکردنی بەرنـامە تەندروسـتیەکان بەئامـانجی وەرگرتنـی زانیـاری وا لەوەرگـر دەکـات بەردەوام هەوڵبدات ئەوزانیارییانەی کە وەریگرتووە بیگوێزێتەوە بۆکەسانی دەوروبەری خۆی وەك ڕێنماییکارێکی شارەزا بێتە بەرچاوبەردەوام زانیاری ببەخشێتە کەسانی دیکە.

**پێنجەم: بەرنامە تەندروستیەکان یارمەتیدەر لەبڵاوکردنەوەی زانیاری تەندروستی پێویست بۆبینەران.**

ڕێژەی (٨٠.٧%) بەرتوێژان هاوڕان لەسـەر ئەوەی کە بەنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکـان یارمەتیدەرن لەبڵاوکـردنەوەی زانیـاری تەندروسـتی پێویسـت بـۆبینەران، (١٥.٤%) دڵنیـا نـین لەوەی کەکە بەرنـامە تەندروسـتیەکان یارمەتیـدەرن لەبڵاوکـردنەوەی زانیـاری تەندروسـتی یـان نـا، (٣.٩%)ی بەرتـوێژان هـاوڕانین لەسـە ئەوەی کە بەرنـامە تەندروستیەکان یەرمەتیـدەربوون لەبڵاوکـردنەوەی زانیـاری پێویسـت، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٧٧) ئاستی بڕگە کەبەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان پاش تەماشاکردنی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان خۆیان وەك ڕێنماییکاری تەندروستی دەبینن لەناودەوروبەرەکەیاندا.

لەگرنگتـرین ئەرکەکـانی بەرنـامە تەندروسـتیەکان بڵاوکـردنەوەی زانیـاری پێویسـتە بـۆوەرگرانی، بـۆیە پێویســتە ئامادەکــاران وپێشکەشــکارانی بەرنامەکــان بەردەوام کــار بــکەن بــۆبڵاوکردنەوە ویارمەتیــدانی وەرگران لەبارەی زانیاری پێویست وگرنگ خستنەڕووی نوێترین زانیارییەکان.

**شەشـەم: زۆرینـەی بەرنـامە تەندروسـتیەکان کـار لەسـەر هۆشیارکردنەوەی بینـەران دەکەن لەڕووی تەندروستیەوە.**

ڕێژەی (٧٥.٢%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەزۆرینەی بەنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکـان کـار لەسەر هۆشیارکردنەوەی بینەران دەکەن لەڕووی تەندروستیەوە، (٢١.١%) دڵنیا نین لەوەی کەبەرنـامە تەندروسـتیەکان کـار لەسـەر هۆشـیارکردنەوەی بینـەران دەکەن یـان نـا، (٣.٦%)ی بەرتـوێژان هـاوڕانین

لەسە ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیەکان کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی بینەران دەکەن، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٧٢) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە زۆرینەی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی بینەران دەکەن لەڕووی تەندروستیەوە.

**حەوتەم: بابەتە تەندروستیەکان بەشێوەیەکی زانستی دەخرێتە ڕووبۆوەرگران سەبارەت بەهۆشیاری تەندروستی.**

ڕێژەی (٧٥.٢%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بابەتە تەندروستیەکان بەشێوەیەکی زانستی دەخرێتەڕووبۆ وەرگران سەبارەت بەهۆشیاری تەندروستی، (١٧.٨%) دڵنیا نین لەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان بابەتەکانیان بەشێوەی زانستی دەخەنە ڕوو یان نا، (٦.٩%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ئەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان بابەتەکانیان بەشێوەی زانستی بخەنەڕوو، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٦٨) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر خستنەڕووی زانستیانەی بابەتە تەندروستیەکان بۆوەرگران.

بابەتەکانی ناوبەرنامە تەندروستیەکان پێویستە بەشێوەیەکی زانستیانە بۆوەرگران بخرێتە ڕووبەتایبەت لەبارەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیەوە، چونکە وەرگران پشت دەبەستن بەزانیارییەکانی ناوبەرنامەکان ووەك سەرچاوەیەکی سەرەکی زانیارییەکانی سودی لێوەردەگرن.

**هەشتەم: بەرنامە تەندروستیەکان بەشدارن لەکەمکردنەوەی پەستانی دەرونی لای وەرگران لەڕووی تەندروستیەوە.**

ڕێژەی (٧٥.٢%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیەکان بەشدارن لەکەمکردنەوەی پەستانی دەروونی لای وەرگران لەڕووی تەندروستیەوە، (٢٠.٢%) دڵنیا نین لەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان بەشدارن لەکەمکردنەوەی پەستانی دەروونی لای وەرگران یان نا، (٤.٥%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ئەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان بەشداربوون لەکەمکردنەوەی پەستانی دەروونی، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٧١) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەشدارن لەکەمکردنەوەی پەستانی دەروونی لای وەرگران لەڕووی تەندروستیەوە.

ئەرکی بەرنامە تەندروستیەکان هێورکردنەوەی وەرگرانە لەبارەی ئەوپەستان ودڵەڕاوکێیانەی هەیانە لەبارەی نەخۆشیە جۆراوجۆرەکانەوە ئاساییکردنەوەی باری دەرونیانە لەپێناودروستنەبوونی پشێوی تەندروستی لەناوکۆمەڵگەدا.

**نۆیەم: بەرنامە تەندروستیەکان بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەبینم بۆزیادکرنی هۆشیاری تەندروستیم**

ڕێژەی (٧٨.٥%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیەکان بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەبینن بۆزیادکردنی هۆشیاری تەندروستیان، (١٦.٣%) دڵنیا نین لەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەبینم بۆزیادکردنی هۆشیاری تەندروستی یان نا، (٥.١%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ئەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەبینن لەزیادکردنی هۆشیاری

تەندروستیدا، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٧٣) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەبینن بۆزیادکردنی هۆشیاری تەندروستی.

پێویستە بەرنامە تەندروستیەکان سەرچاوەیەکی گرنگبن بۆزیادکردنە هۆشیاری تەندروستی وەرگران ولەبەر ئەوەی بەشێك لەوەرگران کەسانێکن ئاستی خوێندەوارییان جیاوازە وهەروەها جیاوازن لەڕووی ڕۆشنبیری وهۆشیارییەوە وبەرنامە تەندروستیەکان وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی وبنەڕەتی بەکاردەهێنن بۆوەرگرتنی زانیارییەکان لەلای هەندێك لەوەرگران بەتاکە سەرچاوە دادەنرێت.

**دەیەم: بەرنامە تەندروستیەکان بەرێگایەک بۆخستنە ڕووی چارەسەرە تەندروستیەکان دەناسرێن.**

ڕێژەی (٧٥.٢%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیەکان بەرێگایەك بۆخستنەڕووی چارەسەرە تەندروستیەکان دەناسرێت، (٢٠.٨%) دڵنیا نین لەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان بەرێگایەك بۆخستنەڕووی چارەسەرە تەندروستیەکان دەناسرێت یان نا، (٣.٩%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ئەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان بەرێگایەك بۆخستنەڕووی تەندروستیەکان دەناسریت، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٧١) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەبینن بۆزیادکردنی هۆشیاری تەندروستی.

**یانزەیەم: بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان هاندەرن بۆجێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان**

ڕێژەی (٧٩.٢%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیەکان هاندرن بۆجێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان لای هاوڵاتیان، (١٣.٩%) دڵنیا نین لەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان هاندەرن یان نا، (٦٩%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ئەوەی کەبەرنامە تەندروستیەکان هاندەرن بۆجێبەجێکردنی ڕێنماییە تەنروستیەکان، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٧٢) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان هاندەرن بۆجێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان لای هاولاتیان.

پێویستە بەرنامە تەندروستیەکان بەردەوام کار بکەن بۆهاندانی وەرگران بۆجێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان کە ئەمە ئەرکێکی سەرەکی بەرنامە تەندروستیەکانە، هۆکارێکە بۆچاندنی ڕەفتاری تەندروستی لای وەرگران.

**دوانزەیەم: ئاستی زانیاری پێشکەشکارانی بەرنامە تەندروستیەکان لەئاستێکی بەرزدایە لەڕووی تەندروستیەوە.**

ڕێژەی (٧٢.٥%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئاستی پێشکەشکارانی بەرنامە ندروستیەکان لەئاستێکی بەرزدایە، (١٩.٣%) دڵنیا نین لەوەی ئاستی پێشکەشکارانی بەرنامە تەندروستیەکان لەچ ئاستێکدایە، (٨.٢%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ئەوەی کە ئاستی پێشکەشکاران لەئاستێکی بەرزدا بێت، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٦٤) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش

دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پێشکەشکارانی بەرنامەی تەندروستی لەئاستێکی بەرزی تەندروستیدان.
یەکێك لەمەرجەکانی پێشکەشکاری سەرکەوتووی بەرنامە تەندروستیەکان ئەوەیە کە پێویستە پێشکەشکارانی ئەوبەرنامانە یان (تایبەتمەند – ڕاگەیاندنکار ) بن یان (ڕاگەیاندنکار – تایبەتمەند)بن، دەبێت پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن بن و لەبواری تەندروستیدا شارەزا بن وخوێندبێتیان یان بەپێچەوانەوە کە پسپۆڕی تەندروستی بێت وشارەزای بواری ڕاگەیاندن بێت، ئەوەی لەئێستادا دەبینرێت زیاتر (تایبەتمەندی - ڕاگەیاندنکار)ە واتا پزیشکە وخولێکی تایبەتی ڕاگەیاندنی خوێندوە وکاری پێشکەشکاری دەکات .

**سیانزەیەم: بەرنامە تەندروستیەکان ئاشنایان کردم بەپسپۆڕانی پزیشکی نوێ لەڕووی زانیاری پزیشکیەوە.**

ڕێژەی (٨٠.٤%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیەکان ئاشنایانکردوون بەپسپۆڕانی پزیشکی نوێ، (١٤.٨%) دڵنیا نین لەوەی کە لەڕێگەی بەرنامە تەندروستیەکانەوە بەپسپۆڕی پزیشکی نوێیان ئاشنابوبن، (٤.٨%)ی بەرتوێژان هاوڕانین کە بەرنامە تەندروستیەکان پسپۆڕی پزیشکی نوێیان بەوەرگران ناساندبێت، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٧٦) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان هۆکارێك بوون بۆناسینی پسپۆڕی تەندروستی نوێ لەڕووی زانیاری پزیشکیەوە.
کاری ڕاگەیاندن ناشاندنی کەسانی بەتوانا وخاوەن بەهرەکانە بەکۆمەڵگە وەهەروەها ئەرکی بەرنامە تەندروستیەکانە کە کار بکات بۆناساندنی پزیشك وپسپۆڕی شارەزا وبەتوانا بەوەرگران وبەرنامەی تایبەتیان بۆتەرخان بکات و هەوڵبدات لەڕێگەی زانیارییە نوێکانی کەسانی پسپۆڕەوە وەرگران سودمەندببن.

**چواردەیەم: بەرنامە تەندروستیە پێشکەشکراوەکان بەسادەیی وڕوکەشانە دەخرێتە ڕوو.**

ڕێژەی (٥٩.٥%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیەکان بەسادەییی وڕووکەشانە دەخریتە ڕوو، (١٨.٧%) دڵنیا نین لەڕووکەشی بەرنامە تەندروستیەکان، (٢١.٨%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ئەوەی کەبەرنامە تەندروستیە پێشکەشکراوەکان سادە وڕووکەش بن، بەناوەندە ژمێرەیی (١.٦٢) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕانیم)ە، زیاتر لەنیوە بەرتوێژان پێیان وایە زانیارییەکانی ناوبەرنامە تەندروستیەکان بەسادەیی وڕووکەشانە دەخرینە ڕوو.

**پانزەیەم: بەشێک لەبەرنامە تەندروستیەکان هێندەی کار لەسەر بەبازاڕکردنی کارمەندی تەندروستی دەکەن کار لەسەر هۆشیاری تەندروستی هاوڵاتی ناکەن.**

ڕێژەی (٥٧.١%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەبەشێک لەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان کار لەسەر بەبازاڕکردنی کارمەند وپزیشکانی تەندروستی دەکەن، (٣١.٤%) دڵنیا نین لەبارەی ئەوبابەتەوە، (١١.٥%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ئەوەی کەئەرکی بەرنامە تەندروستیەکان گۆڕابێت بۆبەبازاڕکردنی پزیشک وکارمەندانی تەندروستی، بەناوەندە ژمێرەیی (١.٥٤) ئاستی بڕگەکە بەپێی

پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕانیم)ە، بەڕای نیوەی بەرتوێژان بەشێك لەبەرنامە تەندروستیەکان کار بۆبەبازاڕکردنی پزیشك وکارمەندی تەندروستی دەکەن.

**شانزەیەم: بەکارهێنانی زمان وزاراوەی قورس لەگفتوگۆی بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکاندا بینەر ناتوانێت سوودمەند بێت لەزانیاریەکان.**

ڕێژەی (٥٦.٢%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر قورسی زمانی بەکارهاتوو لەبەرنامە تەندروستیەکاندا، (٣٢.٩%) دڵنیا نین لەبارەی ئەوبابەتەوە، (١٠.٩%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر قورسی زمانی بەکارهاتوولەناوبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکاندا، بەناوەندە ژمێرەیی (١.٥٥) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕانیم)ە، واتە وەرگرانی بەرنامە تەندروستیەکان بەڕێژەیەکی زۆر هاوڕان لەسەر ئەوەی کەبەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان زمانێکی قورس بەکار دێنن لەکاتی بڵاوکردنەوە وپەخشکردنی زانیارییەکانی ناوبڕگەکان.

**حەڤدەیەم: لەڕێگەی بەرنامە تەندروستیەکانەوە توانای پزیشکی وچارەسەرە پزیشکیەکان لەهەرێمی کوردستاندا بۆهاوڵاتیان دەردەکەوێت.**

ڕێژەی (٦٤.٤%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لەڕێگای بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکانەوە توانای پزیشکی وچارەسەرە پزیشکیەکان لەهەرێمی کوردستان دەردەکەوێت، (٢٦.٣%) دڵنیا نین لەبارەی ئەوبابەتەوە، (٩.٤%)ی بەرتوێژان هاوڕانین ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیەکان هۆکارێك بوبن بۆدەرخستنی توانای زانستی پزیشکی وچارەسەرکرد ن لەهەرێمی کوردستان، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٥٥) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕام)ە، واتە وەرگرانی بەرنامە تەندروستیەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیەکان هۆکارێك بوون بۆدەرخستنی توانای پزیشکی وچارەسەرە پزیشکیە ناوخۆسییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەرکی ڕاگەیاندنە بەردەوام هەوڵبدات گرنگی بەداهێنانی تەندروستی ناوخۆیی بدات لەپێناوبەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی تاکەکانی کۆمەڵگە بەتوانی پزیکی ناوخۆیی. زانیارییەکانی ناوبڕگەکان.

**هەژدەیەم: لەبەرنامە تەندروستیەکاندا سەرچاوەی زانیاریەکان دیار وڕوون نیە بەجۆرێك ئەگەر بەداواداچونی بۆبکەیت ئەنجامێکت دەست ناکەوێت.**

ڕێژەی (٦١%) بەرتوێژان هاوڕان لەیارەی ئەوەی کە بەرنامە تەندروستیەکان سەرچاوەی زانیارییەکانیان ڕوون نیە، (٢٩%) دڵنیا نین لەبارەی ئەوبابەتەوە، (١٠%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەبارەی سەرچاوەی زانیارییەکانی ناوبەرنامە تەندروستیەکان، بەناوەندە ژمێرەیی (١.٤٩) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕانیم)ە، بەڕای زۆرێك لەبەرتوێژان بەرنامە تەندروستیەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانی ناوبەرنامە تەندروستیەکان ڕوون وئاشکرابێت.

زۆرینەی کات بەرنامە تەندروستیەکان ئاماژە بەتوێژینەوەی دەرەوەی وڵات دەکەن بەڵام ئاماژە بەسەرچاوەکە نادەن وهەندێك کات زانیاری پێچەوانە دەدەن لەبارەی هەندێك لەنەخۆشیەکان وباشی وخراپیەکانی خواردنە جۆراوجۆرەکان بۆنەخۆشیەکان، ئەمەش دودڵی لای وەرگران دروستکردووە کە ناتوانن بڕیار بدەن لەسەر ڕاستی ودروستی زانیارییەکان، هەربۆیە وەرگران بەدوای زانیارییەکاندا دەچن

بەمەبەستی ڕاستاندنیان بەڵام هەندێك كات ئەوزانیاریانە بنەمایەكی زانستیان نیە وزانیاری هەڕەمەكی ونەسەلمێنراون

**نۆزدەیەم: بەرنامە تەندروستیەكان لەئەنجامی پێویستی هاوڵاتیان بۆهۆشیاری تەندروستی دروست نەبوون.**

ڕێژەی (٥٧.٧%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی كە بەرنامە تەندروستیەكان لەئەنجامی پێویستی هاوڵاتیانەوە دروست نەبوون، (٢٧.٥%) دڵنیا نین لەبارەی ئەوبابەتەوە، (١٤.٨%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر ئەوەی كە بەرنامەكان لەئەنجامی پێویستیەوە دروست نەبوون، بەناوەندە ژمێرەیی (١.٥٧) ئاستی بڕگەكە بەپێی پێوانەی لیكارد ڕووە و(هاوڕانیم)ە، نیوەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی كەبەرنامە تەندروستیە لەئەنجامی پێویستی هاوڵاتیانەوە دروست نەبوبێتن.

هەندێك كات بەرنامە تایبەتمەندەكان لەئەنجامی پێویستی وەرگرانەوە پەخشن ناكرێن بەڵكوتەنها بۆمەبەستی هەمەڕەنگ بوونی بەرنامەكانی ناوتەلەفزیۆنەكانە، بەتایبەت بەرنامە تەندروستیەكان ئەوبەرنامانەن كە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن بۆمەبەستی هەمەڕەنگی ئامادەوپێشكەشی دەكەن، هێندەی گرنگی بەهەبوونی بەرنامەیەكی تەندروستی دەدەن بۆكەناڵەكەیان هێندە گرنگی بەڕاوبۆچونی وەرگر نادەن دەربارەی بەرنامەكە، هەندێك كاتیش تەواوپێچەوانەیە وكەناڵەكان تەنها بۆمەبەستی ڕێنمایی وهۆشیاركردنەوەی وەرگران بەرنامەی تەندروستی پەخشدەكەن وەك ئەوەی بینیمان لەكاتی بڵاوبونەوەی (كۆرۆنا ڤایرۆس) كە زۆرینەی كەناڵە كوردییەكان بەرنامەی تایبەتیان بۆمەبەستی هۆشیاركردنەوەی وەرگران پێشكەش دەكرد.

**بیستەم: بەرنامە تەندروستیەكان بەهۆی زۆری دوبارەبونەوەیان كاریگەرییان كەمتر دەبێت لەڕووی هۆشیاركردنەوەی هاوڵاتیانەوە.**

ڕێژەی (٦٨%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر زۆری دووبارەبونەوەی زانیارییە تەندروستیەكان لەناوبەرنامەكاندا، (٢٠.٢%) دڵنیا نین، (١١.٨%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر زۆری دووبارەی زانیارییەكان، بەناوەندە ژمێرەیی (١.٤٤) ئاستی بڕگەكە بەپێی پێوانەی لیكارد ڕووە و(هاوڕانیم)ە، بەكۆی گشتی بەرنامە تەندروستیەكان بەهۆی زۆری دووبارەی زانیاریەكانی ناوبەرنامەكان كەریگەرییان كەمتردەبێت لەڕووی هۆشیاری هاوڵاتیانەوە لەبەر ئەوەی زانیارییەكان دەبنە زانیاری كۆن ودووبارە، وەرگرانی بەرنامەكان بەردەوام بەدوای زانیاری نوێدا دەگەڕێن ومەبەستیانە ئەوزانیاریانەی كە پەخشدەكریت پێشتر نەیان بیستبێت ونوێبێت لەلایان.

**بیست ویەكەم: بەرنامە تەندروستیەكان جەخت لەسەر گەشەپێدانی توانا تەندروستیەكان دەكات**

ڕێژەی (٦٦.٢%) بەرتوێژان هاوڕان لەسەر جەختكردنەوەی بەرنامە تەندروستیەكان لەسەر گەشەپێدانی توانا تەندروستیەكانی هاوڵاتیان، (٢٣.٣%) دڵنیا نین لەوبارەیەوە، (١٠.٦%)ی بەرتوێژان هاوڕانین لەسەر جەختكردنەوەی بەرنامە تەندروستیەكان لەیەر گەشەپێدانی توانای تەندروستی هاوڵاتیان، بەناوەندە ژمێرەیی (٢.٥٦) ئاستی بڕگەكە بەپێی پێوانەی لیكارد ڕووە و(هاوڕام)ە، بەرنامە تەندروستیەكان جەخت

لەسـەر گەشـەپێدانی توانـا تەندروسـتیەکان دەکـاتەوە لەلای هاوڵاتیـان کە ئەمە گرنگیـدانی بەرنـامە تەندروستیەکانە بەکرداری هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بەشێوەیەکی بەردەوام.

**بیسـت ودووەم: لەبەرنـامە تەندروسـتیەکاندا گرنگـی بەسـەرجەم توێژەکـانی کـۆمەڵگە نادرێـت لەڕووهۆشیاری تەندروستیەوە.**

ڕێـژەی (٦٨.٦%) بەرتـوێژان هـاوڕان لەسـەر ئەوەی کە بەرنـامە تەندروسـتیەکان گرنگـی بەسـەرجەم توێژەکـانی نـاوکۆمەڵگە نـادات، (٢١.٨%) دڵنیـا نـین لەڕادەی گرنگیـدانی بەرنـامە تەندروسـتیەکان بەسەرجەم توێژەکان، (٩.٧%)ی بەرتوێژان هاوڕانین گرنگی نەدانی بەرنامە تەندروستیەکان بەسەرجەم توێژەکـانی نـاوکۆمەڵگە، بەناوەنـدە ژمێرەیـی (١.٤١) ئاسـتی بـڕگەکە بەپێـی پێـوانەی لیکـارد ڕووە و(هـاوڕانیم)ە، زۆریـنەی بەرتـوێژان هـاوڕان لەسـەر ئەوەی کە بەرنـامە تەندروسـتیە تەلەفزیۆنیەکـان گرنگیان بەسەرجەم توێژەکان نەداوە لەڕووی هۆشیاری تەندروستیەوە.

**بیست وسێیەم: بەرنامە تەندروستیە تەلەفزیۆنیەکان نەیان توانیوە گەشە بەهۆشیاری تەندروستی بدەن لای هاوڵاتیان.**

ڕێـژەی (٦٤.٤%) بەرتـوێژان هـاوڕان لەسـەر ئەوەی کە بەرنـامە تەندروسـتیەکان نەیـان توانیـوە گەشـە بەهۆشیاری تەندروستی هاوڵاتیان بدەن، (١٩.٣%) دڵنیا نین، (١٦.٣%)ی بەرتـوێژان هـاوڕانین لەسـەر ئەوەی کە بەرنامەکـان توانیبێتیـان گەشـە بەهۆشـیاری تەندروسـتی هاوڵاتیـان بـدەن، بەناوەنـدە ژمێرەیـی (١.٥٢) ئاستی بڕگەکە بەپێی پێوانەی لیکارد ڕووە و(هاوڕانیم)ە، واتە وەرگرانـی بەرنـامە تەندروستیەکان بەشـێکی زۆریـان هـاوڕان لەسـەر ئەوەی کەبەرنـامە تەندروسـتیە تەلەفزیۆنیەکـان نەیـان توانیـوە گەشـە بەهۆشیاری تەندروستی بدەن لای هاوڵاتیان.

**سـەرجەم بڕگەکـانی بۆچـوونی بەرتـوێژان بەرامـبەر بەبەرنـامە تەندروسـتیە تەلەفزیۆنیەکـان ئەنجامە ئامارییەکانیان بەم جۆرەیە :**

بەهای (T) = ٢١.٢٦٥

ناوەندی خشتەیی =٥٢.٨٣

ناوەندی گریمانەیی = ٤٦

ناوەندە ژمێرەیی = ٢.٢٩ (دڵنیانیم)

نمرەی ئازادی = ٣٣٠

ئاسـتی ئامـاژە (٠.٠٠٠ )کە لەئاسـتی ئامـاژەداری سـتاندارد کەمتـرە کە(٠.٠٥) مانـای وایە جیـاوازی هەیە لەنێوان بڕگەکاندا.

لەکۆی سـەرجەم (٢٣) بـڕگەی بۆچـونی بەرتـوێژان ناوەنـدە ژمێرەیـی (٢.٢٩) واتـا (دڵنیـا نـیم)، کە لەئەنجامی دابەشکردنی ناوەندی خشەی بەسەر ژمارەی بڕگەکاندا. بڕوانە خشتەی (٥٣).

